# بابەت: ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون

**الصحافة الاستقصائية**

**Investigative journalism**

**روزنامەنگاری تحقیقی یا گزارشگری تحقیقی**

**Журнали́стскиерасследо́вания**

## قۆناغی سێ:(هەردووک لک)

**مامۆستای وانە**

**د. مەغدید سەپان**

**بەشی ڕاگەیاندن**

**کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین**

**ساڵی خوێندن ٢٠١٥ – ٢٠١٦**



ڕاگەیاندنی بەدواداچوون

**قوتابی خۆشەوسیت!**

ئەم کتێبەی بەردەستت، سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ بابەتی بەدواداچوون بۆ قۆناغی سێ (هەردووک لک: ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن)... بۆئەوەی زانیاری تێر و پێویست لەسەر ئەمجۆرە ڕۆژنامەگەرییە بەدەست بێنی، بە پێویستم زانی باس لە مێژووی سەرهەڵدانی بکەم، هەروەها دوو کەیسی زۆر گەورەش وەک: (وۆتەر گەیت و فەزیحەی پەنەما (Watergate and Panama Paper) لەناو بابەتەکان بەدرێژی باس بکەم.

جگە نووسین لەو دووبابەتە گەورە، کە خۆم نووسیومن، بەشێکی زۆری تایبەتیش بە لایەنی مێژوویی لە کتێبە ڕووسییەکەم بەناوی: Расследовательская журналистика - رەسسلێدۆڤاتەلسکایە ژورنالیستیکە – ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون، هەروەها ناوەڕۆکی بابەتەکە لە کتێبی سویدیم بەناوی: Grävande journalistik– گریڤاندی شونالستیک – ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون وەرگرتووە. کەمێکیش لە کتێبی: Massmedier بە زمانی سویدی وەرگیراوە.

کتێبی یەکەم لەلایەن پرۆفیسۆری روسی: Александр Алексеевич Тертычныйئەلێکسەندەر ئەلێکسێیڤیچ تێرتیچنی، هەروەها کتێبی دووەم لەلایەن ڕۆژنامەنووسی جیهانی Nils Hanson نیلس هانسۆنی سویدییەوە نووسرایە.

بۆ وانەکانی ئەمساڵی خوێندن ٢٠١٥ – ٢٠١٦ من زیاتر سوودم لە کتێبی دووەم وەرگرت، چونکە بینیم زۆر بەجوانی و بە وردی نووسراوە و سوودی زیاتری بۆ کاری عەمەلی قوتابییان هەیە.

من نووسینەکانم لە هەردووک زمان: روسی و سویدی بەو شێوەیە وەرگێڕایە، کە بۆ قوتابییانمان باش بێت، بۆیە من وەرگێرانی سەدی سەدم نەکردووە. ئەو خاڵانەی پێم پێویست نەبووە یان زیادەبووە، بەسەریمدا پازدایە، نەک لەبەر ئەوەی نووسەران شتی خراپییان نووسیوە، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەی وردەکارییەکان یان باسکردن لە هەندێک کەیس بۆ ئێوەی خۆشەویست پێویست ناکات و زیادەیە...

زۆرم پێخۆشە، ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم کتێبێک لەسەر بابەتی بەدواداچوون بنووسم یان کتێبی دووەم بۆسەر زمانی کوردی وەربگێرم، بەڵام جارێ بەداخەوە ئەو کاتەم نییە.

لە کۆتایی زۆر لە کۆپلەکان، ژمارەی لاپەڕە هەیە، ئێوە پێویست ناکا بیزانن و ئەم ژمارانە پەیوەندییان بەخۆمەوە هەیە.

ئەم کتێبەم مەلزەمە نییە و بۆ بڵاوکردنەوەش لەناو بازاڕدا نییە و بەو ئامانجەش نەنووسرایە، بۆیە لەوانەیە هەڵەی ئیملا جار بەجار بەرچاو بکەوێ، کەمن نەمبینیوە.

لە ڕۆژنامەگەری کوردی ئەم لکەی ڕۆژنامەگەری جارێ نییە یان زۆر لاوازە، بۆیەش نموونەی کوردی باسنەکراون.

تکایە بە وردی بیخوێنەوە و ئەگەر تێبینت هەبوو، لە ڕێگەی فەیسبووک یان تەلەفۆن پەیوەندیم پێوە بکەن.

**ڕێزم بۆتان هەیە و هیوای سەرکەوتنتان لە تاقیکردنەوەکان بۆ دەخوازم**

***پ.ی.د. مەغدید سەپان***

***مامۆستای وانە***

**هەولێر ١٣ی نیسانی ٢٠١٦**

**تێبینی**:دێنمەوە بیرتان بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، جگە لەم بەرهەمەی بەردەست کتێبی: لە پێناو ڕاستیدا، کە ڕێبەری (ئەریج) بۆ ڕۆژنامەگەری بەدواداچوون لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوە دەبێ بخوێنن.





# ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون

# الصحافة الاستقصائية

# Investigative journalism

# روزنامەنگاری تحقیقی یا گزارشگری تحقیقی

# Журнали́стскиерассле́дования

وانەی یەکەم خۆناسین بوو
وانەی دووەم ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## مێژووی ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون

ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیستێمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت هەیە، پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕین و دیموکڕاتییەت و ئازادی نووسین و چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە هەیە. لەو حکومەتانەی دیموکڕاتییەت نییە و ئازادی ڕادەربڕین لاوازە و یاسا سەروەرنییە، بیر مەکەوە و لەخۆشت مەپرسە: ئایا کەی ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون سەریهەڵداوە، چونکە جاری لەوێندەر هێشتا لەدایک نەبووە.

بەگوێرەی زۆر لە توێژەر و زانایان و لەناو ئەوانیش پرۆفێسۆر ئەلێکسەندەر ئەلێکسەندرێیڤیچ تێرتیچی، مامۆستا لە فاکولتێتی ڕۆژنامەنووسی لە زانکۆی مۆسکۆ، ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بەتایبەتی سەریهەڵدا.

#### لەخوارەوە ناوی هەندێک لە ڕابەرەکان دەنووسین

- نووسەر و ڕۆژنامەنووسی سویدی:Johan August Strindberg(١٨٤٩ - ١٩١٢) یەک لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی سویدە و لە دەرەوەی سویدیش زیاتر وەک دراماتورگ ناسراوە. لە ساڵی ١٨٨٤ لە ڕۆژنامەی Dagens Nyheter

وەک ڕۆژنامەنووس دەستی بەکارکردن کرد. ساڵێک دواتر لە کتێبخانەی مەلەکی سوید کاری پێدرا. لە کتێبخانەی مەلەکی زۆری خوێندەوە و لەهەمان کاتیش خەریکی فێربوونی زمانی چینی بوو.

Strindberg ڕۆمانی (ژوری سور)ی لە ساڵی ١٨٧٩ بڵاوی کردەوە، ناو و ناوبانگی زۆری پێیەوە وەرگرت و تا ئێستاش بەیەک لە باشترین بەرهەمی ئەو باس دەکرێ. نووسەر لەم کتێبەی باس لەوە دەکا، کە کۆمەڵگای ئەو لێی دەژی کۆمەڵگایەکی نموونەیی نییە. بۆیە هەندێکجار ئاسانترە ئەگەر هاوڵاتی گوێرایەل نەبیت. نووسەر لەم بەرهەمەی بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە کۆمەڵگا. ڕۆژنامەی ئەفتۆنبلادێت لەوکات ڕۆمانی (ژوری سور)ی بە (پیس - سموتس) ناوبرد، لەگەڵ ئەوەش لەماوەی یەک ساڵ ١٨٧٩ – ١٨٨٠ چوار جار چاپکرا و بەهەمووی ٦٠٠٠ دانەی لێفرۆشترا. ئەم ڕۆمانە، نووسەری لە کێشەی ئابوری رزگار کرد.

Strindberg خوێنەری زۆری هەبوو و لەناو ئەوانیش پاشای سویدی کارل ١٥ بە نووسینەکانی زۆر سەرسام بوو، ئەمەش وایکرد کارل پازدە، کورسییێکی خوێندنی بە خۆڕایی لە زانکۆ پێدا، کە پێشتر لەبەر بێپارەیی وازی لێهێنابوو.

- نووسەری بەناوبانگی فەرەنسیÉmile ÉdouardCharlesAntoineZola (١٨٤٠ - ١٩٠٢)، یەک لەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانەی پاریس بوو، دژ بە گەندەڵی حکومەتی فەرەنسی دەینووسی.

لە ساڵەکانی ١٨٩٤ – ١٩٠٦ کەیسی ئەلفرێد درێیفوس Alfred Dreyfus فەزیحەکی سیاسی گەورەی فەرەنسا بوو و تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەسەریان دەنووسی. لەم کەیسە کۆمەڵێک بەڵگە دژ بە ئەفسەری فەرەنسی ئەلفرێد تەزویر کرابوون. لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٨٩٤ Alfred Dreyfus گیرا و تاوانبارکرا بەوەی، بەڵگەی نهێنی بەلەشکری ئەڵمانی لە پاریس داوە. لە ٢٢ی دێسێمبەر حوکمدرا. ئەلفرێد دژ بەو حوکمە بوو، بەڵام دژبوون نەبووە یارمەتی لە بەندیخانە رزگاری بێت.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس زۆلا بەم دادگایکردنەی ئەلفرێد ناڕازیبوو و نامەیەکی بۆ سەرۆکی فەرەنسا بەناوی: ("J'accuse"– من تاوانبارتان دەکەم) لە ١٣ی جەنیوەری ١٨٩٨ بڵاوکردەوە و بە فەرمی لایەنگری خۆی بۆ ئەلفرێد پیشاندا. لەم نووسینەیدا ئەو، ئەفسەر و دەزگاکانی حکومی فەرەنسی بەم کارە تاوانبارکرد.





زۆلا لەوەڵامدا بۆ دادگا ڕاکێشرا و لە ٢٧ی شوبات بۆماوەی یەک ساڵ حوکمدرا و ٣٠٠٠ فرانکیش سزادرا. ئەم کارەی زۆلا بووە هۆی ئەوەی بۆماوەیەکی زۆر لە فەرەنسا نووسینەکانی ئەو بایکۆت بکرێن. ئەم ئابڵۆقەیە کاریگەرییێکی نێگەتیڤی کردە سەر باری ئابووری نووسەر و ناچار بۆ بەریتانیا ڕایکرد و ساڵێک لێی مایەوە.

لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، زیاتر ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکی لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی بیست ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییەیان داهێنا ودواتریش پتەویان کرد، کە پێیان دەگوتن: ئینڤێیستیگەیتەر –разгребателяи грязи - کەناسی گوفەک...کتێبی: (Расслéдовательская Журналистика ل. ٤٢). دەبی بنووسین، کە باشترین و بەتواناترین ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی کاریان لە ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون دەکرد.

- یەک لەڕۆژنامەنووس و نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەوکاتی ئەمریکی MarkTwain(١٨٣٥ - ١٩١٠)بوو، کە لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا باوکی مرد و ناچاربوو لە پۆلی پێنجی سەرەتایی واز لە قوتابخانە بێنی. ئەو لە چاپخانەیەک، کە ڕۆژنامەیەکی لۆکالی دەردەکرد وەک شاگرد دامەزرا. لێرە و بەهۆی خوێندنەوەی زۆری ڕۆژنامە و ئاگاداری تەواوی لە هەواڵ و ڕووداوەکان هەبوو. لە تەمەنی ١٨ ساڵی بۆ نیۆیۆرک و فیلەدەلفیا گواستییەوە. لێرەش ئەو لە کۆمەڵێک چاپخانە کاری کرد و وەک ڕۆژنامەنووسیش کەسێکی زۆر سەرکەوتوبوو. مارک لە سەرەتا هاوکاری ڕۆژنامەکانی تێریتۆریال ئینتەرپرایزی دەکرد.

لەو کاتەی شەڕی ناوەخۆ لە ئەمریکا لە ساڵی ١٨٦١ دەستیپێکرد، لەسەر ئارەزووی خۆی بۆلای جنوبییەکان چوو و بەشداری لە شەڕی ناوەخۆ کرد. هەر لەوساڵ لەسەر داوای ئۆریۆنی برای، کە کرا بە وەزیری نیڤادا، گەشتێکی بەناو نیڤادا کرد و لێرە بۆیەکەم جار هیندییە سورەکانی بینی و دەستی بە نووسینی گەشتنامەکەی کرد و لە کتێبی ((налегке)- Slitahund - ڕوناکی - RoughingIt)بڵاوی کردنەوە. مارک توین ئەو چیرۆکانەی دەگێڕایەوە، کە لە نێڤادا تێیداژیابوو. نووسەر لە نووسینەکانی: بەڵگە، فاکت، پسولە، پارچە بڕاوەکانی ڕۆژنامەشی بەکاردێنا. لە کۆکردنوەی مەتریالی زۆر، مارک توین مێتۆدی تایبەتی بۆ وەگیرکەوتنی زانیاری و هەواڵ بەکار دەهێنا.هەر لەوکات،

مارک توین بۆ ڕۆژنامەیەکی بچوکی ڤێرگینیای لە نێڤادا نووسی و بۆ یەکەمجار نازناوی MarkTwain لەجیاتی ناوە تەواوەکەی خۆیSamuelLanghorneClemensبەکار هێنا.مارک توین، چیرۆک و ڕۆمانی دەنووسی و ریپۆرتاژی لەسەر گەندەڵی بڵاودەکردەوە.

لە ساڵی ١٨٧٣ خۆی بۆ نووسینی بەرهەمی ڕەخنەیی تەرخان کرد و لەگەڵ Charles Dudley Warnerڕۆمانی The Gilded Age: A Tale of Today یان نووسی و لەم ڕۆمانە هێرشیان کردە سەر گەندەڵی سیاسی و کۆمپانیا گەورەکان، کە دەیانەویست لە زووترین کات دەوڵەمەندبن.

لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩١ – ١٩٠٠ مارک و خانەوادەکەی زۆر شوێن لە جیهان گەڕان و مارک توین بینی، چۆن ئەوروپییەکان وڵاتانی بچووک دەچەوسێننەوە. لە ساڵی ١٨٩٨ بۆ ئەمریکا گەڕایەوە و دژایەتی خۆی دژ بە حکومەتی ئەمریکی ڕاگەیاند و هەر لەوکاتیش ئیعلانی کرد، کە ئەو دژ بە ئیمپێریالیزمە. جارێکیان ئێرنست هێمینگوای گوتی: هەموو ئەدەبیاتی ئەمریکی تەنیا لەیەک کتێبی مارک توین سەروچاوەی هەڵگرتووە، کە ناوی

*The Adventures of Huckleberry*

لە ئەنجامی گەشەسەندنی بازاڕ و پێشکەوتنی ئابووری لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، لە ئەمریکا زۆر گۆڤاری تازە و پڕخوێنەر پەیدابوون. یەک لەوان لەلایەن نووسەر و ڕۆژنامەنووسBenjamin Orange Flower (١٨٥٨ - ١٩١٨) بەناوی:

(The Arena -١٨٨٩ - ١٩٠٩)دەردەچوو، کە گۆڤارێکی ئەدەبی و سیاسی بوو. Flowerمرۆڤێکی زۆر خوێندەوارو و تێگەیشتوو و بەدین بوو و هیچ باوەڕی بە واقیعی ئەمریکی ئەوکات نەبوو. هەبوونی جیاوازی یەکجار گەورە لەنێوان هەژار و دەوڵەمەند، بڵاوبوونەوەی زۆری بەرتیل و گەندەڵی، هەموو ئەوانە شایەدیان دەدا و بەڵگەبوون، بەوەی گەل لە قەیرانێکی ئەخلاقی گەورە دەژی و لایەنی ئەخلاقی میللەت دابەزیوە. Flower کاری بۆ هەستانەوەیان نوێکردنەوە مۆرالی





ئەمریکا کرد. ئەو لەوبڕوایەدابوو، ئەگەر خەڵک هانبدەیت و چاویان لە کەموکورتییەکان بکەیتەوە، خراپی ئەنجامەکانیان بۆڕوونبکەیتەوە، ئەوان خۆیان ڕاستدەکەنەوە و مرۆڤی باشیان لێدەردەچێ.Flower بۆ ئەو ئامانجانەی سەرەوە گۆڤاری (The Arena) دەرکرد. لەو گۆڤارەی هەوڵیدەدا زوڵم و زۆری ئابووری بەرزبکاتەوە و لەسەریان بنووسی. هەروەها کێشەکانی گەندەڵی و جیاوازی گەورە لەنێوان هەژار و دەوڵەمەند لە شارەکان باس بکا.Flowerگۆڤاری ( The Arena) کردە پێشەنگ لە بزوتنەوەی نووسین لە بابەتی ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون. ئەو دژی عبودیەت و چەوساندنەوەی ژنانیش بوو.

زۆر لە ڕۆژنامەنووسان دەستیان بە کارکردن لەسەر ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوونکرد. لەوکاتەی باس لە ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون دەکەین نابی ناوی:

- Lincoln Joseph Steffens(١٨٦٦ – ١٩٣٦)، سینکلەر، بێیکەر، تاربێل، فیلیپس، ئادەمس، سالیڤن، S. E. White ...هتد نەکەین. ئەوان کاری زۆریان بۆ وەگیرکەوتنی هەقیقەت کرد، بۆ یەکسانی کۆمەڵگا کرد.

هەر لەوسەردەم جگە لەگۆڤاری (The Arena) کۆمەڵێک گۆڤاری دیکە بابەتەکانی بەدواداچوونیان بڵاودەکردەوە لەوانە:

- کۆسمۆپۆلیتێن، کۆلێرس، ساکسس، ئێڤریبۆدی، ماکلورس، مانیسز، لێسلیز...هتد. لەسەر بابەتی جیا جیا دەیاننووسی. ئەوان بڕوایان بە یەکسانی لەناو کۆمەڵ هەبوو، بۆیە بەباشیان دەزانی ئەم ژەهرە– دزی و گەندەڵییەلە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو بکەنەوە. پشودرێژ و ورەبەرزی ڕۆژنامەنووسان، بووە هۆی ئاشکرابوونی گەندەڵی گەورە و کردنەوەی چاوی خەڵک و چاندنی ترس لە هەناوی بازرگان و کەسە خراپەکان.ئەم نووسین و بڵاوکردنەوانە هیچ ڕەچێتە یان چارەسەرێکی تایبەتییان بۆ کێشەکان نەبوو.

- لە گۆڤاری:Collier's زۆر چالاکانە دژ بە تەزویر – خراپی لە مێدیسینی دەنووسی، لە ژمارەی ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٠٥ نووسینی زنجیرەیەک گوتار بە ١٥ ئەلقە بڵاوکردنەوەی دەستی پێکرد. ئەم گوتارانە لەلایەن:

Samuel Hopkins Adamsبەناوی: (The Great American Fraud– فرتوفێڵی گەورەی ئەمریکی) بڵاکردەوە. ئەم گوتارانە کاریگەری یەکجار زۆریان لەسەر دروستکردنی رای گشتی لە ئەمریکا هەبوو و لە ئەنجامدا، حکومەت ناچاربوو یاسای چۆنایەتی - کوالیتی بۆ دەرمان و خواردن لە ساڵی ١٩٠٦ دەربکا. ئەم زنجیرە گوتارانە گەورەترین زیانیان بە کارگەکانی دروستکردنی دەرمان گەیاند. Samuel Hopkins Adamsفاکتێکی زۆر گەورەی لەبەردەست دابوو، کە وەرگرتنی پاتێنتی - مۆڵەتی دەرمان، زۆر بە فروانی لە دەزگاکانی راگەیاندن رێکلامی بۆدەکەن، کە ئەمەش نەک تەنیا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئازار، بەڵکو دەبێتە وێرانکردنی خانەکانی لەش وئالودەبوونی مرۆڤیش بە دەرمانەکان، چونکە دەرمانەکان: ئەلکهول، ئۆپیوم، مۆرفین، کۆکاین و جۆرەکانی دیکەی نارکۆتیکەیان تێدەکرد. هەر سەردێرەکە خۆی، بووە گەورەترین دروشمی ئەوکاتی جەماوەر دژ بە پیشەسازی دەرمان و خواردن دروستکردن. جگە لەوە، لە ساڵی ١٩٠٩ گۆڤاری: (Collier'sکۆڵێرس) دژ بە سیاسەتی حکومەتی ئەمریکی لەسەر سامانە سروشتییەکانی (ریسورس)ی ئەلاسکای نووسی. لەئەنجامدا وەک بۆمبێک نووسینەکە تەقییەوە.

گۆڤاری ساکسس، رۆمانیUpton Beall Sinclair - (١٨٧٨ - ١٩٦٨)بەناوی: (The Jungle) بڵاوکردەوە. لەراستیدا، سەرکەوتنی گەورەی ئەم گۆڤارە لە بڵاوکردنەوەی رۆمانی(The Jungle)بوو،لەم رۆمانە باس لە ژینگەی کار لە قەسابخانەیەکی شیکاگۆ دەکا. بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، Upton Beall Sinclair بۆماوەی شەش هەفتە لە ویلایەتی شیکاگۆ سوڕایەوە و بەدوای زانیاری گەڕا.





ئەم بەرهەمەی وەک فێلیتۆن نووسی و لەسەرەتا لە گۆڤاری ساککس و دواتریش لەناو کتێبێک بڵاوی کردنەوە و لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازییەکی یەکجار گەورەی لێکرا. سەرۆک کۆمار Theodore Roosevelt خۆی فێلیتۆنەکانی خوێندەوە و کاری زۆری تێکرد و لە وەڵامدا، لیژنەیەکی بەدواداچوونی لەسەر پیشەسازی گۆشت و کۆنسێرڤ دروستکرد. هەر ئەم نووسینانەش بوون، بووە هۆی ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا یاسای تایبەت بە گۆشت و پاراستنی گۆشت لە قەساپخانەکان و دوکانەکانی گۆشتفرۆشتن بەناوی: Pure Food and Drug Actدەربکا. بەگوێرەی یاسای تازە، دەبوایە گۆشت لەناو تەلاجە هەڵبگیرێ. لێرە زۆر لە کۆمپانیا گچکەکانی گۆشتفرۆشتن نەمان و داخران. لەسەر داخستنی دوکان و کۆمپانیا بچوکەکان ئەو لە نووسینێکدا گوتی:

"It is difficult to get a man to understand something, when his salary depends upon him not understanding it."

من بەدوای دڵی جەماوەر دەگەڕام، کەچی بەر زگیان کەوت.

لێرە دەبی بنووسین، کە لە لاپەڕەکانی گۆڤارەکان، نەک تەنیا رۆژنامەنووسان بەڵکو خوێنەرانیش دەستیان بە نووسین کرد و لە شێوەی نامە بۆ رۆژنامەکانیان دەنارد و بڵاویش دەکرانەوە. بە تایبەتیش لە گۆڤاری: (ئەمێریکان مەگەزین)، کە ژمارە لەدوای ژمارە لەژێر ناونیشانی: сумапилигрима(جانتای حاجییان) لە ژێر ئەم ناونیشانە بەرهەمی خوێنەران بڵاودەکرایەوە. لێرە زۆر دژ بە سەرۆک رۆزڤێلتیش دەنووسرا، کە ناوی لە رەخنەی نووسینەکان نابوو: разгребателямигрязи.(کەناسی گوفەک)

لەوکاتەی رۆژنامەنووسی بەدواداچوون سەریهەڵداوە، کۆمەڵێک بابەت تا ئێشتاش لەسەریان دەنووسرێ لەوانە: گەندەڵی، دزی، بەخراپە بەکارهێنانی دەستەڵات...هتد.

هەردووک سەرنووسەرانی رۆژنامەی DN لە ساڵی ١٩٠٩ Anton Karlgren و OckarHemberg بۆ زیاتر تێگەیشتن و ریفۆرم لە رۆژنامەنووسی سویدی

سەردانی ئەمریکایان کرد. ئەم ریفۆرمانەیان لەو رۆژنامەیە ناونا (بە ئەمریکی کردنیDN)، ئەمە دەربارەی ئەوەبوو، کە رۆژنامە ئاسانتر بچێتە ناوکۆمەڵ. کالگرێن، نووسینێکیشی لەسەر ئەوە نووسی و باسی لەوەکرد، چۆن سەردێر دەتوانێ دوو جۆ خوێنەر بۆخۆی ڕابکێشێ. بۆنموونە: ژنەکە کەوتە ژێر شەمەندەفەر – بەرەو مەرگ چوو، بۆئەوەی سەگەکەی ڕزگار بکا. ل.٣٠١.

لە سوید Ester Blenda Norström یەک لە رۆژنامەنووسە هەرە سەرەتاییەکان بوو لە ساڵی ١٩١٤ نووسینی بەدواداچوونی دەنووسی. لە ساڵی ١٩١٤ زنجیرەک گوتاری بەناوی:

En piga bland pigor(خزمەتکارێک لەناو خزمەتکاران) نووسی و لە رۆژنامەی (Svenska Dagbladet) بڵاوی کردەوە. بۆئەوەی نووسینەکانی جوان و تەاوو دەربچن، لە ماڵە دەوڵەمەندێک وەک خزمەتکار ماوەیەک کاری کرد. دواتر زنجیرە گوتارەکەی:

(En piga bland pigor –خزمەتکارێک لەناو خزمەتکاران) بڵاوکەردەوە و دەنگی زۆری دایەوە. ل.٣٠٢. massmedier





## وۆتەرگێیت Watergate

وانەی سێیەم

وۆتەرگەیت یەک لە: (سکانداڵ - فضيحة)ە سیاسییە هەرە گەورەکانە لە مێژووی کۆن و تازەی ئەمریکا ڕوویدابێ. ئەوەش لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢ لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن و لە ئەنجامی خانووبڕین یان بەدزی چوون بۆ نووسینەگی سەرەکی (DNC)Democratic National Committeesلە کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی وۆتەرگەیت لە واشینگتۆن دی، سی. دەستی پێکرد.

Richard Nixon - ریچارد نیکسۆن و ئەدمنیستراتۆرەکان لەسەرەتا هەوڵیاندا لەم قەیرانە - کەیسە خۆیان گێلبکەن و بدزنەوە. لەوکاتەی تەواوی قەزیەکەش لەلایەن کۆنگرێسەوە بڕیاری بەدواداچوونی لەسەردرا، دیسان نیکسۆن و دەوروبەری بەتوندی دژی ئەم بۆچوونە وەستان و خۆیان تەسلیمی واقع نەکرد.

دەستەواژەی Watergate بە کۆمەڵێک نهێنی گەورە و گەندەڵی و نایاسایی بەسترابۆوە، کە لەلایەن پیاوانی دەوروبەری نیکسۆنەوە سەرپەرشتی دەکرا. بەشێک لەم نهێنییانە پەیوەندی بە گوێڕاگرتنی بەدزی لە قسە و تەلەفۆنەکانی کەس و ناحەزەکانی نیکسۆن و نووسینگەکانی دژ بەنیکسۆن ئەنجامدرا. جگە لەوە پیاوە هەرە نزیکەکانی نیکسۆن هەڕەشەیان لە سیاسییە ناودارەکان و چالاکوانە مەدەنییەکان دەکرد و گاڵتەیان بەکەسانی دژ بەخۆیان دەکرد. ئەوەش بەڕێگای: (FBI) Federal Bureau of Investigation و Central Intelligence Agency (CIA)لەگەڵ (IRS) Internal Revenue Service بوو.

لەوکاتەی پێنج کەسی نیکسۆن گیران، بووە سەرەتایەک بۆ ئاشکراکردنی کۆمەڵێک گەندەڵی کۆشکی سپی. هەر لێرە لیستێک بەناوی دوژمنەکانی نیکسۆن ئاشکرابوو. لەوکاتەی یارمەتیدەرەکەی ڕۆیشت، دەرچوو نیکسۆن زۆر شتی بۆ دادگان و مێدیا و کۆشکی سپی ئاشکرا نەکردووە. نیکسۆن لە زەریبەدان فێڵی کردبوو، پارەی بە ڕێگای نایاسایی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن وەرگرتبوو، گوێگرتن و دزیکردن...هتد بەشێکی دیکەی گەندەڵی ئەو بوون، کە نیکسۆن و دەوروبەری تێوەی گلابوون.

بەدواداچوون لەسەر کەیسی وۆتەرگەیت، بووە هۆی ئاشکراکردنی بەکارهێنانی دەستەلات بۆ بەرژەوەندی تاک لە کۆمەڵێک بواردا. بەمشێوەیە Richard Nixon ی سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ٩ی ئابی ١٩٧٤ ناچاربوو دەست لەکار بکێشێتەوە. ئەوە یەکەم سەرۆک کۆماری ئەمریکایە، کە ناچاربکرێ واز لە کورسییەکەی خۆی بێنێ.

لەم قەیرانە ٦٩ کەس بۆبەردەم دادگا ڕاکێشران و لەوانە ٤٨ کەس سزای بەندکردنیان بەسەر سەپێدرا. گرتنەکان بە پێنج کەس لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢ لە نووسینگەی سەرەکی دیموکراتەکان دەستی پێکرد. لێرە پۆلیسی (FBI) پارەی دزەکانی بەستەوە بە جۆرە فۆندێک، کە لەلایەن کۆمیتەیەکەوە بەکار دەهات و ئەو کۆمیتەیەش بە فەرمی سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی جاری دووەمی نیکسۆنی لەئەستۆ بوو. لە حوزەیرانی ١٩٧٣ بەڵگە دژ بە پیاوە نزیکەکانی نیکسۆن دەستکەوت و چەند شاهیدێک پەیدابوون، کە پێشتر لای نیکسۆن کاریان دەکرد. پاش ئەم هەموو بەدواداچوونە، دادگای باڵای ئەمریکی سەرۆک کۆماری ناچارکرد، تۆمارەکانی دەنگی ڕۆژی دزییەکەیان بداتێ، کە لەسەرەتا پێی نەدان. بە گوێگرتن لەم دەنگە تۆمارکراوانە، پیشانی دەدا، کە سەرۆک دەیەویست هەندێک نهێنی بپارێزێ کە ڕاستەوخۆ دوای دزیەکە یان خانووبرینەکە تۆمار کرابوو. ئێستا نیکسۆن دەبوایە لەبەردەم دادگای باڵای ئەمریکا بوەستێت و بەرگری لەخۆی بکات. ئەو لە ٨ی ئابی ١٩٧٤ بڕیاریدا لە ڕۆژی دوایی دەست لەکار بکێشێتەوە. دوای ئەو گێرالد فۆرد Gerald Ford ی جێگری نیکسۆن وەک سەرۆک کۆمار دەستبەکار بوو و هەر ئەویش لە ٨ی ئەیلولی ١٩٧٤ نیکسۆنی لە تاوانەکان پاککردەوە و ئازادی کرد لە هەموو جۆرە دادگاییکردنێک. دواتر ئاشکرایکرد، لێخۆشبوونی ئەو لە نیسکۆن تەنیا بۆئەوەبووە، کە وڵات بەسەر دوو بەرە دابەش نەبێت و رزگاریانبێت لە بینی دادگا درێژخایەنەکان. بۆ ئەم هەنگاوەی دواتر خەڵاتکرا، بەڵام وەک سەرۆک کۆمار قەت جارێکی دیکە هەڵنەبژێردرایەوە.





نیکسۆن لە هەڵبژاردنی ١٩٦٨ وەک سەرۆک هەڵبژێردرا و لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ١٩٧٢ش بەشدار بوو. لەم کاتە جەنگی ڤێتنام بەردەام بوو. نیکسۆن لە هەڵبژاردنی ١٩٧٢ جارێکی دیکەش بردییەوە.

ڕۆژنامەنووسان Carl Bernstein و Bob Woodward لە ڕۆژنامەی Washington Post پاش کارێکی زۆر توانیان بیسەلمێنن، کە کۆشکی سپی لەم ئەزمەیە گلاوە و لە ڕێگەی سەرچاوەیەکیان تواندرا بسەلمێندرێ، کە سەرۆک کۆمار خۆی ڕاستەوخۆ لەم قیرانە دەستی هەبووە. ئەم سەرچاوەیە لە ڕاستیدا لە ڕۆژنامەکان بەناوی Deep Throat بەناوبانگ بوو و کەس نەیدازانی سەرچاوە ڕاستییەکە یان کەسە نهێنییەکە کێیە، تا لە ساڵێ ٢٠٠٥ ئەفسەرێکی FBI بەناوی Mark Felt خۆی ئاشکرا کرد، یەک لەو هۆیانەی ئەو نهێنییە گەورەیەی بە ڕۆژنامەنووسەکاندا، هەندێک لەوبڕوایەدان، کە نیکسۆن J. Edgar Hoover وکردۆتە بەڕێوەبەری (FBI) لەجیاتی ئەو. سیناتەکانی ئەمریکا بڕیاریاندا لە ٩ی ئاب بە زۆرینەی دەنگ کورسی سەرۆک کۆمار لە نیکسۆن وەربگرنەوە، بەڵام نیکسۆن یەک ڕۆژ زووتر بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند.

دەرکردنی فەرمانی لێخۆشبوونی نیکسۆن لە چوونە بەردەم دادگا، بووە هۆیەکی گەورە، کە فۆرد لە هەڵبژاردنی ١٩٧٦ هەڵنەبژێردرایەوە.

لە ساڵێ ١٩٧٦ ئەم قەیرانە کرا بە فیلم و هەردووک ئەکتەران Dustin Hoffman و Robert Redford دەوری سەرەکییان هەبوو. ئەم فیلمە دوو ئۆسکاری وەرگرت. یەکەم بۆ باشترین مانوس و دووەمیش بۆ باشترین بی ڕۆل.

## دەربارەی: کۆمپانیای Mossack Fonseca و فەزیحە زلەکەی پەنەما

**(وانەی چوارەم)**

پێش نزیکەی یەک ساڵ، کەسێک بە نهێنی پەیوەندی بە ڕۆژنامەی ئەڵمانی: Süddeutsche Zeitung دەکات و کۆمەڵێک زانیاری وردیان لەسەر فەزیحەی پەنەما پێدەدا.

ڕۆژنامەی Süddeutsche Zeitung ئەزموونی زۆری لەسەر ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون هەیە و پێشتر کۆمەڵێک نهێنی گەورەی وەک: Offshore Leaks, Swiss Leaks و Lux Leaks ئاشکرا کردوون. ڕۆژنامەکە دەنووسێ، کە چۆن پێش یەک ساڵ کەسێک پەیوەندی پێوەکردوون و ئەو بەڵگە نهێنییانەی بەناوی: Mossack Fonseca بەوان داوە. سەرچاوە نهێنییەکە هیچ داوای پارەی لە ڕۆژنامەکە نەکردووە و هیچ مەرجیشی بۆ بڵاوکردنەوەی بەڵگەکان دانەناوە. بەگوێرەی ڕۆژنامەی Süddeutsche Zeitung لەسەرەتا بەڵگەکان زۆر نەبوون، بەڵام لەگەڵ کات گەیشتۆتە 2.6 تێرابایت - 11.5 ملیۆن بەڵگە، کە ٢١٤ هەزار کۆمپانیا لە ماوەی ٤٠ ساڵ پەیوەندییان پێیەوە هەبووە و لەم فەزیحە گەورەیە تیوەگلاون.

هەموو نامە و بەڵگەکانی بە ڕۆژنامە ئەڵمانییەکە گەیشتوون بەو شێوەیەی خوارەوەن: نزیکەی پێنج ملیۆن مەیل، دوو ملیۆن فایلیPDF و زیاتر لە یەک ملیۆن وێنە و لە سێ ملیۆن فایلی کۆمپیوتەری هەن.

ئەوە زۆرترین بەڵگەی نهێنین، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە دەزگایەکی ڕاگەیاندن درابن. بۆئەوەی باشتر لە قەبارەی ئەم کارە گەورەیە بگەین باشە باس لەو بەڵگانەی Wikileaks Cablegate بڵاوی کردنەوە بکەین، کە هەمووی بەیەکەوە نزیکەی 1.7 گیگابایت بوو ئینجا جیهانی هەژاند. ئەم ئاشکرابوونەی ئێستا ١٥٠٠ جار لەWikileaks Cablegate زیاتر و گەورەترە.

ڕۆژنامەی Süddeutsche Zeitung زوو زانیان بەتەنها ناتوانن بەدواداچوون بۆ ئەم هەموو نامە وبەڵگانە بکەن، بۆیە پەیوەندییان بە ڕێکخراوی بێلایەنی جیهانی:





International Consortium of Investigative Journalists, ICIJ (ڕۆژنامەگەری بەدواداچوونی نێودەوڵەتی)، کە نووسینگەی سەرەکییان لە واشینگتۆنە کرد. ئەم ڕێکخراوە تۆڕێکی نێودەوڵەتییە و ١٩٠ ڕۆژنامەنووس بە کاری بەدواداچوون خەریکن و بە باشترین شێوە پەروەردەکراون و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کار دەکەن و خاوەن ئەزموونی زۆرن. ئەم ڕێکخراوە لە ماوەیەکی کورت توانی تیمێک لە ١٠٠ دەزگای ڕاگەیاندن لە ٨٠ وڵات بە ٤٠٠ ڕۆژنامەنووس پێکبێنێ، بۆئەوەی بەیەکەوە کار لەسەر ئەم کەیسە– فەزیحە گەورەیە بکەن.

ئەندامانی ئەم تیمە کۆبوونەوەکانیان لەWashington, München, Lillehammar و London دەکرد. لە کۆبوونەوەکان باسیان لە شێوەی کارکردن و دابەشکردنی کار لەنێوان خۆیان دەکرد، ئەم شێوە کارکردنە بۆئەوەبوو، کە بەیەکەوە بتوانن بە باشترین شێوە یارمەتی یەکتر بدەن و زانیارییەکان لەنێوان خۆیان بەشبکەن و هەموو ڕۆژنامەنووسانیش لەیەک کاتدا دەستیان بە هەموو بەڵگە و نامەکان بگا.

پاش ئاشکراکردنی Wikileaks لە ساڵی ٢٠١٠ و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێک نهێنی گەورە لەسەر شەڕی ئێراق، دەزگاکانی ڕاگەیاندن تێگەیشتن، کە ئەوان لە داهاتوو ناتوانن بەتەنها بەدواداچوون بۆ ئەم کەیسە گەورانە بکەن.

ئەم نامە و بەڵگانەی پەنەما ئاشکرای دەکەن، کە چۆن نووسینگەی سەرەکی کۆمپانیای پارێزەران، لکی دووەمی نزیکەی ٢١٤ هەزار کۆمپانیای بەناوی: offshore-bolag بۆ پارەدارەکان کردۆتەوە و لەڕێگەیەوە، پارەی یەکجار زۆریان لە دانی باج شاردۆتەوە. ئەوان نێودەستییان کردووە و پەیوەندی و دەستەڵاتی خۆیان بۆ فێڵ و ساختە و نەدانی باج بۆ موشتەرییەکانیان بەکار هێناوە. پارە و سەرمایەی موشتەرییەکانیان لەبانقی گەورەی جیهانی داناوە.

لەناو ئەو کەسانەی پارەیان لە خزمەت نووسینگەی ئەم پارێزەرانە داناوە، کەسانی سیاسەتمەدار و وەرزشوان و ئەکتەری بەناوبانگ و خەڵکی چەتە هەن.

کاری سەرەکی ئەم نووسینگەیە شوشتنەوەی پارە و بەرتیلدان و خۆدزینەوە لە زەریبە بۆ موشتەرییەکانیان بووە.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای Mossack Fonseca بەڕێز **Fonseca** لە لێدوانێکی دەڵێ:

- ئەم بەڵگانە لەلایەن کەسێکی هاکەرەوە ئاشکرابووە و کۆمپانیاکەمان هیچ بەرپرس نییە لەوەی، کە ئەندامانیان بۆ چ مەبەستێک خزمەتگوزاری و سندوقەکانی کۆمپانیای ئێمەیان بەکار هێناوە، هەروەها ئەوانیش لە یاسای وڵاتەکەیان لایان نەداوە و قەتیش پێشتر بۆ بەردەم دادگا بانگ نەکراون.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی The Guardianی بەریتانی ١٤٣ سیاسەتمەداری جیهانی خزمەتگوزاری ئەم سندوقەیان بەکار هێناوە و لەناو ئەوانیش: سەرۆک وەزیرانی پاکستان، نەوەز شەریف، سەرۆک کۆماری ئۆکراینا، پێترۆ پۆرۆژینکۆ، سەرۆک وەزیرانی ئایسلاند، داڤید گونلاوگسۆن هەن. دەگوترێ کەسە نزیکەکانی سەرۆکی ڕوسیای فێدراڵ ڤلادیمیر پوتین، زیاد لە دوو ملیارد دۆلاریان لەم کۆمپانیایە داناوە، هەروەها خزموکەسی خێزانی سەرۆک کۆماری چین خی جینپنگ Xi Jinping لەناو لیستەکە هەن. وەزیری ئابوری و ناوەخۆی ئایسلاند و خێزانی و سەرۆک وەزیرانی ئایسلاندیش پارەیان لەم نووسینەگەیە داناوە. بەگوێرەی BBC سەرۆک وەزیرانی ئایسلانددافید گونلاوگسۆن، کۆمپانیایەکی لە ساڵی ٢٠٠٧ کڕیوە و چەند ساڵێک دواتر ئەو نیوەی کۆمپانیاکەی بە نرخی یەک دۆلار بە خێزانەکەی فرۆشتۆتەوە. پاش ئاشکرابوون، یەکسەر دەستی لەکار وەک سەرۆک وەزیرانی ئایسلاند کێشایەوە. ئەم ئاشکرابوونە بۆ جاری یەکەم لە ڕۆژنامەی ئەڵمانی Süddeutsche Zeitung ی دەستی پێکرد و دواتر لە ڕێگەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەگەری بەدواداچوون بە هەموو جیهان بڵاوکرایەوە.

شەش ئەندامی ئێستای پەرلەمانی بەریتانیا و سێ ئەندامی پێشتریش پارەیان لەم سندوقانەی کۆمپانیا داناوە. هەروەها ٢٣ کەس لەو وڵاتانەی ئابلۆقەی ئابووریان لەسەر بووە وەک: کۆریای باکور، ئێران، سوریا موشتەری ئەم نووسینگەیە بووین. گوایە یەک لە کەسە گرنگەکانی ناو فیفا، کە لە لیژنەی ئێتیک پارێزەر بووە





یارمەتی وەرزشوانانی داوە، کە پارە لەوێندەر دابنێن. جاکی شانی ئەکتەر و مێسسی وەرزشوان و خێزانەکەی سنوقیان لەم کۆمپانیایە هەبووە.

حکومەتی پەنەما ئامادەیی خۆی پیشاندا، کە کۆمیتەیەکی بێلایەن دروست بکا و لەم ئەزمەیە بکۆڵێتەوە، کە لەگەڵ کۆمەڵێک سەرکردەی جیهانی تێیەوەگلاون. سەرۆکی حکومەتی پەنەما Juan Carlos Varela ئەمەی سەرەوەی لە ڕۆژی چوارشەم ٦ی نیسان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی گوت.

وڵاتی سوید لە ساڵێ ٢٠١٤وە لەگەڵ وڵاتی پەنەما پێکهاتووە، کە هەموو زانیارییێک لەسەر کۆمپانیا سویدییەکان بە حکومەتی سوید بدا. کردنەوەی کۆمپانیای بەناوی سندوقی نامە، کە دەکاتە لکێک لە کۆمپانیای دایک لە وڵاتی پەنەما هیچ نایاسایی نییە، بەڵکو نایاسایی لێرەوە دەستپێدەکا، کە کۆمپانیای دایک قازانجی خۆی بۆ ئەوێندەر ڕەوانە دەکا، تا خۆ لە زەریبەدان بشارێتەوە.

ئەم کۆمپانیایەی پەنەما Mossack Fonseca لکی لە وڵاتانی: سویسرا، قوبرس، دورگەکانی ڤیرگینی بەریتانی و جێرسی لەگەڵ گوێرنسی هەیە و پەیوەندییێکی زۆر توندیشی لەگەڵ بەریتانیا هەیە.

لێرە گرنگە ئاماژە بەو خاڵە گرنگە بکەین، کە ڕێکخراوی ICIJ توانی لە یەک کات زانیارییەکان لە جیهان بڵاوبکاتەوە و وەک بۆمب بیتەقێنێتەوە. جێگای سەرنجە، کە ئەوان نزیکەی یەک ساڵ بە نهێنی خەریکی بەدواداچوون لەسەر نامە و بەڵگەکان بوون، بۆئەوەی بتوانن بەتێری باسی فەزیحە و حەیاچوونەکە بکەن.

ئەو ئاشکرابوونەی بەناوی پەنەما دەیسەلمێنێ، کە ڕۆژنامەگەری بەدواداچوون، دەتوانن بەیەکەوە کار بکەن و سنووری دەوڵەتەکانیان ببڕن. هەروەها توانای ڕۆژنامەنووسان پیشان دەدا، کە چۆن دەتوانن بەشێوەی دیگیتال کار لەسەر کەیسەکان لە داتا بەیسێک زۆر بەجوانی بکەن.ئەم ئاشکرابوونە بە یەک لە گەورەترین ئاشکرابوونی مێژووی ڕۆژنامەگەری بەدواداچوون دادەندرێ.

***(ئەم نووسینە لە ماڵپەڕی (دواڕۆژ) لە ناوەڕاستی نیسانی ٢٠١٦ بڵاوکرایەوە).***

## هەواڵ لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان وانەی

(وانەی پێنجەم)

لەڕاستیدا، ئامانج لە هەبوونی هەواڵەکانی ڕادیۆ ئاوێنەی ڕووداوەکان نەبوو، بەڵکو شیکردنەوەی بابەتەکان بوو. لە کوردستان تا ئێستا، مەبەست لە هەواڵەکانی تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاوێنەی ڕووداوەکانە، چونکە ئەوان هیچ شیکردنەوە بۆ باتەکان ناکەن، تەنیا باس لە دانیشتنەکان دەکەن، بۆیە جەماوەر نازانێ چ ڕوودەدات و لە کۆبوونەوەکان باس لە چ دەکرێ و بۆچی ئەو باس دەکرێ.

لە ناوەڕاستی شەستەکان و تا ناوەڕاستی نەوەدەکان، رادیۆ و تەلەفزیۆن پێشکەوتنی باشیان بەخۆیانەوە بینی. کارمەندانیان هەوڵیان دەدا، خزمەتی رۆژنامەگەری بکەن.

لە حەفتاکان زیاتر پرسیارە ڕەقەکان: سیاسی و ئابوری و پیشەسازی بەرزدەکرانەوە و لە لە نەوەدەکانیش پریسارەکانی: کۆمەڵایەتی و ژینگە بەرزدەکرانەوە. هەواڵەکانی رۆژنامەنووسان دەبوونە پرسیاری ڕۆژی سیاسییەکان. لێرە دەبینین، رای کۆمەڵ لەسەر ڕاگەیاندن گۆڕدرا، لە خۆگونجاندن بۆ کۆمەڵ بۆ بەشداریکردن بە شێوەی کارا گۆڕدرا. رۆژنامەنووس زیاتر تەنیا زانیارییەکانی نەدەدا و خۆی لەگەڵ کۆمەڵ و ڕووداوەکان نەدەگونجاند، بەڵکو بە شێوەییەکی چالاک بەشداری لە ڕووداوەکان دەکرد و کەوتە بەرەی گەل. کاری رۆژنامەنووسان بووە ئاشکراکردنی کارە خراپەکانی سیاسەتەمداران و زیاتر رۆڵی چاودێریان بەسەریانەوە دەبینی. بەمشێوەیە لە هەڵبژاردنەکانیش، سیاسییەکان ناچاردەبوون کار لەسەر پرسیارەکانی بەرزکراوەی رۆژنامەنووسان وەک هاوڵاتی بکەن و کەمتر بەرنامەی کاری خۆیان هەبی. دەزگاکانی راگەیاندن وەک دادگای میللیان لێهاتبوو. Massmedier (ل. ٣١١ - ٣١٤)

لەڕاستیدا، دەبوایە هەموو بەرنامەکانی دەنگوباس و بەرنامەکانی دیکەی هەواڵی لە کەنالەکانی تەلەفزیۆن و ئێزگەکانی رادیۆ، تەنیا خەریکی کاری بەدواداچوونبوونایە، چونکە تەنیا بەوجۆرە ئەوان دەتوانن بۆ گوێگران و خوێنەران و بینەرانیان زانیاری پێویست لەسەر: بەخراپە بەکارهێنانی دەستەڵات و خراپ





تێگەیشتنەکانی دیکە بدەن. تەنیا بەوشێوەیە، دەتوانن رۆلی تەواوی خۆیان لە کۆمەڵگای دیموکرات بگێڕن.

لە یادی ٥٠ ساڵەتی مێژووی تەلەفزیۆنی سویدی پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە، دەرچووە، کە لە ساڵەکانی ١٩٦٧ەوە رۆژنامەنووسانی تەلەفزیۆن ئاگاداری دەستەڵاتیان کردۆتەوە و بەدواداچوونیان لەسەر کارەکانی ئەوان کردووە. Tage Erlanderتاگێ ئێرلاندەری سەرۆک وەزیران هەر لەو سەردەم لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی رادیۆ و تەلەفزیۆن دەربارەی دڵتوندی یان بێدڵی گوتووەیەتی: لە شاشەی تەلەفزیۆن، کارمەندێکی شارەوانی یان سۆشیال وۆرکەرێک وەک بەرپرس لەکۆمەڵێک بوار پیشانداوە. ئەو زۆر دژی ئەوەبوو، کە رۆژنامەنووسان بەڕێوەبەرانی پیری شارەوانی بانگ دەکەن و ئەو پرسیارە گرانانەیان لێدەکەن، کە نەتوانن وەڵامی بدەنەوە. (ل. ٧. گریڤاندێ)

- هەموو کەسێک دەتوانێ بەدواداچوون بکا، بەو مەرجەی ئەو ئارەزووی لێیبێ، بۆیە ویستی رۆژنامەنووسان بۆ سەرکەوتن مەحەکە، نەک کات و پارە.

- ئەگەر هەموو رۆژنامەنووسان ویستیان بۆ بەدواداچوون هەبوایە، نهێنی زۆری دیکە ئاشکرا دەبوون، بەڵام کەمن ئەوانەی ئارەزوویان لە بەدواداچووندا هەیە و دەتوانن سەرکەوتنی تێدا بەدەست بێنن.

### لەخوارەوە هەندێک هۆ دەنووسین:

- پێڕاناگەم و زۆر بەکاری ڕۆژانەم خەریکم.
- بەڕێوەبەرەکەم نایەوێ من خەریکی بەدواداچوونبم.
- دەستەی نووسەران ئەوەندە پارە و کاتیان نییە.
- وێدەچی کارێکی زۆر ناخۆش و ئاڵۆز و گران بێ.
- من چاوەڕێی کاتی گونجاو دەکەم. (ل. ١١)

هەندێک لەوبڕوایەدان، هەموو بەدواداچوونێک کارێکی باش و پیرۆزە. بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتی دەستەی نووسەران، کە ئەو بەشانەی لە دەزگاکەیان

دایدەخەن، ڕێک پێچەوانەمان پیشان دەدا. ئەوان تەنیا باس لە: چی ڕوویداوە دەکەن و ئەم شێوە نووسینەش ڕۆژ دوای ڕۆژ بەردەوامە. ڕۆژنامەنووسان لە کۆنفرێنسەکان باس لەوە دەکەن، کە چی لەم کۆنفرێنسە گوتراوە، باس لە ئەنجامەکانی دەکەن، کە دەبێ چیبکرێ، باس لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەکەن هەروەها باس لە کارەسات و دزییەکان دەکەن. ڕۆژنامەنووسانی دەنگوباس ڕازین بەو زانیارییانەی، کە دەکەوێتە بەردەستیان بۆ نووسین یان گرتەیەکی تەلەفزیۆنی بەکاری بێنن.

لێرە خێرابوون، دەکاتە زوو گەیاندن و بایەخی زۆری پێدەدرێ. دەستەی نووسەران کار لەسەر ئەوە دەکەن، کە چی گوتراوە، بەڵام ئایا ئەوەی گوتراوە ڕاستە یان بێبنەمایە، بۆ ئەوان هیچ گرنگ نییە. مەرجی زۆر لەسەر ڕۆژنامەنوسان و بەشنەکردنی کات، وا لە ڕۆژنامەنووس دەکا، پێڕانەگەن بەدواداچوون لەسەر هەواڵ و زانیارییەکان بکەن. ڕۆژنامەنووسانی دەنگوباس، کار لەسەر ئەوە دەکەن، کێ چیگوتووە، نەک ئایا ئەوەی گوتویەتی ڕاستە یان درۆ؟ بەڵام بۆئەوەی ئێمە تێبگەین و بزانین چی لە ژوورە تاریکەکان و لەپشت پەردە دەگوترێ، کە ڕێگا بەئێمە نادەن بچین و ببینین، ئەکتەرەکان نایانەوێ خەڵک پێیانەوە بزانێ، لێرە ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون پێویستە. بۆ ئەوەی لەو شتە نهێنیانە بگەیت، دەبی قسە لەگەڵ ئەو کەسانە بکەیت، کە هیچ نایانەوێ بچووکترین زانیاری بدەن و مەرج دادەنێن، کە نابێ ناویان لە ڕیپۆرتاژەکە بێ. لەوانەیە لەم حاڵەتانە، ڕۆژنامەنووس ناچاردەبێ بۆ دادگا بچێت و داوای وەرگرتن یان سەیرکردنی بەڵگەکان بکا، بە هەفتە بەدوای بەرپرسان ڕابکا، بۆئەوەی کۆمێنتێکیان لێوەربگری.

**ڕۆژنامەنووس دەگەڕێ بەدوای: چ لەپشت ئەم کارەوە هەیە؟ بۆچی دەیانەوێ بیشارنەوە؟ لەبەرچی؟**

ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون بڕوا بەکەس ناکا، تا هەموو بەڵگە یان زانیارییەکان بەجوانی کۆنترۆل نەکا. ئەوان بچووکترین بەرد هەڵدەدەنەوە، بۆئەوەی بە ئەنجام





بگەن و هۆ یان ڕاستییەکانیان بۆ ئاشکرا بێت. لەڕاستیدا، بەدواداچوون لەوشوێنە دەست پێدەکات، کە هەواڵ کۆتایی هاتووە. لەوکاتەی ڕۆژنامەنووسان لاپەڕەی هەواڵ و زانیاری خێراتر هەڵدەدەنەوە و ئەوەی باسیان کرد، جێی دەهێڵن، ڕۆژنامەنووسانی بەدواداچوون بەدوای ئەو پرسیارانە دەکەون، کە بێوەڵام ماونەتەوە. (ل. ١٢ – ١٣).

## Kriterier och definition

**بەڵگە و بڕیارەکان** (وانەی شەشەم)

**کەواتە، مەبەست لە بەدواداچوون چییە؟**

بەدواداچوون، دەکاتە ئەوەی سوود لەوکاتەی هەیە وەربگریت، بۆئەوەی کۆنترۆلی بەرپرسان بکەیت. ئەو کاتە دەکرێ تەنیا چەند خولەکێک بێت، بەڵام ڕووداوی بەدواداچوون زۆر ئاڵۆزە و چەند مانگێک کاری دەوێ، بۆئەوەی هەقیقەت دەربکەیت یان ئەنجامی توێژینەوەکان ئاشکرا بکەیت یان بدەیتە دەست. بۆئەوەی پێی بڵێین بەدواداچوون، دەبی ئەو مەرجانەی خوارەوە هەبن:

- **تێڕوانین لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە**: لێرە تەرکیز لەسەر ئەو خاڵانە دادەنێیت، کە کەموکورتییان تێدا یان بەش ناکەن یان خراپتێگەیشووتن.
- **بابەتێکی گرنگ بێت**: تەنیا پرسێکی گرنگی کۆمەڵ، کە بۆ جەماوەر زۆر گرنگە و ماندووبوون و تێچووەکە دەهێنێ، دەکرێ بەدواداچوونی لەسەر بکرێ.
- **ئینسیاتیڤی خۆتبێت**: دەستەی نووسەران – ڕێداکشن خۆی بڕیار دەدا، چ بابەتێک گرنگە.
- **ڕێسورشی خۆت هەبێ**: ڕۆژنامەنووس خۆی بەڵگە و دەکومێنتەکان کۆدەکاتەوە، کە زۆربەی کات زۆر بەگران ئەوانی دەست دەکەوێ.
- **شیکاری خۆی**: بەڵگەنامەکانی کۆکراوە، پۆلین دەکرێن و ڕێک دەخرێن، دەکرێ کەسێکی پسپۆر یارمەتی ڕۆژنامەنووس بدا و بەڵگەکانی بۆ شیبکاتەوە، بەڵام بڵاوکردەنەوەکە باس لەوە ناکا، کێ چی گوت.

- **گرانبەهایی**: جەماوەر بەشێک لەو زانیارییە گرنگانەی پێدەگا، کە پێشتر لێی بێبەشکرابوو و بەشێوەی دیکە ئاشکرا نەدەبوو. (ل. ١٣)

لەخوارەوە باس لەوە دەکەین، چ کاری بەدواداچوونە و چیش کاری بەدواداچوون نییە:

- کەسێک یان سەرچاوەیەک لە پۆستێکی گرنگ تەلەفۆن بۆ رۆژنامەنووسێکی سیاسی دەکات و پێی دەڵێ، کە ئەو بەڵگەیەکی لایە بۆ وەزیرێک هیچ باش نییە. رۆژنامەنووس بەڵگەکە وەردەگرێت و بڵاوی دەکاتەوە، بێئەوەی هیچ بەدواداچوونی لەسەر بکا. یەک کۆمێنت لەلایەن وەزیرەوە بەسسە. ئەمەیان خەبەرێکی گرانە، کە تایبەتە بە وەزیر و پێویستی بە بەدواداچوونی رەخنەگرانە و لێکۆڵینەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبینین بەش ناکا. لێرە رۆڵی رۆژنامەنووس تەنیا گواستنەوەیە.

- لێمان گەرێ ئەمجارەیان سەرچاوەی رۆژنامەنووس، تەنیا ئاگادارکردنەوەی رۆژنامەنووسە و بێئەوەی بەڵگەیەکی پێبدا. رۆژنامەنووووس بەڵگەنامەی لەرێگەی قسەکردن لەگەڵ چەند کەسێکەوە دەستکەوتووە. لە ئەرشیڤی جیا جیا گەراوە، چەند کەسێک دژی ئەو کاریان کردووە. لێرە دیارە رۆژنامەنووس بەدوای بەڵگەنامەکە گەراوە، ئەگەر ئەم گەرانە بە ئینسیاتیڤی خۆشی بووبێت.

- رۆژنامەنووسێکی تایبەت بە کارەکانی شارەوانی، کاغەزەکانی ژمێریار سەیردەکات و دۆسییەیەک دەبینێتەوە، کە تێیدا پیشانی دەدا، ڤیسەکارتی شارەوانی (پارەی شارەوانی)، بۆ کاری تایبەتی خۆی بەکار هێناوە. لێرە رۆژنامەنووس هەواڵ یان زانیارییێکی گرنگی دەستکەوتووە، بەڵام رۆژنامەنووس ئەو زانیارییەی دەستکەوتووە و ئەو ئاشکرای نەکردووە، بەڵکو کەسی ژمێریار بەدواداچوونەکەی کردووە.

- لێرە رۆژنامەنووس بریاردەدا لە شارەوانییەکانی دیکە بەدواداچوون لەسەر ڤیسەکارتی شارەوانییەکانی دیکە بکات و دەبینی زۆر لە فەرمانبەران ڤیسەکارتی شارەوانییان بۆ خەرجی تایبەتی خۆیان بەکار هێناوە. لێرە رۆژنامەنووس بەخۆی





هەڵساوە و بەدواداچوونی لەسەر لایەنێکی گرنگی فەرمانبەرانی شارەوانی کردووە و زانیاری دەستکەوتووە، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە فەرمانبەران ئەم کارتەیان بۆ خەرجی تایبەتی خۆیان بەکار هێناوە، کە بەیارمەتی بەدواداچوونی رۆژانامەنووس ئاشکرا بووە. (ل. ١٤)

زۆر لەرۆژنامەنووسان لەوبروایەدان، کە نەدانی زانیاری مەرجی گرنگن، کە ناوی بەدواداچوونی لێبندرێ.

بەدواداچوون لەوکاتە بەرووونی دیارە، کە هیچ تروسکاییێک نابینیت، بەڵام یەک بیرۆکە، رێکەوتێک دەتباتە سەر سککە و بە ئاراستەی راستت دەبا. ئەم کاتە ناخۆشانەیە، ناچارت دەکەن، بەجۆری دیکە بیربکەیتەوە و بیرۆکەی تازەت بۆبێت. (ل. ١٥)

**کێ دەتوانێ بەدواداچوون بکا؟**

+ کێیە ئەوەی سەرکەوتن دوای سەرکەوتن بەدەست دێنێ؟ نهێنییە گەورەکان ئاشکرا دەکا.

+ **ئەوانە نەترسن**: لەگەورەترین دەستەڵات یان کەس ناترسن.

+ **چیرەیان درێژە**: قەت هیلاک نابن و بەردەوام لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە دەرۆن، بۆئەوەی لەکۆتاییدا ئەنجامی پێویست بەدەست بێنن.

+ **خۆدەپارێزن**: بەردەوام تەئکید لە بیرۆکەکانی خۆیان دەکەنەوە بۆئەوەی لە قۆناغی زوو بزانن، رێگای راستیان هەڵبژاردووە.

+ **ماندوونەناسن**: ١٠١ جار تەلەفۆن بۆ سەربەست ناوێک دەکەن، تا ئەو سەربەستەی ئەوان دەیانەوێ قسەی لەگەڵ بکەن.

+ **خاوەنی پێشنیازی خۆیانن**: لەوکاتەی مێتۆدی گشتی بەشناکات، کار لەسەر مێتۆدی تایبەتی خۆیان دەکەن.

+ **زۆر جوان دەبینن**: ئەوان باش لە بچووکترین زانیاری تێدەگەن و قەدری دەزانن. بۆ روونکردنەوە لە وردەکارییێکی بچووک، ئامادەن سەدان لاپەرە هەڵبدەنەوە.

+ **ئەوان توێژەرن:** لە ئەنجامی کۆکردنەوەی ئەو هەموو مەتریالەی دەستیان کەوتووە، ئامادەن یان جورئەتیان هەیە، بۆچوونی خۆیان بڵێن، ئەگەر لەکاتێکدا بۆئەوان مەترسییێکی گەورەش بێت، کە بۆچوونەکەیان لەوانەیە تەواو نەبێت.

**چ شتێکی پاڵ بەو کەسانەوە دەنێت، کە بەو شێوەیە کار بکەن، ئەویش بێگومان گەڕانە بەدوای هەقیقەت.**

زۆر لەوانەی خەریکی بەدواداچوونن، بۆ ئەوە دەژین و تامی ژیان لەوەجۆرە کارە وەردەگرن.

چەند زیاترت بۆ ئاشکرا ببیت، تۆ دەتەوێ هێشتا زیاتر ئاشکرا بکەیت. وەک ئەوەی ئەو ئاشکراکردنانە، هێز و وزە بە ڕۆژنامەنووس ببەخشن. (ل. ١٦)

**بۆیە دەبی بەدواداچوون بکەیت**

بۆچی خەریکی بەدواداچوون بیت، لەکاتەی سوڕ دەزانیت بە یەک دوو تەلەفۆن زانیاری پێویستت بۆ نووسینی گوتارێک یان بەرهەمێکی تەلەفزیۆن دەست دەکەوێ؟

- **بۆخاتری جەماوەر:** تەنیا لەوکاتەی تۆ خەریکی بەدواداچوون دەبیت، وەک ڕۆژنامەنووسێک دەتوانی ماف و ئەرکی خۆت بەرامبەر بە جەماوەر تێربکەیت، بۆیان ڕوونبکەیتەوە لەپشت دەرگا داخراوەکان و ژێرزەمینەکان لە پەنای دیموکراتییەت، چ هەیە و چ ڕوودەدات. بۆئەوەی بەشێوەیەکی چڕ و خەست بەدواداچوون لەسەر کارەکانی دەستەڵات بکەیت، دەبی زانیاری پێویست هەبی. بۆ ئەوەی زانیاری پێویستیش دەست بکەوێ، دەبی خەریکی بەدواداچوون بیت. ئەگەر ڕۆژنامەنووس بەدواداچوون لەسەر دەستەڵات نەکا، ئەی ئەمەیان دەبی کاری کێ بێت؟

- **بۆخاتری ڕێداکشن، دەستەی نووسەران:** بۆ زۆربەی ڕۆژنامەکان، بەدواداچوون لەخوارەوە پێشنیاز دەکرێ. هیچ شتێک ڕۆژنامەنووسوەک کاری بەدواداچوون فێرناکات، چۆن ڕۆژنامەنووس کار بکا؟ ئەو فێرت دەکا، چۆن پرسە ئاڵۆزەکان





شیبکەیتەوە، ناچارت دەکات لەگەڵ وردەکارییەکانی ئەخلاقی پیشە بەردەوام لە داکۆکی و خەبات دابیت، لەوکات تۆ تێرتر و وریاتر دەبیت، چ وەک ڕۆژنامەنووس چ وەک تاکێکی کۆمەڵ. ئەوەیان بەهێزترت دەکات و بڕوات زیاتر بەخۆت دەبێ، لەوکات خەڵک زیاتر لە گەندەڵییەکان ئاگادارت دەکەنەوە. لەوکات ناوی تۆ دەبێتە مارکە و یارمەتی زیاترت دەدا، کە سەرکەوتن لە بەدواداچوونەکانت بەدەست بێنی. (ل. ١٦ - ١٧)

**کات بۆ بەدواداچوون پەیدا بکە** (وانەی حەفتەم)

**لێرە پرسیارێک بەرزدەبێتەوە:** چۆن دەتوانی دەست بە کاری بەدواداچوون بکەیت؟ ئەوەی ڕوونە، تۆ بەهیچ شێوەیەک نابێ بە منگە منگ و گلەیی و داواکردنی پارەی زیاتر دەست بە کاری بەدواداچوون بکەیت. بۆ ئەوانەی تازە دەستیان بەکارکردن لەسەر ئەم جۆرە نووسینە کردووە، باشە هەر کات هەبوو، خەریکی بەدواداچوون بیت. دەکرێ نیو سەعات زووتر بێیت و ئەوەندەش درەنگتر بچیتەوە ماڵ. ئەم زوو هاتن و درەنگ گەڕانەوە، لەوانەیە بۆداهاتوو زۆر باش بی. لەوکاتەی کارەکە تەواو دەبی، بەدوور نازاندرێ دەستەی نووسەران قەرەبووی هەموو ئەو کاتە زیادانە بکەنەوە. هیچ ڕۆژنامەنووسێکی بەدواداچوون بۆ کاری زیادە و کاتی زیادە پارەی زیاتری پێنادرێ، هەتا لە ڕۆژنامە هەرە گەورەکانیش پارەی زیادە بۆ کاتی زیاد نادرێ.

لێرە پێویست ناکا، بەردەوام سەردانی سەرنووسەر بکەیت و بێ ئەو هیچت پێنەکرێ، دەبی بەشیویەکی دیکە سەرنووسەر بکەوێتە ژێردەستی ڕۆژنامەنووس. دەبی ئاگات لە کاتی دیارکراو بۆ پرۆژە کە هەبێت و تێبینییە وردەکان لەدەفتەری تایبەت بنووسیت و پێشنیازی باشت بۆ کۆبوونەوەکانی بەیانیان هەبێت. تۆ دەبی ڕۆتینی تایبەتی خۆت بۆ دروستکردنی هەواڵەکان هەبی. (ل. ١٧ - ١٨)

- **ڕۆژنامەی زۆر بخوێنەوە:** تەنیا گوتار  وهەواڵی ڕۆژنامە گەورەکان مەبڕە و بەڵکو ئاگاداری ڕۆژنامە لۆکالی و تیراژ کەمەکانیش بە.

- **سەرچاوە بچینە**: هەموو ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەیت لەداهاتوو سەرچاوەی باشی هەواڵ و زانیارین، لەکاتێدا ئەگەر چاوپێکەوتنەکە بەخراپیش دەستی پێکردبێ.

- **دەفتەری بیرەوەری تایبەتی خۆت هەبێ**: هەوڵدە کاتە گرنگەکانی خۆت بزانیت وهەرنەبێ بۆئەوەی بزانیت تۆ کەی و لەکوێ خەریکی چی بوویت. هەروەها بەردەام بیرۆکە تازەکانی خۆت بنووسە، کە لەوانەیە لەداهاتوودا سوودی لێوەربگریت و بەرهەمی داهاتووت دەوڵەمەند بکا.

- **فەرمان و ڕێنماییە تازەکان بخوێنەوە**:بۆ زۆربەی رۆژنامەکان، فەرمانگەکانی میری و راپۆرتی ساڵانە و زانیاری ورد دەنێرن، وەک رۆژنامەنووس، چەند بۆت بکرێ ئەوەندە فەرمان و رێنماییە تازەکان بخوێنەوە، هەروەها بەدواداچونی رۆژنامەنووسان بخوێنەوە، بزانە ئەو دەزگا یان فەرمانگانەی لە رۆژنامەی خۆت بەدواداچوونیان لەسەر ناکرێ، کامانەن؟ دەتوانی بیانکەیت بە هیخۆت.

- **سەردانی دەزگا و وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی حکومەت بکە**: باشە بە ئاگاداری سەرنووسەر و بەشدارنەبوون لە کۆبوونەوەی بەیانیان، بۆ دروستکردنی هەواڵ سەردانی ئەو شوێنانەی سەرەوە بکەیت و بەردەوامیش دیارە لەوێندەر بە هەواڵ و زانیاری تازەوە دێیتەوە.

ئەگەر تۆ بتوانی ئەو کاتە زیادە کەمەی، کە چەند خولەکێکە بۆ بەدواداچوون بەکاری بێنی، بۆئەوەی کار لەسەر پرسێک بکەیت و زانیارییەکان کۆبکەیتەوە، پەیوەندی بەو کەسانە بکە، کە دەبێت ئینتەرڤیویان لێورەبگرتیت و تەلەفۆنیان بۆبکەیت و بۆ هەفتەی داهاتوو کاتیان لێوربگریت.

ئەگەر سەرەداوە بچووکەکان لەگەڵ گەورەکان بتوانی کاریان لەسەر بکەیت و لەیەک کات، کۆمەڵێک پرۆژە و بیرۆکەت هەبێ، لەوکاتەی تۆ پرۆژەت هەبێت و دەستت بە بەداواداچوون کردبێت و سەرەداوی گرنگت دەست کەوتبێ، کەس ناتوانی خۆ لەتۆ تورە بکات یان گلەییت لێبکا، هەتا سەرنووسەریش، چونکە تۆ رۆژانە کاری خۆتت کردووە و هەواڵ و زانیاری پێویستت نووسیوە.





تۆ بە هێمنی و بەتەنیا خەریکی بەدواداچوون بوویت و ئێستا گەیشتیتە قۆناغێک یان ئاستێک، کە لەوانەیە بهێنی زیاتر کاری لەسەر بکەیت و نهێنی گەورەت بۆ ئاشکرا ببێت. لەوکاتەی تۆ دەزانی لە سەرکەوتن نزیک بوویتەوە و دەتەوێ هەموو کاتی خۆت بۆ ئەو کارە تەرخان بکەیت، دەچیتە لای سەرنووسەر و داوای رەزامەندی ئەو دەکەیت و ئەویش دژت دەوەستێ بە نەخێر وەڵامت دەداتەوە.
تۆ بەئامانج گەیشتوویت و ئێستا رۆژنامەنووسێکی بەدواداچوونیت. (ل. ١٨ - ١٩)

**بیرۆکەکان بێنە سەرمێز**

لە چییەوە دەست پێبکرێ؟ بڕیاردانی یەکەم، لە بەدواداچووندا لەهەموویان گرنگترە. ئەوەش دەکاتە ئەوەی، کە باشترین بیرۆکە بێتە پێشەوە و کاری لەسەربکرێ.

هەندێکیان ئەرشیڤی کۆنی خۆیان هەڵدایەوە، هەندێک لە ئاهەنگێکی گەورە بەشدابوون، یەکی دیکە سەیری لاپەڕەی گفتوگۆی (دێبات) لە رۆژنامەکەی خۆیکرد، بەو شێوەیە بیرۆکەکان هاتنە پێش و بیری کارکردنیان لەسەر کرا. بیرۆکەی باش لەهەموو شوێنێک دەکرێ سەرهەڵبدا و پەیدا بێ. بیرۆکە باشەکان پەیدا دەبن و هاواردەکەن، کە کاریان لەسەر بکرێ. دەبێ ئەوەش بنووسین، ئەگەر رۆژنامەنووس لە پرۆژەیەکی بەدواداچوون سەرکەوتونەبێت، گرانە جارێکی دیکە داوای یارمەتی و پرۆژەی تازە لە سەرنووسەر بکا. هەموو کەسێکیش بەرگەی شکان دوای شکان ناگرێ. هەموو رۆژنامەنووسێک، کۆمەڵێک بیرۆکەی تازەیان لا هەیە و کار لەسەر گرنگترین یان پێویسترینیان دەکەن. لەوکاتەی بیرۆکەی یەکەم دەشکێ و تەواو دەرناچی، یەکسەر کار لەسەر بیرۆکە یان پرۆژەی دووەم دەکەن.

رۆژنامەنووس گومانی لە هەموو شتێک و هەموو کەسێک بە شێوەیەکی تایبەتی هەیە

(Sudd och oförskämt) هەیە. James Madison سەرۆکێکی زۆر تایبەتی ئەمریکابوو لە ساڵەکانی ١٨٠٠ خۆی گوتی: هەقیقیەت ئەوەیە، کە هەموو ئەوانەی دەستەڵاتیان هەیە، دەبی گومانیان لێبکرێ.

(Sanningen är Alla med makt måste misstros) لەهەمان کات ئەو نەیگوت: هەموو دەستەڵاتداران ڕاسگۆنین. بۆئەوەی دەستمان بگاتە کەسە درۆزن و گەندەڵەکان، دەبی کەسە ڕاستگۆکانیش لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ.

سەرکەوتنەکانی (یانی یوسفسۆن) لە ڕێپۆرتاژ دوای ڕێپۆرتاژ لەوەدایە: دەستەڵاداران لەوبڕوایەدان هەموو شتێک تەواوە، بەڵام لەوکاتەی یانی یوسفسۆن کۆنترۆلی قسەکانی ئەوان دەکا، دەردەچێ قسەکان تەواو نین. دەستەڵاتداران لەگەڵ درۆکانیان ڕووبەڕووی یەکتر دەکرێنەوە. (ل. ٢٠ - ٢١).

زۆر لە بیرۆکەکان لەکاتی وەرگرتنی ئینتەرڤیو وەگیردەکەون، لەوکاتەی بەرپرس نایەوێ وەڵام بداتەوە، یان لە پرسیارێک هەڵدێ یان تووشی وەڵامی قۆڕ دێت، هەقیقەتێ دەڵێ، کە نەدەبوایە بیڵێ.

لەهەموو کاتێک هەندێ بابەت هەن، دەکرێ کاریان لەسەر بکرێ وەک: دزی و گەندەڵی. کەسانێک هەن بەردەام دەستەڵاتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دێنن. ئەوەش لەوکاتە وەدیار دەکەوێ، کە بەدوداچوون لەسەر دەستەڵاتداران دەکەیت و پۆخڵەواتەکانیانت بۆ ئاشکرا دەبی. (ل. ٢٣)

**بیرۆکە ڕاست و دروست هەڵبژێرە**

هەموو ئەوانەی خەریکی بەدواداچوونن دەیانەوێ بگەنە لوتکە و شتی نوێ ئاشکرا بکەن. زەنگی تەلەفۆن لێبدا و ئیمەیلی زۆریان بەدەست بگا. هاوپیشەکان پیرۆزباییت لێبکەن و مونافیسەکان حەسودیت پێببەن و دەستەڵاداران ناچاربکرێن ڕەنگدانەوەیان هەبیت و هەڵەکان ڕاستبکرێنەوە. بەڵام هەندێک جار شتەکان بەپێچەوانە دەبنەوە و سەرکەوتنکەکان هیچ باسیان لێوە ناکرێ. (ل.٢٣)





زۆر لەو بەدواداچوونانە لەبیر دەکرێن یان بایەخیان پێنادرێ، چونکە بۆ کۆمەڵ بایەخیان نییە. زۆر جار ئەوکارانە دەکرێن، چونکە دەبی بکرێن یان کارەکە ئاسانە.

هیچ هەڵەنییە، ئەگەر کار لەسەر پرسە ڕەقەکانی وەک: گەندەڵی ئابووری و کارە فەرمییەکان بکرێ.

بەڵام بیر لە بابەتە نەرمەکانیش بکەوە وەک: تەندروستی، پەروەردە و قوتابخانە، خانووی بەساڵاچووان و پرسی خانووبەرە و عەقارات. تۆ هەر یەک لەم بابەتانە هەڵدەبژێری، قەت مرۆڤەکان لەبیر مەکە و دەبی ئەوان لە سەنترۆم بن. دەکرێ باس لە بەهەدەردانی ملیۆنان دۆلار بکرێ، بێئەوەی کەس بەلایەوە گرنگ بێت. بەڵام ئەگەر تۆ بتوانی پیشانی بدەیت، کە چۆن ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تاکی کۆمەڵ دەبی، ئەوەیان شتێکی ترە. دەربارەی بەدواداچوون لەسەر گەندەڵی دەستەڵاتداران ئاسانە. چەند کەسانی گەورەتر تێیەوە گلاوبن، ئەوەندە زیاتر بۆ خەڵک سەرنجڕاکێشترە. لێرە لایەنی ئیتیکیش گرنگە، پشتگوێ نەخرێ. دەتوانی پیشانی بدەیت، چۆن دەستەڵاتداران دەستەڵاتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار هێناوە، بێئەوەی هێج ریاکشن (هەڵوێست یان ڕەنگدانەوە) هەبی. هەوڵبدە بەردەوام تەنیا بەدوای کەموکورتییەکان نەگەڕێیت، کە پشتی هەندێک لەزەوی بدا. ڕۆژنامەنووسانی لەو شێوەیە، خەڵک بڕوایان پێناکات و لێیانەوە بێزار دەبن. (ل. ٢٣ - ٢٥).

**Få tips سەرنج و زانیاری وەربگرە** (وانەی هەشتەم)

لە شوباتی ٢٠٠٧ بەرنامەی ئوپدراگ (بەدواداچوون) تیپسێکی (زانیارییێکی) زۆر گەرمی بۆهات. قیمەی لە دوکانەکانی Ica Mxi دەفرۆشترا بەیانیش بەهەمان داتا و بە پێچراوی نوێوە دەفرۆشنەوە. ئەوە دەکرا ببێتە گەورەترین ئاشکراکردن لە مێژووی بەرنامەکە. هەموویان لەوبڕوایەدابوون، بەرنامە گەیشتۆتە لوتکە و دەرفەتێکی باش هاتۆتەپێش، بەڵام کەس نەیدەزانی چۆن ئەم کارە خراپە ئاشکرا بکا. ئەم چارەسەرە و دەستبکاکاربوونە شەش مانگی خایاند. لێرە

رۆژنامەنووسان تاکە کەسن، کە جەماوەر متمانەیان پێدەکا. دەبی رۆژنامەنووسان ئەو متمانەیە لەدەست نەدەن.

لێرە شێوەی وەرگرتنی تیپس (زانیاری نهێنی) جیاوازە، هەیە یەک فایل بەڵگەنامە بۆ رێداکشون دەهێنێ، بەڵام قەت هەموو زانیارییەکان بەدواداچوونیان بۆناکرێ و ناخرێنە بەرنامە. بۆیە زۆر لەو تیپسانە هەر وەک خۆیان دەمێننەوە و هیچ کاریان لەسەر ناکرێ. لەوانەیە هەندێک تیپسیش، ببنە ئاشکراکردنی زۆر گەورە، بەڵام لەکۆتاییدا دەکەونە تەنەکەی زبڵ. بۆیە باشە، هەرنەبی یەک تۆز سەیریان بکە و بەدواداچوونی وردی بۆبکە و کورتە شانسێکی پێببەخشە.  بیر لەوەش بکەوە، ئەو کەسەی زانیاریت بۆ دەهێنی، لەوانەیە نازانێ، رۆژنامەنووس پێویستی بە چ بابەتێکە.

باشە ئەو کەسەی زانیارییەکەی بۆهێناویت، بزانیت: بۆچی بۆتۆی هێناوە؟ ئایا ئەو هیچ لەو ئاشکراکردنە، قازانج دەکا؟ دەبی ئەوە بزانیت، کە ئەو کەسەی زانیارییەکەت بۆدەهێنی، بەردەوام مشەوەشە و دەترسێ، بۆیە تا زووە ئەو دەیەوێ لەوێ بڕوا و هیچ باسی نەکرێ و خۆی بزر بکا. ئەگەر بەتەلەفۆن کەسێک زانیاری پێدایت، چاکە تا بۆتبکرێ زیاتر کەسەکە لەسەر خەت بهێڵەوە، بۆئەوەی زۆرترین زانیاری لەسەر بابەتەکە لێوەربگریت و دەبی دڵنیاشی بکەیتەوە، کە ئەو هەر بە نەناسراو دەمینێتەوە و کەس باسی ناکا و ناوی ناهێنێ. لەگەل ئەوەش باشە، ناو و تەلەفۆنی لێوربگریت، بۆئەوەی بەدواداچوون لەسەر بابەتەکە بکرێ. (ل. ٢٨ - ٢٩).

### سەرەداوی خۆت هەبی

بیرۆکەی بەدواداچوون، زۆرجار لەناکاو وەدیار دەکەون. ئەوەش دەکرێ، لەکاتی پیاسە بەناوشاردا، یان لە ئاهەنگی تایبەت، یان هەموو ئەو شتانەی هەستی پێدەکەیت، کە هەڵەیە و نابێ بەوشێوەیە بێت. ئەوەش لە رۆژنامەنووس بۆ رۆژنامەنووس شێوەی دۆزینەوە و بەدواگەڕان جیایە. (ل. ٣١)





### بخوێنەوە و بیبڕە

یەک لەو سەرچاوە باشانەی بەدواداچوون، بێگومان رۆژنامەکانن. باشە رۆژانە هەواڵ و زانیارییەکان بخوێنیتەوە و ئەوانەی بەلاتەوە گرنگن، لێیبکەیەوە و لە شوێنێکی تایبەت بیانپارێزیت، لێیانەوە بیرۆکە وەربگریت.
هەرچەند زۆر لەسەر بابەتێک نووسرابێ، لەوانەیە بەشنەکات و هێشتا نهێنی زیاتر مابن و ئاشکرا نەبووبن. (ل.٣١ - ٣٢).

### تاقیبی رووداوەکان بکە

یەک نموونە: لە دیسێمبەری ٢٠٠١ دوو کەسی میسری داوای پەناهەندەییان لە سوید کردبوو. دواتر ئاشکرابوو، کە ئەوان کار لەگەڵ رێکخراوێکی ئیرهابی دەکەن. حکومەت بڕیاریدا، ئەم دوو کەسە بۆ میسر بگێڕێتەوە، نامەیەکیشی بۆ حکومەتی میسر نووسی، کە نابێ ئەم دوو کەسە تەعزیب بدرێن یان لەسێدارە بدرێن. لێرە دەرچوو، ئەو نامەیە بۆ وڵاتێکی دیکتاتۆر، کە رۆژانە خەڵک لەبەندیخانەکان تەعزیب دەدا، هیچ سوودی نییە. دواتر بەدواداچوون لەسەر گەڕاندنەوەی ئەم دوو کەسە کرا، دەرچوو بۆ گەڕانەوەیان فرۆکەیەکی هەواڵگری ئەمریکی لە فرۆکەخانەی (برومە) دابەزیبوو، کە پڕی خەڵکی موخابەرات بوون و ئەوان میسرییەکانیان بۆ تەعزیبخانەکانی میسر گواستەوە. ئەم ئاشکرابوونە، بۆ حکوموتی سوید زۆر ناخۆش بوو و سەرکەوتنێکی یان ئاشکراکردنێکی گەورەبوو بۆ بەرنامەی (Kalla fakta - فاکتی سارد) لە کەنالی چواری سویدی پیشاندر و بەرنامەی لەسەر ئامادەکرا.

بۆئەوەی باشتر لە لێکتێگەیشتنەکان  بگەین، باشە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە بگەڕێیت:

**هۆکانی روودانی ئەمە چیبوو؟ ئەنجامەکەی چۆن دەبێ؟ رێنماییەکان چی دەڵێن؟ کێ لێی بەرپرسە؟ کێ لەو کارە سوودمەندە؟ کێ لەمە نهێنییێک دەپارێزی؟**

ئەوانە پرسیاری باشن کاریان لەسەر بکرێ. (ل. ٣٤ - ٣٥)

**کار لەسەر ڕووداوە سەیرەکان بکە (ئاهەنگ)**

ڕووداوی سەیروسەمەرە یان ئاهەنگ ئەوەیە، کە زۆر پێش ڕوودانی دەبێتە هەواڵی گەورە. لەبەر ئەوەی گرانە و پارەی زۆر دەوەستێ، ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس لە بەدواداچوون دەبێ: پێش و لەکاتی و دوای ئاهەنگەکە بەدواداچوونی لەسەر بکا.

لەخوارەوە نموونە دەنووسین، کە چ دەبێ بەدواداچوونی لەسەر بکرێ. (ل.٣٣)

- **ئەوانەی لێیوە بەرپرسن**: لێکۆڵینەوە لەسەر کەسە سەرەکییەکان بکە، کە لەوانەیە زانیاری زۆر بەنرخیان لا هەبێ.
- **بەدوای بەخت بگەڕێ**: لەو کەسانە بکۆڵەوە، کە خەڵکی سەرنجڕاکێشن و نەدەبوایە لەوێندەربن.
- **ئابووری**: بگەڕێ بەدوای ئەوەی، کێ سپۆنسەری ئاهەنگەکان دەکا و کێش لەو ئاهەنگە دەباتەوە.
- **سەلامەتی**: ئاگات لە کێشە و کەموکورتییەکان بێ.
- **دامودەزگاکانی حکومی**: لەکاتی خۆی دەستبەکاربە.

**وەڵام یان چارەسەرەکان**: لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنجامی ئاهەنگەکە بکە. (ل. ٣٦).

**بەردواداچوون لەسەر کەیسی خەڵکی دیکە بکە** (وانەی نۆیەم)

ڕۆژنامەنووس نایەوێ بەدواداچوون لەسەر کەیسی خەڵکی دیکە بکات و زیاتر دەیەوێ بەدواداچوون لەسەر هەواڵ و زانیارییەکانی خۆی بکا. زیاتر لەبەر ئەوەیە، ڕۆژنامەنووس نایەوێ بەکاری خەڵکی دیکە یان لەسەر شانی خەڵکی دیکە، ببێتە ئەستێرە. لەگەڵ ئەوەش، بۆ هەموو لایەک باشە، ئەگەر بەدواداچوون لەسەر پرسەکان بکرێ و نهێنییەکان ئاشکرا بکرێن. زۆرجار ڕۆژنامەنووس زۆر شت ئاشکرا دەکا، بەڵام کاتی ئەوەی نییە، تا بن بەدواداچوون بکات و هەموو ڕاستییەکان ئاشکرا بکا. ڕوودەدا، ڕۆژنامەنووس بەدواداچوون لەسەر پرسێک دەکات و لە دەزگایەکی دیکە بڵاو دەکرێتەوە، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کار دەکەن.





لە سێمینارێک، کە کەناڵی چواری سویدی ئامادەیکردبوو، بیرۆکەیەکی لە ڕۆژنامەی (سڤێنسکە داگبلادێت) بۆهات، کە بەدواداچوون لەسەر چاویلکەخانەکان بکا. Josefin Ziegler، پەیامنێرێک بوو و چاوی هیچ عەیبی نەبوو و سەردانی کۆمەڵێک دوکانی چاویلکە فرۆشتنی کرد. ئەو پرسیاری دەکرد: (ئایا من پێویستم بە چاویلکە هەیە؟)، زۆر لە چاویلکەفرۆشەکان لەوبڕوایەدابوون، کە ئەو پێویستی بە چاویلکە هەیە و یەکێکیان گوتی: ئەگەر چاویلکە نەکڕیت، دەبیە مەترسی لەسەر ترافیک... ئەم بەدواداچوونە بووە هۆی ئەوەی ڕەخنە لە ئۆپتیکخانەکان (عەینەگفرۆشەکان) بگیرێ. هەندێک ڕۆژنامەنووس بۆ هەمان مەبەست و هەمان بەزم، سەردانی دانمارکیان کرد و لەوێش وەک سوید هەڵەیان کرد و دەیانگوت دەبی چاویلکە بکڕی.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، دەبێ هەموو بیرۆکەکان سوودیان لیوەربگیرێ، کە لەئەنجامدا، هاوڵاتی سوودمەند دەبی. (ل.٣٦ - ٣٧).

**سەیری ڕاپۆرتی زیاتر بکە**

لەوکاتەی بەرنامەکانی کالیبێر لەگەڵ ئێکۆت، بەدواداچوونیان لەسەر گرتوخانەکان کرد، سوودیان لە ڕاپۆرتی کریمینالۆرد وەرگرت. Bo Göran، توانی بسەلمێنی نیوە لەو ١٢ کەسەی لەژووری بەندیخانەکان خۆیان کوشت، دەکرا نەکوژرێن و ژیانیان ڕزگار بکرێ. لێرە وەڵامی یەک پرسیاری ئاسان: چۆن ڕاپۆرت دەنووسن و چۆنیش هەڵە لە نووسینی ڕاپۆرتەکان دەکەن، لەوکاتەی کەسێک هەڵەیەک دەکا؟ ئەوە پرسیارەکە. (٣٧ - ٣٨)

ئەم جۆرە کارکردنە، زیاتر بۆ ئەو وڵاتانەی، کە ڕاگەیاندن لە لوتکەیە و سەدان ڕۆژنامەنووس خەریکی بەدواداچوونن، ئەوان بەشدارییان لەخول کردووە، لەیەکتر فێربووین، ئازادی ڕادەربڕین و قسەکردن و نووسین هەیە. لەوێندەر، ئەم ڕۆژنامەوانییە، زۆر بە جددی سەیر دەکرێ و کۆری لەسەر دەکرێ و ئەنجامەکەی بەرز دەنرخێندرێ.

**بەدوادچوون لەسەر سکاڵاکان بکە**

زۆر لەو سکاڵایانەی ئەم دواییەی ڤۆرد (تەندروستی)، بەرێگای سکاڵاکانی هاوڵاتییان بەدواداچوونی لەسەر کراوە، کەموکورتییەکان ئاشکرابووین و لەناو کۆمەڵ بۆتە مشت و مڕی گەورە. (ل.٣٩). لێرە زۆر گرنگە، رۆژنامەنووس بزانی، سکاڵاکان بۆ چ دەزگایەک دەنێردرێن و کاریان لەسەر دەکرێ، هەوەها لەکوێندەر دەپارێسترێن. ئەوانە دەبنە هەوێنی بەدواداچوون و رۆژنامەنووسان دەتوانن کاری لەسەر بکەن. یەک لەوە بەرنامەی تەلەفزیۆن،

**ئەو گروپانەی چاوی کۆمەڵ و کامیرایان لەسەرە، بەرنامەی** ئۆپدراگ گرانسکنینگ کردی، بەدواداچوون بوو لەسەر دکتۆرێک، بێ بینینی خولی تایبەت و بەهۆی کاغەزی ساختە دەیتوانی لەهەر شوێنێک بیەوێ، نەشتەرگەری ئەنجام بدا.

عەقارات، پۆلیس، خاوەن بارِ و رێستەورانتەکان، دادوەرەکان، سایەق تەکسی، ژمێریارەکان...هتد، بەردەوام چاوی کامیرایان لەسەرە و دەکرێ بەدواداچوون لەسەر کارەکانیان بکرێ. (ل.٣٩).

**بیرۆکەکەت بفرۆشە**

تۆ بیرۆکەکەت تاقیکردۆتەوە و تێگەیشتی، کە دەکرێ کاری لەسەر بکرێ. یەکەم کاری تۆ، رازیکردنی بەرێوەبەرەکەتە، کە بەشێوەیەیەک قسەی لەگەڵ بکەیت، کە زۆر گرنگە و پارە و کاتی دەوێ. دەبی لەوەش بگەین، ئەمجۆرە پرۆژانە کات و پارەی زۆریان دەوێ، بۆیە ئەگەر رازی نەبێ، بەلاتەوە سروشتی بێ.

لەوانەیە بیرۆکەیەکی زۆرباش، ئەگەر رۆژنامەنووس نەتوانی بە کورتی بۆی باس بکات و تێبگەینی، پەیام نەگا. ئەو دەبی وەڵامی ئەم پرسیارەی سەرنووسەری هەبێ: (بۆچی ئەم پرۆژەیە باشە؟). لێرە سەرنووسەر چاوەڕێی وەڵامی درێژ ناکا، بۆیە باشە ئەگەر تۆ پێشتر خۆت بۆ وەڵامێکی لەم شێوەیە ئامادەکردبی. لەخوارەوە هەندێک ئامۆژگاری دەنووسین، کە چۆن قسە یان وەڵامی سەرنووسەر بدەیتەوە:





- **تاکتیکت هەبی**: لەوکاتەی سەرنووسەر دڵخۆشە و زەوقی هەیە، بۆ ئەم پرسیارە سەردانی بکە. نەک لەوکاتەی زۆر هیلاکە و چاوی هەڵنایە. لەهەردووکیان باشتر، ئەگەر زووتر کاتێکی لا دیاری بکەیت و لەو سەردان بۆی باس بکەیت.
- **راست و رەوانبە**: تۆ دەتوانی تەنیا چەند خولەکێک لای سەرنووسەر دابنیشیت و باسی ئەم بابەتەی لەگەڵ بکەیت، لەم ماوەیە، هیچ پێویست ناکا سەرنووسەر بە وردەکاری خەریک بکەیت. پیشانی بدە، تۆ لەم بوارە باشیت.
- **راستگۆبە**: بەڵێنی زۆر مەدە، ئەگەر لەکاتێکدا لە هەندێک خاڵ دووودڵبیت یان دڵنیا نەبی، ئاگاداری سەرنووسەر بکەوە.
- **ریالیستبە واقعبینبە**: لەوانەیە سەرنووسەر لێت بپرسی: کەی ئەم نووسینە بڵاو دەکەینەوە؟ لێرەش بەڵێنی زۆر مەدە و باشە بڵێیت، دواتر بۆ ئەم پرسیارە دەگەڕێنەوە، ئەو وەڵامەمان دەست دەکەوێ. (ل. ٤١ - ٤٢).

## بەشی سێیەم

### سەرپەرشتی کردنی بەدواداچوون (وانەی دەیەم)

ئێستا دەبی کارەکان ڕێکبخرێن، پارە و پێویستییەکانی بۆ ئامادە بکرێ، تیمێک پێکبهێندرێ و سەرپەرشتیارکەرێکی زۆر باشی دەوێ.

ڕۆژنامەنووسێکی باش، کە ئاشقی بەدواداچوونە، بە سەرمایەیەکی کەم، دەتوانی سەرکەوتنی زۆر بەدەست بێنی.  بەڵام لێر بەشناکا، کە تۆ دەستەی نووسەرانت لەپشتە، بەڵکو پێویستیت بە سەروتر هەیە. پێویستت بە خاوەنئیمیاتزێک هەیە، کە بەرپرسیارێتی بخاتە ئەستۆی خۆی و ڕۆژنامەنووس لە دڵەڕاوکێ دوور بخاتەوە. هەروەها پێوستت بە خاوەنێک هەیە، کە گشت خەرجییەکان بخاتە ئەستۆی خۆی.

- **دەستەی نووسەران:** هیچ ڕۆژنامەوانییێکی دیکە نییە، وەک بەدواداچوون بتوانی بەو شێوەیە کار لەسەر هەست و سۆزی خەڵک بکا. جەماوەر ڕۆژنامەوانی بەدواداچوونی دەوێ و دەستەی نووسەران، دەبی بەچەند ڕۆژێک نهێنییەکان ئاشکرا بکا و پیشانی بدا، تەنیا بەو شێویە و بەم کارە ئەمجۆرە نهێنییانە ئاشکرا دەبن.

- **گۆڕانکارییەکان:** تێکنەگەیشتنەکان لە کۆمەڵگا ڕاست دەکرێنەوە.

- **بەرپرسیارێتی کۆمەڵ:** تەنیا لەڕێگەی بەدواداچووندا، ئەو هەواڵ و زانیارییە گرانانە بڵاو دەکرێنەوە، کە جەماوەر پیویستی بە زانینیان هەیە و بۆئەوەی ڕایان لەسەر پرسە گرنگاکان هەبی.

- **تیپس - زانیاری:** ئەو کەسانەی تیپسەکان بۆ دەستەی نووسەران دێنن، زۆربەی کات بۆ ئەو کەسانە دەبەن یان ئەو ڕۆژنامانە دەبەن، کە ئازان و ناترسن.

- **ئیمکانیات:** لەگەڵ کات، سەرنوسەر ئەو ڕۆژنامەنووسانە بۆ ئەو کارانە دەبا، کە پێشتر نهێنی گەورەیان ئاشکرا کردووە و لەم بوارە شارەزایی باشیان وەدەست هێناوە.

- **خەڵاتی ڕۆژنامەوانی:** زۆربەی جار، خەڵاتی ڕۆژنامەوانی بەو کەسانە دەدرێ، کە لە بەدواداچوون کاری کردووە و تێیدا سەرکەوتوبووە.





- **باوەڕ پێکردن:** لێرە دەبی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆی بژین و پیی بژین. دەزگای ڕاگەیاندن پیشانی دەدا، کە لە دەستەڵات ناترسێ و بەردەوام بەدوای ئاشکرکردنی کەموکورتییەکانی ئەوانە.

- **کاریباش:** روی دەزگای راگەیاندن سپی دەبی، خەڵک زیاتر باوەریان پێدەکا، زیاتر دەیناخوێنێتەوە، لەوکات ریکلامیش زۆرتر دەبی، رەوشی دەزگا باشتردەبی.

**کاتی پێویست:** ئەمە گەورەترین کێشەی بەدواداچوونە. دەبی هەموو شتەکان زۆر باشبن و خراپە و لەکۆلخۆکردنەوە بەشناکا.

دەبینین، کاری بەدواداچوون لە ئەنجامدا کارێکی باشە و ڕۆژنامە یان دەزگای ڕاگەیاندن پێیەوە دەژی. (ل. ٤٣ - ٤٥).

### بەدواداچوون ئاسان بکە

لە فۆرمولەکردنی بیرۆکەی تایبەتی خۆت، بەدواداچوون دەستپێبکە. تۆ وەک سەرپەرشتیاری کارەکە، تەنیا ئامۆژگاری ڕۆژنامەوانی خۆت ناکەیت، بەڵکو سەرپەرشتی کاری ئەوانەی دیکەش دەکەیت. ئەگەر نیازت بەدواداچوون بێت، دەبی خۆت یەکلابکەیتەوە، کە دەتەوێ کار لەسەر ئەو پرۆژە بکەیت. لێرە بێگومان ڕای جیاواز لەدایک دەبن، هەندێ دژی بۆچوونەکانت دەوەستن و ئەوانەی دیکەش پشتگیریت دەکەن. گلەییەکان لەوەن، کە پارە و کات بەشی ئەم پرۆژەیە ناکات. لێرە لە ریداکسیونیش لەوانەیە یارمەتی تەوات نەدەن.

کاری یەکەمت، دەبی ئەوەبێت، کە بەدواداچوون لەو شوێنەی کاری تێدەکەیت، ببێتە کولتور و بەردەوام لەم پڕۆژانە هەبن. لەوە دەستپێبکە، باس لە گرنگی ئەم پرۆژەیە لەگەڵ هاوپیشەکانت لەسەر کار بکەیت. لەهەر دەزگایەک بەلای کەم کەسێ هەیە پشگیری لەمجۆرە کارە دەکا، هەولبدە ئەو کەس یان ڕۆژنامەنووس بکەیتە هاوکارت. ئەگەر ئەو ڕۆژنامەنووس لەیەکەم کاری سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بێگومان کاری دیکەی بەدوادێت، بۆیە نابی لە کاری یەکەمت سەرکەوتن بەدەست نەهێنی.

**باشە رای هەندێک رۆژنامەنووس وەربگریت:** ئەگەر تۆ لەسەر پرۆژەیەکی لەمشیوەیە کار بکەیت، لە چییەوە دەستی پێدەکەیت یان چۆن کاری لەسەر دەکەیت. کارێکی دیکەی زۆرباش، ئەوەیە، کە هەوڵبدەیت، رۆژنامەنووسان هان بدەیت، بەشداری لە خولەکانی بەدواداچوون بکەن، بۆ سیمینارەکانی بەدواداچوون بچن. چەند زیاتر کار لەسەر ئەم بوارە بکەن، ئەوەندە زیاتر بۆ دەستەی نووسەران ئاسانتر دەبێت و وەرگرتنی رەزامەندی ئاسانتر دەبی. (ل. ٤٥ - ٤٦).

**ئامانجێک دابنێ** (وانەی یازدەم)

زۆر گرنگە لەم پرۆژەیە ئامانجێک دابنێیت، بۆنموونە : دەبێ لە چوار ساڵی داهاتوو، چوار خەڵاتی نیشتمانی و جیهانی ببەمەوە. لەوکاتەی دەبینی، کە سەرکەوتن دوای سەرکەوتن بەدەست دێنی، خۆت هەستی پێدەکەیت، کە پرۆژەکانت گرنگ و جەماوەری زۆر دەیانخوێنێتەوە.

ئەگەر هیچ ئامانجێک بۆ بەرنامەکانت دانەنێیت، لەوانەی کارمەندان سەریان لێبشێوێ و نەزانن لوتکە چییە و کەی پێیدەگەن. یان بۆ چ ئامانجێک کار دەکەن، دەیانەوێ چ بەدەست بێنن.

**زەمینە بۆ بەرهەمهێنان خۆشبکە**

بەدواداچوون بۆ دەزگای راگەیاندن گرانە و کاتی زۆر دەوێ. لەگەڵ ئەوەش دانیشتن و بەردەوام گلەیی کردن، بەشناکا، ئەویان تێرنییە و بەهیچ شوێنێکت ناگەینی و لەشوێنێ خۆت بۆپێشەوەت نابا. دەبی هەوڵبدەیت، ریسورشی (پارە)ی بۆ پەیدا بکەیت.

لە دەزگا بچووکەکان، هەموو خولەکێ زۆر گرنگە، کە چۆن بتوانی بەرنامەکە پڕبکەیتەوە، لاپەڕەکان بە بابەتی باش پڕبکەیتەوە. بەڵام لەم دەزگا بچووکانە دیسان بەشی ئەوەندە کات دەمینێتەوە، کە کات لەسەر ئەم پرۆژانە بکرێ.





**شوێنی یەکتر پڕبکەنەوە**

ئەگەر کەسێک لەناکاو نەخۆش بکەوێ، زوو شوێنی ئەو پڕبکەنەوە. بەرنامەیەک دابنێن، کە دوو کار لەسەر هەواڵ بکەن و کەسی سێیەمیش با خەریکی بەدواداچوون بێت.

**کار بەشێوەی خەستر بکە**

دەزگا بچووک و گەورەکان لەوبڕوایەدان، کە ئەوان ئێفێکتیڤانە کار دەکەن، لەگەڵ ئەوەش بەشی ئەوەندە کات هەیە، کەمێک تیرتر - خەستتر کار بکەیت. شۆڕشی تەکنۆلۆجی کارەکانی ئاسانتر کردووە و هەرزانتریش کردووە.

**یارمەتی لەدەرەوە وەربگرە**

پەیوەندی بە قوتابخانەکان و بەشەکانی راگەیاندن بکە، کە بێن و یارمەتیت بدەن. دەکرێ ئەوان بەناوی پراکتیک بۆ ماوەی دوو هەفتە لەگەڵ تۆ کاربکەن. (ل.٤٩ - ٥١).

- **نزیکی نێوان پەیامنێر و سەرنووسەر یان خاوەنی ئیمتیاز:** دەبێتە یارمەتی پرۆژەکە نەکەوێتە قالبی بەستن لەلایەن ئەو کەسەی بڕیاردەدا، ئایا پرۆژەکە کاری لەسەر بکرێ یان پشتگوێ بخرێ.
- **بە ئاسایی دەبی وەربگیرێ، کە ئاراستەی کارکردن زوو دەگۆڕدرێ:** و هەندێک لە پرۆژەکە دێنە دەرەوە.
- **هەبوونی پەیوەندی بەهێز:** لەنێوان بەیوەبردنی پرۆژەکە و هەبوونی ئارەزوو، کە یارمەتی رۆژنامەنووسی بەدواداچوون بدرێ.
- **توندکردنی پەیوەدنی لەکاتی پێویست:** ئەمەیان پێویستە، لەوکاتەی رۆژنامەنووس لە تونێلی تاریکە.

بنەماکانی بەدواداچوون داندرایە و ئێستا کاتی پێکهێنانی تیمێکە.

**تیمێک پێکبێنە** (وانەی دوازدە)

زۆر گرانە، کەسێک بەتەنها بتوانێ بەدواداچوون بکات و ئەنجامی باش وەدەست بێنێ. زۆر لە پرۆژەکان تەواوناکرێن، تەنیا لەبەر ئەوەی رۆژنامەنووس هیلاک

دەبێت و بەسەر گرفتەکان زاڵ نابێ. بێگومان هەندێک رۆژنامەنووس لەوکاتەی بەتەنهان، باشتر کار دەکەن، لێرە دەبێ خاوەن کار لەمە تێبگا و ئەو ژینگەیەی ئەو دەیەوێ بۆی دابین بکا. بەڵام ئەو شێوە کارکردنەی بەتەنها، لە کۆکردنەوەی یەکەم دەکومێنت دەستپێدەکا، بەدەگمەن ئێفێکتیڤە و ئەنجامی باشی دەبێ. چونکە رۆژنامەنووس لە هەموو شتەکان وەک یەک باش نییە. یەکێک باشە بە کۆکردنەوەی زانیاری، ئەوەی دووەم بە نووسینی تێکست و سێیەمیش لە گێڕانەوەی زیرەکە.

ئەوەی بەتەنها کار دەکا، لەکاتی هەبوونی کێشە تەنیا یەک کەسی هەیە، لەکاتی پێویست هانای وەبەر ببا، ئەوەیش بەڕێوەبەرەکەیەتی. لێرە لەکاتی کارکردن بەتیم، کێشەکان زۆر کەم دەبنەوە. لێرە مەبەست ئەوەنییە، کە ئەمشێوەکارکردنە، پێویستی بە بەرپرسێک نییە. پرەنسیپەکە بەوشێوەیە: چەند تیم زووتر پێکبێ، ئەوەندە زووتر کارەکە تەواو دەبێ. وێنەگر دەتوانی بیر لە گرتەکان بکاتەوە، رۆژنامەنووس بیر لە ئینتەرڤیووەکانی دەکاتەوە...هتد.

لە بەرنامەی (Uppdrag granskning) بەردەوام بەشێوەی تیم کاردەکەن. تیمەکەش لە دوو رۆژنامەنووس، لەگەڵ وێنەگر و مونتاژکەر، هەر تیمێکیش بۆ هەر وەرزێک دوو ریپۆرتاژ ئامادە دەکا. ئەگەر پرۆژەکە زۆر گەورەبیت، کات و کادری زیارتری بۆدابین دەکرێ. زۆر لەو خەڵاتانەی ئەم بەرنامەیە یان بەدواداچوون وەریدەگرن، لەوەدایە، چونکە ئەوان خەریکی کاری زۆر ئاڵۆز و گرانن. (ل. ٥٢ - ٥٣).

**بەدواداچوون لەکاتی پێویست دەکرێ.**

ئەو گروپەی خەریکی بەدواداچوونە، لەئەنجامدا، کەسانی پسۆریان لیدەردەچێ و دەبنە جێگای شانازی دەزگاکە و جگە لەوە دەزگاکە بەوەوە دەناسرێتەوە و زیاتر ناو و ناوبانگ دەردەکا.





دەبی ئاگاداری ئەوەبین، کە گروپی بەدواداچوون نەکەوێتە دورگەیەک و ئاگای لە کارەکانی دیکەی دەزگاکەی نەمینێ. دەبی هەموو بەیەکەوە کار بکەن و جگە لە کاری خۆیان، بەردەام ئاگایان لە پرۆژەکانی دیکەش هەبی. (ل.٥٤ - ٥٥).

**بڕیاری گرنگ**

زۆر لە رۆژنامەنووسان دەیانەوێ کار لەسەر بیرۆکەکانی خۆیان بکەن، ئەوەش بەسسە بۆئەوەی سەرنووسەر بە نەخێر وەڵامی پرۆژەکان بداتەوە. زۆر بەدەگمەن، بیرۆکە زۆر باشەکان لە ژووری سەرنووسەر لەدایک دەبن. بەڵام لەو دەزگایانەی بەدواداچوون نییە، دەبی سەرنووسەر رەزامەندی لەسەر بیرۆکەکانی رۆژنامەنووسان بدا.

زۆر لە پرۆژە بەدواداچوونەکان، دەیان هەزار دۆلاری دەوێ، بۆیە هیچ سەیرنییە، کە بەڕێوەبەر دژی بوەستێ، بەڵام لەڕاستیدا، لەداهاتوو بەدواداچوونەکان خۆیان دەکرنەوە. (ل. ٥٦).

**تیمەکە رێکبخە**

لە کۆبوونەوەکانی رۆژانە دەبی ئەم پرسیارانە بکرێن:

- ئەمرۆ چیبکەین؟ چاوپێکەوتن لەگەڵ کێ بکەین؟ چ پرسیارێک بەرزبکەینەوە؟ چ بەڵگەیەک کاری لەسەر بکەین؟ هەروەها لە کۆبوونەوەکانی هەفتانە دەبی باس لەوانە بکرێ: چیمان هەیە؟ چی زیاترمان پیویستە؟ چۆن بۆپێشەوە بچین؟ ئایا شیوەی کارکردن پێویستی بە گۆڕانی قالبەکە یان تاکتیک هەیە؟ کار لەسەر بیرۆکە لابەلاکان بکەین؟ ئایا دەهێنێ هێشتا لەسەر ئەم پرۆژەیە بەردەوام بین؟ لێرە دەبی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بەرنامەی کاری لە کۆبوونەوەکان لەبەردەست بێت، بۆئەوەی هیچ بیرۆکەی گرنگ لەبیر نەکرێن. (ل. ٦٠ – ٦١).

### کێشەکانی دێنە پێشەوە

گرانترین مەرج لەسەر رۆژنامە ئەوانەن، کە رۆژنامەنووسان بەجۆری جیا هەستی پێدەکەن، لەوکاتەی کێشەی چاوەڕی نەکراو دێنە پێش.هەندێک سڕدەبن وئەوانەی دیکە بەشێوەی سروشتی سەیری دەکەن.

لەخوارەوە هەندێک لە ئامۆژگاری دەنووسین، چۆن بتوانن هێمنی بپارێزن و بەسەر گرفتەکانیان زاڵبن.

- **رۆژنامەنووس ڕێگای لێبزر دەبێ:** رۆژنامەنووس بەو هەموو بۆچوونانەی ڕێگای لێبزردەبێ. باشە زوو رۆژنامەنووس بگەڕێتەوە خاڵی سەرەکی بەدواداچوونەکە.
- **رۆژنامەنووس لە بازنەیەکی سارد و بێکۆتایی دەجوڵێتەوە:** ڕێگای پیشانبدە تا نزیکترین دەرچوون و ڕزگابوون.
- **رۆژنامەنووس هەڵدێ:** لەوانەیە لەبەر قەلەقی و گرانی ئەم پیشەیە، رۆژنامەنووس ڕادەکات و بۆ کاری پێشتری دەگەڕێتەوە.
- **رۆژنامەنووس رادەکات و واز لەکارەکەی دێنێ:** ڕوودەادت پاش کارکردن بۆ ماوەی چەند مانگێک، هیچ ئەنجامی پیویست وەگیر ناکەون، بۆیە ڕۆژنامەنووس واز لەم پرۆژەی دێنێ. لێرە وشەی جوان بەشی رۆژنامەنووس ناکات و لەوانەیە باشتربێت، ئەگەر ئەو بۆماوەیەک پشوبدات و دەست لەو پرۆژەیەی هەڵبگرێ. (ل. ٦٢ - ٦٣).





## بەشی چوارەم

### بەشیوەی خەست بەدواداچوون بکە

بەدواداچوون بەشیویەکی چر، پێویستی بە بەرنامە و پلانی تۆخمە هەیە. لێرە کۆمەڵێک ئامۆژگاری باس دەکەین، کە چۆن بتوانی کارەکانت ڕێکبخەیت و بەشیویەیەکی چر و پر کار بکەیت و کات و پارە پاشەکەوت بکەیت.

لە کاری رۆتین و رۆژانە هەر لەکۆبوونەوەی بەیانیان رۆژنامەنووس دەزانێ کاری ئەو ڕۆژی چییە و چەند کاتیش دەخایەنی. بەڵام لە بەدواداچووندا، مەرجی دیکە بۆکارکردن هەن. هەر پرۆژەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەوانەیە رۆژنامەنووس ناچاردەبێ بەشێویەک کار بکا، کە پێشتر قەت تەجروبەی نەکردووە. لەهەر پرۆژەیەکیش رۆژنامەنووس ئەزموونی زۆر پەیدا دەکات و بۆ کارەکانی داهاتووی سوودی زۆری لێدەبینی. بەڵام لێرەش رۆژنامەنووس نازانی، ئەو کێشە و گرفتانەی دێنە پێشی چین. رۆژنامەنووس نازانی، کیشەکانی دێنە پیش چین و چەندیش بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە کات پێویستە. زوو ڕوودەدات، رۆژنامەنووس لەکاتی دیارکراو ناتوانی پرۆژەکە تەوا بکات و بەڕیوەبەرەکانیش توڕە دەبن و متمانەیان کەمتر بە رۆژنامەنووس دەبی. یانیش رۆژنامەنووس تووشی دلەڕاوکێ دەکات، چونکە دەبی لەکاتی دیارکراو پرۆژەکە تەواو بکا. ئەم کات بەشنەکردنە و پەلە پەلییە، لەوانەیە ببێتە هۆی نەدانی زانیاری پێویست. جگە لەوانە، ئەو رۆژنامەنووسانەی تووشی ئەم بارودۆخە دەبن، خەمۆکی دەیانگری و بڕیاردەدەن، کە قەت جارێکی دیکە دەست بەو پرۆژانە نەکەن. بۆیە زۆر گرنگە، ئەو کاتەت پێبدەن، کە پرۆژەکە پێویستی پێیەتی. کاری بەدواداچوون، دەبی پێویست بە ستریس نەکا. چۆن دەکرێ ئەو پرۆژانە ئەنجام بدرێن و رۆژنامەنووس بە نەرمی کارەکانی بروێنی، بێگومان پێویستی بە بەرنامە و پلانی تۆخمە هەیە.

## پرۆژەکە دابەشبکە

**(وانەی سێزدە تاقیکردنەوەبوو)**

**(وانەی چواردە)**

لەوکاتەی ڕەزمەندی لەلایەن بەڕێوەبەروە وەردەگریت، لەوکات بەدواداچوون دەستپێدەکا. بەوەرگرتنی ڕەزامەندی ناتواندرێ تەلەفۆن بۆ هەموو کەسەکان بکرێ و سەیری هەموو دەکومێنتەکانبکرێ، لێرە دەبی ئەو کاتە بدۆزیەتوە و بەجوای بیربکەیەتوە، کە پرۆژەکەت پێویستی بە چەند کات هەیە.

- **لە ئینتەرنێت بەدوای زانیاری بگەڕێ**: دەستپێکردنێکی نەرمە، کە تۆ بزانیت پێشتر چ لەسەر ئەو بابەتە نووسرایە، بۆئەوەی شارەزاییێکی باشت لەسەر هەمان بابەت دەستبکەوێ.

- **بەڵگەنامەکان ئامادە بکە**: ئەو نامە و بەڵگەنامانەی گشتی دەبی بەباشترین شێوە سوودیان لیوەربگیرێ.

- **سەرچاوەی بینین و قسەکەرەکان پەیدا بکە**: لە تەواوی پرۆژەکەت، تۆ پێویستت بە یارمەتی کەسانی دیکە دەبێ. ئەو یارمەتییە لەسەرەتادا بۆئەوەی زانیاری گشتیت دەستبکەوێ و دواتریش بۆئەوەی وردەکارییەکان ڕوونبکرێنەوە.

- **خراپتێگەیشتن لە بەڵگەکان**: هەندێکجار پێویست ناکا زۆر بەقووڵی لێیبکۆڵیتەوە بۆئەوەی لە ڕاستی و دروستی بەڵگەکان تێبگەیت، چونکە خۆیان ڕاستییەکان دەڵێن. بەڵام باشە بەشێوەیەکی سیستێماتیکی ناوە ناوە سەیری بەڵگەکان بکەیت، بۆئەوەی جارێکی دیکە هەڵسەنگاندن بۆ مەتریالەکە بکەیت.

- **داوای بەرپرسیارێتی بکە**: ئەگەر گومانت لە پرسیارێک بۆ دروست بوو، باشە لێرە کەسەکە ببینت و ڕاستی و دروستی بابەتەکەی لەگەڵ باس بکەیت.

- **چیرۆکەکە باس بکە**: ئێستا تۆ یەک چیا بەڵگە و دەکومێنتت لەسەر پرۆژەکەت کۆکردۆتەوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە بەجوانی بیرکەیتەوە، کە چۆن بتوانی چیرۆکەکە بەشیوەیەکی جوان و باش و مەوزوعی بگێڕیتەوە و هەقیقەتەکان باس بکەیت.





- **بەدواداچوون لەسەر کارەکانی خۆت بکە**: لەوکاتەی تەواوی مەتریالەکانت هەیە، دەبی جارێکی دیکە فاکتەکان کۆنترۆل بکەیت.

- **چاوەڕی هێرشی چەواشە بکە**: تۆ کارێکی گەورەت ئەنجام داوە، بۆیە دەبی جاوەڕێ بکەیت، کە کەسانێک هەن دژ بە پرۆژەکەت کار دەکەن و قسە دەکەن و دەیانەوێ پرۆژەکەت پووچ بکەنەوە. بۆیە لێرە دەبی تۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەت لاپەیدا بێ. لەوکاتەی هەموو بەش و لایەکانی پرۆژەکە بە شێوەیەکی گشتی دەبینی، ئاسانتر دەبی، پلان بۆ کارەکەت دابنێیت و دەشزانیت چەند کات بۆ جێبەجێکردنی پێویستە. (ل. ٦٥ - ٦٩).

### پلانی هەفتە دابنێ

زۆر کەس هەن، دەست بەکارەکانیان دەکەن، بێئەوەی هیچ بەرنامەیەک دابنێن. چی بکەین ئەمڕۆ، ئەو پرسیارە لەخۆیان دەکەن. لێرە هیچ بەدوور نازاندرێ لەسەر وردەکاری بەنرخ پاز بدەیت و لەبیر بچێت یان هەر واز لە پرۆژەکەت بێنی، چونکە دەکەویتە ناو گۆمێک و لێت دەشێوی لەچییەوە دەستپێبکەیت.

هەولبدە، بەرنامە بۆ کارەکانت هەفتە لەدوای هەفتە دابنێ. هەولبدە ڕۆتینێک بۆخۆت ڕێکبخە وبەردەام بەرنامەت بۆ هەفتەی داهاتوو هەبێ. بەرنامەکە یان پلانەکە دەتوانی لەسەر کاغە بنووسیت یان بە کۆپیوتەر، ئاساییە لەیەک کاتدا کار لەسەر چەند سەرەداوێک بکەیت. دەکرێ ڕۆژەکانی هەفتەش بەسەر ڕۆژەکان دابەش بکەیت، بۆئەوەی کارەکەت هێشتا جوانتر بڕوا. ئەو کارانەی زۆر گرنگن بۆ پرۆژەکەت هەولبدە هیچ دوایان مەخە و زوو کاریان لەسەر بکە، چونکە ئەوان کاکلی پرۆژەکەتن. بەردەام پێش ئەوەی بچیتەوە ماڵ، دەبی سەیری لیستەکەت بکەیت و بزانیت بەیانی خەریکی چیدەبیت. زۆر باشە ئەگەر تۆ ئەو ڕۆتینەت هەبی، بەردوام بزانیت خەریکی چیت و لە کوێندەری پرۆژەکەتیت. هەرکەسێک لە شەوورۆژێکدا کاتێکی دیارکراوی هەیە، بەباشتری شیویە دەتوانی کار بکا. تۆ بۆخۆت سوود لەم کاتە وەربگرە. لەوانەیە گرانبیت، پلانەی هەفتانە دابنێیت، ئەگەر تۆ ڕۆژنامەنووسی هەواڵی بیت و لەهەمان کات خەریکی بەدواداچوونیش بیت.

بەڵام بەرنامەی کار یارمەتیت دەدا لە هەردووک شێوە بەجوانی کار بکەیت و تێشیدا سەرکەوتوبیت. (ل. ٦٨ - ٦٩).

**ئاگات لە رێکخستنەکانت بی**

٤٣١٩ لاپەڕەی A4، ٣٧٨ فایلی کۆمپیوتەر، ٧٨ گوتاری براوی رۆژنامە، ٣٦ کورتەنامەی لەبیریان مەکە، ١٢ کاتژمێری تۆمارکراو، ٥ کتێب، ٣ پێرم مەرتیال، ئەمە مەتریالی ئاسایی پرۆژەکانی بەدواداچوونە، ئەگەر ئێمە بە ژمارە ناویان بهێنین.

زۆربەی رۆژنامەنووسانی بەدواداچوو، دەکومێنتیان خۆش دەوێ، چونکە بەهای زێڕیان هەیە. ئەمە لە سروشتی پیشەدایە. لە رێگەی بەڵگەکاندا، هەقیقەتەکان پیشاندەدرێن و ڕاستییەکان دەسەلمێندرێن. رۆژنامەنوسان بەردەوام زۆر زیاتر بەڵگە و سەرچاوە پەیدا دەکەن و گلەدەدەنەوە، لەوەی ئەوان بۆکارەکەیان بەکاری دێنن. ئەمەش مێتۆدێکی زیرەکانەیە. ئەم کۆکردنەوانە، لایەنێکن بۆ تەئمینکردنی سەرکەوتنی کار. چەند زیاتر لەتەواوبوون نزیکبیتەوە، هێشتا ژمارەی بەڵگەکەنات زیاتر دەبن.

زۆر گرنگە، ئەو بەڵگە و دەکومێنتانەی کۆتکردوونەتەوە، بەشێوەیەکی رێک و باش پۆلینیان بکەیت، بۆئەوەی لەوکاتەی بەدوای شتێک دەگەڕێیت، بە ئاسانی بتوانی بیدۆزیتەوە. بەشێوەیەکی سیستێمی هەوڵبدە بەڵگەکانت بەردەوام کۆبکەیتەوە و لە یەک شوێن بیانپارێزیت.

بۆئەوەی بەشێوەیەکی چڕ و خەست کار بکەیت، دوو رێگا یان دوو ئەرشیڤ هەیە: یەکەمیان لە شیوەی کاغەز و ئەوەی دووەمیش ئێلیکترۆنییە. لەبیر مەکە، لە ئەرشیڤی کۆمپیوتەر بەردەوام سەرچاوەکان ئەبدەیت بکەیت.

هەوڵبدە، بەڵگە کاغەزەکان لەسەر مێزی کارت بن یان زۆر لێیەوە دوور نەبن و بەردەوامیش ناویان لەسەر دابنێ و بەجوانی پۆلینیان بکە. هەندێکجار یەک بەڵگە دەبی لە دوو شوێن بێت، بۆیە چاکە لەم کاتەدا دانەیەک کۆپی بکەیت، بۆ ئەوەی لە دوو شوێن هەمان بەڵگەت هەبی. (ل. ٦٩ – ٧١).





**لە کۆمپیوتەر رێکیان بخە** (وانەی پازدە)

کۆمپیوتەر باشترین برادەری رۆژنامەنووسە یان دەبی وابی. هەندێک رۆژنامەنووس لە هەندێکی دیکە ئاسانتر لە کۆمپیوتەر دەگەن و سیستێمێک بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان دروست دەکەن، بەڵام زۆربەی هەرەزۆرمان بۆ نووسین و ناردنی نامەی ئێلیکترۆنی و گەڕان لە ئینتەرنێت بەدوای زانیاری بەکاری دێنن. بێگومان زۆر شتی دیکەش بەکۆمپیوتەر دەکرێن. دەبی باشتر خۆت فێری کۆمپیوتەر بکەیت و زیاتر لێیەوە شارەزابیت. (ل.٧١.)

**لەناوی بنووسە و لێبگەڕێ**

تۆ کاغەز دوای کاغەز پڕدەکەیتەوە و کاتژمێر دوای کاتژمێر بە MP3 دەنگ تۆمار دەکەیت. لێرە باشە، تەنیا ناوی ئەو کەسەی ئینتەرڤیوت لێوەرگرتووە نەنووسیت، بەڵکو ناوی بابەتیش بنووسیت. ئەوەش یەکسەر پاش وەرگرتنی ئینتەرڤیو دەستی پێبکە. هەروەها ژمارەی تەلەفۆن بنووسە و پرسیارەکانیش لەبیر مەکە. باشە ئینتەرڤیوەکان یەکسەر بخەیتە سەر کۆمپیوتەر و قەت بۆرۆژی دوایی تاخیری مەکە. (ل. ٧١ - ٧٢).

**لیستێک بۆناوەکان دروستبکە**

لەوکاتتەی خەریکی بەدواداچوونیت، سەدان کەس دەبینیت، بۆیە باشە لیستێک بۆ ناوەکان دروست بکەیت. هەموو ئەو کەسان ئەو زانیاریانەیان لایە، کە بۆتۆ زۆر گرنگن. لەتەنیشت ناوی هەر کەسێک، ژمارەی تەلەفۆن و ئێمەیل و فەیسبووک، پێش، شوێنی کار و زانیاری دیکەی پیویست بنووسە. (٧١ - ٧٢).

**مەتریالە زۆرەکە رێکبخە**

لە پرۆژەیەکی گەورە و پر دەکومێنت ئاسانە هەندێک شتت لەبیر بچێت و نەیاندۆزیتەوە. بە بەرنامەی ئەکسل، ئاسانە تەواوی ئەرشیڤەکەت پۆلین بکەیت. ئەتو لەو پرۆگرامە تەنیا مەتریالەکە ئەرشیڤ ناکەیت، بەڵکو لەسەر پێویستی تۆ بە بەڵگە و سەرچاوەکان رێکیان دەخەیت. (ل. ٧٢ - ٧٣).

## بەڵگەی ئێلیکترۆنی دروستبکە

بەڵگەیەکی کاغەز، کۆمەڵێک لایەنی باشی هەیە، وەک ئەوەی تۆ دەستت دەیگاتێ و بەئاسانی کاری لەسەر دەکەیت. بەڵام بەڵگەی ئێلیکترۆنیش لایەنی باشی خۆی هەیە. وەک بەئاسانی و لەهەموو شوێنێک دەستت پێیدەگات و بەئاسانی بە ئینتەرنێت بۆ هەموو شوێنێک دەینێریت. (ل. ٧٣ - ٧٤).

## لە کۆمپیوتەر بیدۆزەوە

زۆرجار بەڵگەیەکی زۆر گرنگ نادۆزیتەوە، لە ئینتەرنێت نامەیەکت داونلۆد کردووە، دیسان نایدۆزتەوە، بۆیە زۆر گرنگە ئەگەر تۆ بتوانی لەژێر ناوی تایبەت یان بەو شێوەیەی خۆت بابەتەکە دەدۆزیتەوە، فایلەکە بپارێزیت. من خۆم فۆڵدەرێک دەکەمەوە و هەموو ئەو بابەتانەی تیدەکەم، بۆ ئەو پرژە بەکاریان دێنم. بەردەوامیش پاش هەر ئەبدەیتێک رۆژی تازەی لەسەر دادەنێم. (٧٤ - ٧٦). (ناوەکان، فاکتە، ئینتەرڤیووەکان، پرسیارەکان، پەیوەندییەکان بەجیا بپارێزە.).

## کارەکەت بە دەکومێنتبکە

(وانەی شازدە)

کاری بەدواداچوون زۆربەی کات پەیوەندی بە دەکومێنتکردنی شتەکان هەیە. بۆ باشی خۆت، چاکە تەلەفۆن و شتەکانی دیکەی تایبەتی خۆشت لەشوێنێک بپارێزیت وەک ژمارەی تەلەفۆنەکان، هەواڵەکانی زیاتر کاریان لەسەر بکرێ، یاداشتنامە لەگەڵ نووسینەوەی یاداشتنامەی رۆژانە. ئەو کارە گرنگانەی کردووتە باشە بینووسیتەوە. دەکرێ تەنیا زانیارییە سادەکان بنووسیت، کە لەوانەیە بۆ ئەمڕۆ هیچ مانایەکیان نەبێت و بەسوود نەبن، بەڵام بۆ بەیانی زۆر گرنگن. قسەت بەتەلەفۆن لەگەڵ کێ کردووە، هەروەها بەڵێنت لە کێ وەرگرتووە. هەندێک هەن، هەموو تەلەفۆنەکان لە بەرنامەیەک دەپارێزن، بەڵام لەوانەیە بڵێین ئەوان زۆر دوور دەڕۆن، دەکرێ تەنیا چەند ڕستەیەک لە گفتوگۆکە بنووسیت و بەشدەکا. لەوانەیە بەرپرسێک بەڵێن دەدا، هەندێک بەڵگە یان مەتریالت بە ئیمەیل بۆ بنێری، دەکرێ ناو و ژمارەی تەلەفۆن و بەڵێنەکەی ئەو بنووسیت. لەوانەیە کەسێک





قسەیەکی کردبێت و دواتر لێی پەشیمان بووبێتەوە، تۆ بەڵێنی پێدەدەیت، کۆپلەکەی ئەو لاببەیت. لێرە دەبی لە یاداشتنامەکە و لەتەنیشت ناوی ئەو بنووسیت. لەوکاتەی یاداشتنامەکەی خۆت دەخوێنیتەوە، دێتەوە بیرت، چ بەڵێنێکت پێیداوە. بۆنموونە: تەلەفۆن بۆ بەرپرسێ دەکەیت، وەڵامت ناداتەوە، لە تەلەفۆنکەی نامەیەکی بۆ بەجێیێڵیت و داوای لێدەکەیت، کە کاتێکت بۆدیار بکا بۆئەوەی ئینتەرڤیوی لێوەربگریت، دیسان وەڵامی نییە، قسە لەگەڵ سکرتێرەکەی دەکەیت، هێشتا تەلەفۆنت بۆناکا. ئەم پرۆسەیە جار دوای جار دووبارە دەبێتەوە، دیسان ئەو هەر تەلەفۆنت بۆناکا، بۆیە دەبی هەموو جارەکان لەوکاتەی تەلەفۆنەکانت کردووە، چاکە رۆژ و مانگ و کاتەکە بەوردی لای خۆت بنووسیت. چونکە لەوانەیە کەسی بەرپرس درۆ دەکات و دەڵێت، پەیوەندی پینەکردووم بۆئەوەی من ڕایخۆم لەسەر ئەو بابەتە بدەم. زۆرجار ئەوان درۆ دەکەن. بە پیشاندانی یاداشتنامەکەت، زوو ئاشکرادەبی، کە ئەو درۆ دەکا. (ل. ٧٧ - ٧٨).

## ئینتەرڤیووەکانت تۆماربکە

زۆر لە رۆژنامەنووسان لە ئینتەرڤیووەکان وەک پێشان تەنیا قەڵەم و کاغەز بەکار دێنن، لەوانەیە ئەوە خراپ نەبی، بەڵام بۆ پرۆژەی بەدواداچوون دەبی تەسجیل بەکار بێنیت و دەنگەکان تۆمار بکەیت. زۆرجار لەگەڵ بەرپرسان دەبی چەند هەفتەیەک چاوەڕێ بکەیت، بۆئەوەی کاتێکت بۆ وەرگرتنی ئینتەرڤیو بۆ ئامەدە بکەن، تۆ چاوەڕی دەکەیت و دەبینی پێش ئینتەرڤیووەکە، کەسێک تەلەفۆنت بۆدەکات و ئاگادارت دەکاتەوە، کە ئەوڕۆژ ئینتەرڤیووەکە ناکرێ. ئەوان بەردەوام پەلەیانە و وەڵامی کورت دەدەنەوە و لە تۆمارکردنی قسەکان هیلاک دەبن. لەوانەیەی تۆ پێڕانەگەیت هەموو قسەکان وەکخۆی بنووسیتەوە. لەلایەکی دیکە، ئەگەر تۆ قسەکانت تۆمار نەکردبی، بەئاسانی کەسی بەرپرس دەتوانی بڵێ: کەمن ئەو قسەیەم نەکرووە و ئەو بەهەڵە لێتتێگەیشتووە. ئەگەر دەنگیت تۆمار نەکردبی، ناتوانی بەرگری لەخۆت بکەیت. لەوانەیە بۆ پەیپەر پێویست بە کوالیتێی دەنگی زۆر باش نەکا، بەڵام خراپەکەش زۆر باشترە لەوەی تۆ هەرتۆماری نەکەیت. (ل. ٧٩ - ٨٠).

## بەشی پێنجەم

### لە ئینتەرنێت بەدوای زانیاری بگەڕێ

لە ئینتەرنێت، دەتوانی بەنرخترین زانیاری بدۆزیتەوە. لەوانەیە هەموو کاتێک تەنیا گەڕان لە گۆگل بەش نەکا. لێرە فێرت دەکەین، چۆن بەدوای ئەو بەڵگەنامانە بگەڕێت، کە دەبنە سەرمایەی زۆر بۆ پڕۆژەکەت.

لەبەر ئەوەی لە کوردستان بەڵگە و دەکومێنت زۆر ناخرێنە سەر کۆمپیوتەر و بەتایبەتیش بەڵگە گرنگ و نهێنییەکان، ئێمە باس لەو بەشە ناکەین. چونکە جارێ ئەرشیڤمان نییە، باسێک نییە، کە لەوێوە زانیاری گرنگت دەست بکەوێ. لەگەڵ ئەوەش دەبی ئەوانەی خوارەوە بزانیت:

- پیویستت بە یارمەتی کەسێکی پسپۆر هەیە
- دەبی بزانی کێ برادەری کێیە
- دەبی بزانی یاساکە چی دەڵێت و چەند ڕێگات پێدەدا
- پیویستت بە ستاتستیک (ئامار) هەیە بۆئەوەی بزانیت، کە کێشەکە چەند گەورەیە
- تۆ لەکەسێک دەگەڕێیت، کە لە کەتەلۆگی تەلەفۆن ناوی نییە
- تۆ دەتەوێ بزانیت، چۆن بازاڕ بۆ بەرهەمێک پەیدا دەکەن
- سوود لە ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان وەربگرە (ل. ٨١ - ٩٧).





## بەشی شەشەم

(وانەی حەڤدە)

### سوود لە پرەنسیپەکانی گشتی (ئاشکراکان) وەربگرە (Offentlighetsprincipen)

لێرە باس لە باشترین ئالیاتەکانی بەدواداچوون دەکەین، کە دەبی شارەزابیت و لەدۆزینەوەش بەتوانابیت.

ئەمەیان باشترین کەلوپەلی ڕۆژنامەنووسانی بەدواداچوونە، ئەگەر بتوانی سوودیان لێوەربگری. بەڵام لێرە شارەزایی و لێهاتوویی پێویستە.

لەوانەیە بتوانی خەڵاتێکی زۆر گەورە وەربگریت، ئەگەر ڕێنماییەکانی هەندێک دەزگا یان وەزارەت شارەزابیت. بزانە سەیری بەدوداچوونی (نیلس فونکێ) بکە، کە لە ساڵی ٢٠٠٦ خەڵاتی گەورەترین ئاشکراکردنی وەرگرت.

لەوکاتەی وەزیری دەرەوەی سوید Laila Freivalds لە لێدوانێکی نکۆڵی لە داخستنی ماڵپەڕی پارتی توندڕەو و ڕەسیستی بەناوی: (سڤێریێ دیموکڕاتەرنا) کرد، بەهۆی شەپۆلی ناڕازی بڵاوکەنەوەی وێنە کاریکاتۆرەکانی پێغەمبەر، کەلە ڕۆژنامەی:

(Jyllande-PostensMyhammedtekninger)، بڵاوکرابۆوە، یەکسەر میلی کاتژمێر لای

Nils Funcke لێیدا یەکسەر پەیوەندی بە پەرلەمانەوە کرد. ئایا بەڕاستی بەردەستەکانی وەزیر بێئەوەی ئاگاداری وەزیر بکەنەوە، پەیوەندییان بە کۆمپانیانی ئینتەرنێت کردووە، کە ئەو ماڵپەڕە دابخەن؟ ئەو گەڕا بەدوای ئەوەی بزانێ لەم حالەتانە چ کەسێک یان فەمانگەیەک ئەو دەستەڵاتەی هەیە، کە ماڵپەر دابخا یان بەو جۆرە کارانە هەڵبستێ. لە وەزارەتی داد، سەرە داوێک پەیدابوو، کە بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزیر ئەم کارە کراوە. بۆ ڕۆژی دووەم، کە ئەم هەواڵە بڵاوکرایەوە، وەزیر دەستی لەکار کێشایەوە.

لە سوید پرەنسیپەکانی ئۆفێنتلیگهێت لە ساڵی ١٧٦٦ لەگەل ئازادی چاپەمەنی دەرچوو، کە دژ بە گەندەڵی و بەکارهێنانی دەستەڵات کاری پێدەکرا. ئەو بڕگەیەی

دەستوور یارمەتییەکی زۆر باشی بۆ رۆژنامەنووسان بتوانن بۆ بەرهەمەکانین سوودی لێوەربگرن.

بەڵام زۆرجار یاساکان هەندێک ئالۆزن و بەتایبەتیش لەوکاتەی مافی پاراستنی نهێنی دەبەخشێ. هەمووی دەکاتە ئەوەی، رۆژنامەنووس لەو وڵات یان هەرێمەی کاری تێدا دەکا، دەبی زۆر باش شارەزای دابونەریت و وردەکارییەکانی ژیان و لە هەمووشیان گرنگتر شارەزای دەستوور و یاساکان و رێنماییەکان بێت، بۆئەوەی بزانی دەستەڵاتی ئەو چەندە و وەڵامەکانی بەرامبەری چەند برِوایان پێدەکرێ یان رێگا هەیە، بە پشتبەستن بە یاسا بەدواداچوون لەسەر کەیسەکان بکا. ل. ٩٨.

**ئۆفێنتلیگهێت دەبێ ئامۆژگاری بکا**

مەبەست لە پرەنسیپەکانی ئۆفێنتلیگهێت، ئەوەیە، کە هاوڵاتی مافی ئەوەی هەیە داوای هەر زانیارییێک لە فەرمانگە و دەزگاکان بکا، بۆئەوەی تێبگا کارەکان چۆن دەرِۆن و جێبەجێ دەکرێن.

لەوکاتەی دەگوترێ، ئێمە مافی بەدەستهێنانی زانیاریمان هەیە، هیچ ناکاتە ئەوەی ئەو زانیارییانەی مۆری نهێنی و ئاشکرانەکردنیان لەسەرە بەخەڵک بدرێن.

تۆ داوای هەر بەڵگە یان زانیارییێک بکەیت، چاوەرێبە پێت بڵێن:

- ئەو دەکومێنتە لای ئێمە نییە
- ئەو دەکومێنتە بۆ هەموو کەس یان بڵاوکردنەوە نییە
- ئەم دەکومێنتە بۆ چ کەسانێک پیشاندانی قەدەغەیە ل. ١٠٠

**هاندلینگ– دەستبەکاربوون – بەڵگە - کەیس**

دەکاتە پارچەیەک لە زانیاری یان شێوەیەکە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی زانیاری، کە ئەمەش دەکرێ لە شیوەی نووسینی سەر کاغەز بێ، وێنە یان کاسێتی ڤیدیۆ یان دەنگ یان فایلی ئێلیکترۆنی بێت. ئەمانە کۆپیبن یان ئۆرگینال هیچ جیاوازییێک لەنێوانیان نییە.





**بەڵگەی ئاشکرا و مافی بڵاوکردنەوە:** لێرە هەموو کەسێک بۆی هەیە بچێت و داوای بەڵگە و دەکومێنتەکان بکا. هەموو ئەو شتانەی لێرە هەن، هاوڵاتی مافی وەگیرکەوتنی هەیە.

ئەو کاغەز و بەڵگانەی مۆری نهێنییان لەسەرە لەم شوێنە ناپارێسترێن.

بۆئەوەی بۆ هاوڵاتی ئاشکرا بکرێ یان پێی بدرێ، دەبی لە فەرمانگەیەکی حکومی بپارێسترێ. لێرەش دیسان بەگوێرەی یاسا و رێنمایی کاریان لەسەر دەکرێ. دەبی کەسی رۆژنامەنووس کاری لەسەر بکا. ل. ١٠٠-١٠١

ئێمەی رۆژنامەنووسان نامانەوێ مەتریالەکەمان بڵاوبکەینەوە، پێش ئەوەی چەندجارێک کۆنترۆڵی فاکتەکان نەکەین، پاکنووسی بۆنەکەین و تەواوی نەکەین.

یاسا رێگا بە فەرمانگە دەدا، کاتی هەبێت و دەکومێنتەکە بدۆزێتەوە و بیخاتە بەردەست رۆژنامەنووس یان هەر کەسێکی دیکە. ئەگەر کەیسێک تەواو نەبووبێت و هێشتا کاری لەسەر بکەن، دیارە لەوکات بە هاوڵاتی نادرێ. ئەمەش بەگوێرەی یاسا مامەڵەی لەسەر دەکرێ. ل. ١٠٦

تا ئێستا ئێمە داوای ئەو بەڵگە و دەکومێنتانە دەکەین، کە هەن و ئاشکران، بەڵام لەراستیدا دەکرێ داوای هەندێک کار لەو فەرمانگانە بکەیت، کە پێشتر وونن یان نەبووین. ئەوەی فەرمانبەرێک لەماوەی چەند خولەکێک هەر لە ناو کۆمپیوتەرەکەی بۆتی کۆپی دەکات و لە فۆڵدەرێک دەتداتێ، لەوانەیە تۆ بە مانگ خەریکی بیت ئینجا بۆت کۆنەبێتەوە. (من بۆ نووسینی گوتارێک لەسەر زانکۆ ئەهلی و حکومییەکانی کوردستان) بۆ وەزارەت چووم، ئەوەی لە دوو ژوور لە ماوەی پێنج خولەک دەستم کەوت، بەخۆم بە یەک مانگ بۆم نەدەکرا. ناوی هەموو زانکۆکانی کوردستانم لە پاش راپەرینەوە وەرگرت، ژمارەی قوتابی و بەش و کۆلێژەکانم وەرگرت. ل. ١١١. (دەکرێ سوود لە ئامارەکانی پۆلیس وەربگرین یان بۆ زۆر زانیاری داوای یارمەتی و سەرچاوە لەوان بکەین).

## بەشی حەوتەم

### زانیارییە نهێنییەکان پەیدا بکە (وانەی هەژدە)

هەوڵبدە تام و چێژ لە کۆکردنەوە و وەگیرکەوتنی ئەو هەموو سەرچاوانە وەربگریت، کە تۆ بۆ پرۆژەکەت پێویستت پێیەتی، هەتا ئەوانەی نهێنیشن. لەدەورەی نهێنییەکان بسوڕێوە. لەخوارەوە چەند ئامۆژگارییێک دەنووسین:

تۆ دەزانی هەندێک بەڵگ و سەرچاوە لە فەرمانگەیەک هەن و تۆش بۆ بەدواداچوونەکەت زۆر پێویستت پێیان هەیە. هەموو پرۆژەکەشت لەوانەیە بەوانەوە گرێدرابێت. ئەگەر دەستت بکەون، سەرکەوتن بەدەست دێنی و ئەگەر بەدەستیش نەکەوێ، ناچاریت وازی لێبێنی. لەوکات، دەبینی فەرمانگەکە بەڵگەکانت ناداتێ و هەموو شتێکت لەبەرچاو تاریک دەبێ، بەڵام لێرەدا خەباتەکە دەست پێدەکا. لێرە یاسای قەدەغەکردن دەستپێدەکا و دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

قەدەغەکردن دەکاتە بڵاونەکردنەوەی ئەو زانیارییەی کە نووسراوە یان گوتراوە. لێرە بەیاسایەک یان بەئازادی کەسی فەمانبەر دەتوانی بەڵگەکانت نەداتێ، بەڵام بە قسە بە ڕۆژنامەنووس بڵێ. وەک ڕۆژنامەنووس تۆ هیچ پێویست ناکا نهێنییەکان ئاشکرا نەکەیت، بەو مەرجەی کاریگەری لەسەر ئەمنی قەومی نەبێ، بە پێچەوانەوە کاری ڕۆژنامەنووسە، کە بەردەام نهێنییەکان ئاشکرا بکا.

بۆئەوەی تێبگەیت، چ زانیارییێک بۆ بڵاوکردەنوە نییە، دەبی بۆ یاسای قەدەغەکردن بگەڕێیتەوە و لەوێندەر بۆت ڕووندەبێتەوە، کە چ نهێننە و چیش نهێنی نییە. ئەمە دەستورنییە، کە نەتواندرێ دەستکاری بکرێ، بەڵکو یاسایە و یاساش بەردەوام دەکرێ هەموار بکرێتەوە. یاسای قەدەغەکردن لە ١٦ بڕگە پێکهاتووە و لەوێندەر بە وردی نووسرایە، چ تا کەی نهێنییە. ل. ١١٥.

### بەدەوری شتە قەدەغەکراوەکان بسووڕێوە

ئێستا کاتی ئەوەیە توانای خۆت تاقیبکەیتەوە و بەڵگە نهێنییەکان بهێنیتە بەردەست. قەت بەوە ڕازی مەبە، کە نامەیەکت لە فەرمانگەیەیک بۆدێت و دەڵێ





بەڵگەی داواکراو نهێنییە، بۆیە ناتوانین بۆتی ڕەوانە بکەین. ئەم جۆرە نامانە، ناکرێ بەوشێوەیە تێبگەین، کە مەبەستی لە هەموو بەرهەمەکەیە – هاندلینگ، ئەگەر فەرمانگەکە خۆشی بیەوێ تۆ بەوشێوەیە تێبگەیت. بەڵگەی نهێنی بۆ هەندێک زانیارییە لە هەندێک فەرمانەگە. ئەوەش دەکاتە ئەوەی، تۆ مافت هەیە ئەو زانیارییانەی قەدەغەنین لە هەمان بەڵگە بەتۆی بدەن یان تۆ وەگیرت بکەوێ. زۆرجار نهێنییەکان تەنیا لەسەر ناوی کابرایە، کە نایانەوێ خەڵک بیان ناسێتەوە. ئەگەر بەڵگەکان پەیوەندییان بە مەتریالێکی زۆر هەبی، فەرمانبەر قوڵتر لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکا. بەڵام لێرەش مەروخێ، چونکە تۆ پشتیوانیت هەیە و ئەنجومەنی راگەیاندن لەپشتتەوەیە. ل. ١٢٣

### لە فەمانگەی دیکە بەدوای هەمان زانیاری بەگڕێ

هەموو فەرمانگەیەک ڕێنامایی تایبەتی خۆی دەربارەی بەڵگە نهێنییەکانی خۆی هەیە. ئەمەیان پرسیارێکی بەجێیە باشە ڕۆژنامەنووس لەخۆی بکات. لێرە وەک نموونە دەتوانینشارەوانی لە کوردستان وەربگرین. هەندێک بەڵگە هەن، لە هەندێک شوێن دەکرێ نهێنی نەبن، بەڵام بێگومان شتە ئاڵۆز و گرنگەکان لە هەموو شوێنێک قەدەغەن. لێرە شارەزاییبوون لە وردەکاری و بیرۆکراتی و پەیوەندی نێوان فەمانگە و وەزارەتەکان دەبنە یارمەتییێکی زۆر باش بۆئەوەی کەسەکە ئەوەی بیەوێ وەگیری بکەوێ. ل. ١٢٥ – ١٢٦.

دەکرێ سوود لە وەکالەت وەربگریت یان کەسێک لەناوەوەی فەرمانگە یان دەزگا بدۆزیتەوە و بە نهێنی کاغەزەکانت بداتێ، بێگومان ئەگەر ئەم کاغەزانە هیچ پەیوەندییان بە ئەمنی قەومییەوە نەبێ...

- لێرە دەتوانی کاتێک لای فەرمانبەرێک دیاری بکەیت و بچیت ئامۆژگاریت بکا، کە تۆ چۆن دەتوانی ئەو بەڵگانەت دەست بکەوێ. ڕۆتینەکان چۆنن و چۆنیش سەرچاوەکانت دەست بکەوێ یان لە چییەوە دەستی پێبکەیت.

- لای فەرمانبەرەکە باس لە نهێنی پرۆژەکەت بکە و بیسەلمێنە، کە پرۆژەیەکی زۆر گرنگە و خەڵکێکی زۆر بە پەرۆشی زانینی ئەو زانیارییانەن. لێرە تۆ نهێنییەکی خۆتی پێدەدەتی، بۆئەوەی ئەویش نهێنییەکت پێبدا.

- چەند جارێکی دیکە سەردانی هەمان فەرمانبەر بکە، بۆئەوەی فاکتەکان کۆنترۆڵ بکەیت و تووشی هەڵە نەبیت و لەهەمان کات، لە بابەتەکە قووڵببیتەوە.

- تکا لە کەسی فەمانبەر بکە، کە فاکتەکانت پێش بڵاوکردنەوە بۆ کۆنترۆڵ بکات، بۆئەوەی تووشی هیچ هەڵەیەک نەبیت. لێرە دەبی بیسەلمێنیت، کە کەسەکە ئاشکرا ناکات و یارمەتییەکەی خزمەتێکی زۆری ئەو پرس دەکا. ئەم شێوەکارکردنە و پەیوەندییە لای کەسی فەمانبەر ئەو تێبینیانەی لەسەر تۆ بۆلادروست دەبێ:

١- تۆ ڕۆژنامەنووسێکی جدییت، ٢- زۆر گرنگە، ٣- من دەمەوێ یارمەتی بدەم.

زۆر گرنگە، هەموو جارەکان ئەمجۆرە کەسانە بپارێزیت و لەدەستیان نەدەیت و متمانە و پەیوەندی باش دروست بکەیت. ل. ١٣١.

### دێبەیت – گفتوگۆ دروست بەک (وانەی نۆزدە)

ئەگەر زانیت فەرمانگەکە، هیچ زانیارییەکت ناداتێ و دژ بەیاسای وەدەستهێنانی زانیاری کار دەکا، دەتوانی لەسەر هەمان بابەت بنووسیت و دێبەیتێک دروست بکەیت. بێگومان لێرە دەبی دەستەی نووسەران لەپێش ئەم کارەی تۆ بوەستن. لێرە باشە بەردەوام یان زوو زوو ئەم ڕێگایە نەگریتەبەر بۆ بەدەست هێنانی زانیاری. لێرە لەوانەیە پیشانییدا، کە تۆ تاقەتی خەبات و بەدواگەڕانی زیاترت نەمایە، هیلاک بوویت، لەوانەشە پرسەکە یان بەدواداچوونەکە بەهەڵە هەڵسەنگاندنی بۆکرابێ. ل. ١٣٣.





## بەشی هەشتەم

### داوای بەڵگەکان بکە

لێمەگەڕێ فەرمانبەریکی وشک ڕێگات لێبگری لەوەی، کە تۆ واز لە بەدواداچوونەکەت بێنی، بەوەی، کە تۆ بە خێرایی بەڵگەکان وەرنەگریت، چونکە وەرگرتنی بەڵگە دەبی چاک بزانیت مافی خۆتە.

قەت ڕۆژنامەنووس وەک ئێستا هەست ناکا خەریکی بەدواداچوونە، لەوکاتە لە پرسگەیەک دانیشتووە و کەسێک بەردەوام چاوی لەسەریەتی و ئەویش چاوەڕێی وەرگرتنی نامە و بەڵگەکانە. دەبینی فەرمانبەرێک نامە دوای نامە هەڵدەداتەوە و بەدوای کاغەزەکانی تۆ دەگەڕێ، بێگومان ئەگەر تۆ ڕۆژنامەنووسێکی بەدواداچوون بیت.

تاکتیکی من ئەوەبوو، بۆماوەی چەند ڕۆژێک لەو فەرمانگەی، کە بەلای منەوە بەڵگەکانیان زۆر گرنگن بۆ بەدواداچوونکەم دادەنیشتم. من بەیانییان زوو دەچووم و ئێوارانیش لەگەڵ فەرمانبەران پاش تەواو بوونی دەوام دەچوومەوە ماڵێ. لەوکاتە ئەوان بەخۆیان ڕێگایان بەمن دەدا، بە ئارەزووی خۆم لە ئەرشیڤ بەدوای ئەو کاغەزانە بگەڕێم، کەمن دەمویست یان پێویستم بوو.

سەردانێکی فەرمانگەیەکی حکومی، وەک گەران بەدوای دۆزینەوەی گۆزەیەکی پڕ ئاڵتونە، بۆ شوێنەوارناسان. ئەگەر داوات لێکرا بە تەلەفۆن یان سەردانی فەرمانگەکە بکەیت، بێگومان ئەگەر سەردان نەکەیت، لە زۆر شت بێبەش دەبیت. لە زۆر نامەی زۆر گرنگ بۆ بەدواداچوونەکەت لەدەست دەدەیت.

دەبی بنووسم زۆربەی فەرمانبەران لە کارەکانیان زۆر شارەزان و بەردەوامیش دەیانەوێ یارمەتی بدەن. باشە ئەگەر تۆ ڕێزیان لێبگریت و بەزمانێکی شیرن قسەیان لەگەڵ بکەیت، چونکە لەوسەر ڕێزەکە وەردەگریتەوە. هیچ پێویست ناکا، پاڵەپەستۆ بخەیتە سەر فەرمانبەرەکە، چونکە لەوکات ئەنجامی باشی نابێت.

ڕوودەدات، کەسی فەمانبەر بە نەخێر وەڵامت بداتەوە، لەوەی ئەو شارەزا نییە یان دەترسێ هەڵە بکا. لەهەمان کات، ئەو نەزانەیە لەوانەیە وابکا، کەسی فەرمانبەر بەڵگەی نهێنیت پێبدا، چونکە شارەزا نییە.

**نامە پێویستەکان بدۆزەوە.** ل. ١٣٥-١٣٦

بێ بەرنامە و پلان ئەگەر سەردانی فەرمانگەیەکی حکومی بکەیت بۆئەوەی هەندێک نامەت دەستبکەون، وەک ئەوە وایە تۆ لە دەریایەکی گەورەرە بەدوای شتێکی بچووک دەگەڕێیت. یان وەک ئەوە وایە بەبێ پێویست بوون لە دەریایەکی قووڵ مەلە بکەیت، بۆئەوەی بە ئاسانی بگەیتە بنی، دەبی بەرنامەت هەبی. ل. ١٣٦ لەکاتی کۆکردنەوەی بەڵگە لە فەرمانگەکان بەردەام هەندێک وەڵامت دەستدەکەوێ لەوانە:

- من دڵنیانیم، ئایا بۆم هەیە ئەو بەڵگەیەت بدەمێ؟ لێرە دەبی هەوڵبدەیت، کەسی فەرمانبەر هێوربکەیتەوە و تکای لێبکەیت، کە کارێکی ئاساییە و تۆ هیچ هەڵەیەک ناکەیت.
- ئەم بەڵگە و نامانەت بۆچییە؟

باشە پێی بڵێیت، کە تۆ ڕۆژنامەنووسیت

- ئێمە کارمان زۆرە و ئێتسا پێراناگەین خەریکی کارەکەی تۆبین.

لێرە باشە پێی بڵێیت، باشە بەیانی یان پاش چەند ڕۆژێکی دیکە دەگەڕێمەوە.

- کەسی بەرپرس لێرە نییە و لە پشووە.

ئەگەر کەسێک لە فەرمانگەیەک بڕوا، دەبی لە شوێنی ئەو کەسێکی دیکە هەبێ، کارەکانی خەڵک بەڕێ بکا. لێرە داوای بینینی کەسی دووەم بکە.

- کۆپیکردنی ئەم هەموو نامەیە، کاتی زۆری دەوێ

لێرە دەکرێ تۆ پارەی کۆپییەکان بدەیت یان لەگەڵ ئەو پێکبێیت، دەتوانی خۆشت یارمەتی بدەیت.

- ئێمە ناتوانین ئەو نامانەت بدەینێ، کە تۆ داوات کردووە، چونکە لەم ماوەیە یان هەفتەی داهاتوو خەریکی ئەوکارەین





لێرە لەوانەیە کەسەکە درۆ بکا یان شارەزا نەبی، دەبی تۆ ئاگاداری بکەیتەوە، کە ئەمەیان دژ بە یاسایە.

- ئێمە نامە و بەڵگەکان نادۆزینەوە.

ڕاستە ڕوودەدات، کە نامە بزر دەبن. باشە پێش بڕۆیت کۆنترۆلی قسەکانبکەیت

- بەڕێوەبەرەکەمان سەفەری کردووە و بێی ئەو ئێمە ناتوانین هیچ نامەیەک بەکەس بدەین.

ئەگەر بەڕێوەبەر سەفەری کردبی، دەبی تۆ بزانیت کەسێکی بە وەکالەت لەشوێنی خۆی داناوە.

- ئێمە نامەکانت دەدەینی، بەڵام تۆ نابی کۆپییان لێوەربگریتەوە.

لێرە ۆر چاکە تۆ دابنیشیت و سەیری نامەکان بکەیت و بزانیت هیچیان لێنووسرایە.

زۆر هۆی دیکەش هەن، زۆر پرسیاری دیکەش هەن، ڕۆژنامەنووس لەکاتی گەڕان بەدوای نامەکان دێتە پێشی، بۆیە زۆر باشە ئەگەر ئەو یاسا و ڕۆتینەکانی فەرمانگەکانی حکومەت زۆر باش بزانی، کە دەبنە یارمەتییێکی زۆر باش بۆئەوەی بەدەستیان بێنی و فیڵتلێنەکرێ. ل. ل. ١٤١-١٤٣

## بەشی نۆیەم

### چۆن دەتوانی خەڵک قسەت بۆبکا (وانەی بیست)

ئەوەی لە کاری بەدواداچوون زۆر خۆش و سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە، کە تۆ بتوانی ئەو قسانە بەخەڵک بکەیت، کە نەیانەوێ بیکەن، بێگومان ئەوەش پەیوەندی بە بڕوا و متمانە هەیە.

زۆر لە کارە گەورەکانی بەدواداچوون، کۆمەڵێک قارەمان هەن، کە هیچ ناترسن و قسە بۆ کەسی رۆژنامەنووسی بەدواداچوون دەکەن. ئەوان نهێنییەکان بە رۆژنامەنووسان دەدەن. ئەو کەسە قارەمانانە، زۆربەی کات دوورن لە میدیا و ناویان ناهێندرێ، کەچی بەهۆی قسەکردن و ڕاوێژکاری ئەوان نهێنییە گەورەکان ئاشکرا دەبن، هەتا جاروایە دەگاتە ئەوەی بەرنامە یان فیلمەکە باشترین خەڵاتی ساڵ وەردەگری. بۆئەوەی ئەو کەسانە بێنە دوین، دەبی رۆژنامەنووس یارمەتی بدات و ڕێزێک دروست بکات و پەیوەندییێک هەبی.

ئەگەر بۆ هەر پرسیارێک بە یەک تەلەفۆن کارەکان جێبەجێکرابان، رۆژنامەنووسی بەدواداچوون هەرپێویست نەبوون. ئەو کەسانە لەناو کەیسەکان و باش لێی شارەزان، بەردەوام هەوڵدەدەن و پاساوی بەهێزیان هەیە، کە رۆژنامەنووسان نەیانگەنێ یان ئینتەرڤیویان لێوەرنەگرن. ترسی ئەوەی لەسەر کار دەربکرێن یان هەموو دەرگاکانیان لێدابخرێت و ڕێگای پێشکەوتنیان لێبگرن.

تۆ وەک رۆژنامەنووس ناتوانی مەرج لەسەر ئەو کەسانە دابنێیت، کە لەوانەیە کاریان لەدەست بچێ، لەکار دەربکرێن، بێپارە بمێننەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی یارمەتی تۆیان داوە. ئێمە ناکرێ ئەو مەرجە گرانانە لەسەر ئەو کەسانە دابنێین. باشە لەوکاتانە چ بکەین، کە سوڕ دەزانی زانیارییەکان لای ئەو هەن و کەچی ئەوەندە جێگای مەترسیشن؟

باشترین ڕێگا بێگومان دروستکردنی پەیوەندی یان هەبوونی متمانەیە. جاروایە ڕێگای زۆر دوور دەبڕیت، بۆئەوەی چاوپێکەوتنێک وەربگریت، لەوکاتەی دەگەیتە ئەوێندەر، دەبینی کەسەکە پەشیمان بۆتەوە... لێرە نابی بڕوخێیت و دەبی کار بۆ دروستکردنی بڕوا بکەیت، دەبی بسەلمێنی، کە تۆ ناوی ئەو بڵاوناکەیتەوە... ل. ١٥٠ – ١٥١





### سەرچاوە بدۆزەوە

دەبی لیشتێکت هەبی، بۆئەوەی ناوی ئەو کەسانەی تێدا تۆمارکرابی، کە تۆ دەتەوێ بۆ بەدواداچوونەکەت بیانبینی و ئینتەرڤیویان لیوەربگریت. تەنیا ئەگەر تۆ نووسینەکانی پێشتر لەسەر هەمان کەیس یان نزیک لەو بخوێنیتەوە، کۆمەڵێک ناو و ناونیشانت دەست دەکەوێ. کتێب و بەرنامەی ڕادیۆ و توێژینەوەت دەست دەکەوێ.

ئەگەر تۆ وەک رۆژنامەنووسی هەواڵیش کار بکەیت، دیارە لە ڕێگای پیشەکەتەوە، سەرچاوەی یەکجار زۆر دێنە بەردەم... لێرە باشە روژی دوای بڵاوکردنەوە پەیوەندی بە کەسەکان بکەیت و داوایان لێبکەیت، کە تۆ دەتەوێ لەسەر فڵانە بابەت ئینتەرڤیویان لێوەربگریت. دەتوانی جارێکی دیکەش تەلەفۆنیان بۆ بکەیت، بۆئەوەی بزانیت ئەگەر زانیاری زیاتر هەیە تا وەریبگریت. ئەوە شێوە پەیوەدنییە ناچێتە خانەی ماستاو ساردکردنەوە.

دەبی سەرچاوە بچینیت، بۆئەوەی لەکاتی خۆیدا پەیوەندییان پێوە بکەیت و زانیارییەکانیان بەکار بێنیت. ئەگەر زانیت، کەسێک هەیە و زانیاری زۆر بەنرخی لایە، باشە پەیوەندی پێوەبکەیت و تکای لێبکەیت، کە یەکتر ببینن. ئەوەش بۆئەوەی تێبگەیت، کە چۆن کارەکان بەڕیوە دەچن.

دەکرێ لەگەڵ رۆژنامەنووسانی بەدواداچوونیش پەیوەندیت هەبێت و لەگەڵیان باس لە کێشە و گرفتەکانی کەیسی دیارکراو بکەیت. ل. ١٥٣ – ١٥٤

### سەرچاوەکان هەڵبسەنگێنە– شیکردنەوەی بۆبکە

یەکەم پرسیار، کە تۆ دەبی لەخۆتی بکەیت: بۆچی ئەو کەسە دەیەوێ یارمەتیم بدا؟ هەوڵ بدە بزانە، لەبەر چی ئەو کەسە هاتۆتە لای تۆ و دەیەوێ یارمەتیت بدا... با لەخوارەوە سەیری هەندێک لە پەیامنێرە ئاساییەکان بکەین:

- **هەقپەرست:** کەسێکە لە ناهەقی خۆش ناژیت و دەیەوێ جیهان بگۆڕی. خۆشبەختانە خەڵکی زۆر لەمجۆرە هەن، کە هێزیان تێدا، ئەم زانیارییانە بگەینن.

- **لە روانگەی بازرگانییەوە:** زانیاریت پێدەدا، بۆئەوەی خۆی شتێکت لێوەربگری. بۆنموونە، ئەو یارمەتیت دەدا و زانیای گرنگت پێدەدا، بۆئەوەی تۆ لە رێپۆرتاژەکەت باس لەو نەکەیت... یان بۆئەوەی لە مونافیسەکەی بدەیت. یان بۆئەوەی ئەو ئەمرۆ یارمەتیت دەدات و بەیانیش تۆ بەهانیەوە بچیت.
- **تۆڵەکەرەوە:** ئیستیغلالی تۆ دەکا، بۆئەوەی دژ بە کەسێک بوەستی یان بنووسی. لێرە دەبی بە رەخنەوە بروانیتە زانیارییەکانی ئەو...
- **کەسی تورە، غەمبار، رەنجاو:** ئەو کەسەیە، کە دەبوایە سوپاس بکرێ یان لەلایەن بەرپێوەبەرەوە خەڵات بکرێ، کەچی پشتگوێ خراوە. لێرە دەبی زۆر بە وردی گوێ لە چیرۆکەکەی ئەو رابگریت تا هەموو زانیارییەکانت پێدەدا.
- **کەسە رەدارەکە:** زۆرییێخۆشە خۆی لە رۆژنامەنووس بێنتە پێشەوە و قسەی بۆبکا. دەیەوێ ناوی لە رۆژنامەکان بنووسرێ و شانازی بەوە دەکا. لێرە دەبی رۆژنامەنووس زۆر هۆشیار بێت وخۆی لەمجۆرە کەسانە بەدوور بگری، چونکە ئامادەیە گەلەک دووربروا...
- **قسەکەرەکە - فشەکەر:**شانازی بەوە دەکا، کە لە هەموو کەس زۆرتر بزانێ. بۆ ئەو گرنگییە ئەوەی دەیزانی راست یان درۆ، گرنگ هەمووی بزانی.
- **کەسە نهێنییەکە:** لەناکاو وەدیار دەکەوی و ئامادەیی خۆی پیشاندەدا، کە یارمەتیت بدا. بەردەوام هۆیەکی زۆر جوانی هەیە، کە بۆچی ئەو ئامادەیە یارمەتیت بدا. (دەبی ئاگات لەخۆت بیت، چونکە هیچ بەدوور نازاندرێ لەلایەن کەسێکەوە بۆلای تۆ رەوانە کرابی).
- **کەسە لەخۆرازییەکە:** لەبواری خۆی شارەزایی زۆری هەیە و دەیەوێ پیشانی بدا، کە کەسێکی بەتوانایە و تام لە گێرانەوە و دانی زانیارییەکان دەکا. (دەبی رێزی بگیرێ، بۆئەوەی بتوانی وەڵامی پرسیارەکانت بداتەوە). پیشانبدە، کە تۆش لەبواری خۆت زۆر شارەزا و باشیت.
- **کەسەکەی نایەوێ زانیاری بدا:** بەهیچ شێوەیەک نایەوێ یارمەتیت بدا. بەهیچ شێویەک نایەوێ دەستی لەگەڵ رۆژنامەنووسان تێکەڵ بکا.





وەک نموونە باس لەو کەسە دەکەین، کە نایەوێ قسە بکات و زانیاری زۆر گرنگیشی لایە... لەبەر ئەوەی دەترسێ یان لە ئەنجامەکەی دەترسێ. باشە چۆن دەتوانی متمانەی لا دروست بکەین و رازیبکەیت قسەت بۆبکا؟

ل.١٥٩ – ١٦٠.

**خۆئامادەکردن:** (وانەی بیست و یەک)

باشە تۆ چی دەکەیت، لەگەڵ کەسێک، کە پێشتر بەژیانت نەتبینیبێ و ئێستا لەبەر هەر هۆیەک لەبەردەمی وەستیایت و دەتەوێ قسەی لەگەڵ بکیت؟

- **بێگومان تۆ خۆتی پێدەناسێنیت:** ناوی چییە؟ هەروەها دەڵێی تۆ کار لەسەر چ کەیسێک دەکەیت، ئەوەی دوای ئەمە چ دەبی؟ لەهەمان کات، ئەوەی بەرامبەرت بەدوای سەرەداوێ دەگەڕێ، کە لەگەڵ تۆ قسەی لەسەر بکا. لەبەر ئەوەی هیچ نییە یان هیچ بابەت نییە، لەوانەیە باس لە ئاووهەوا بکەن. لەهەمووی باشتر لەوکاتەی تۆ و کەسەکە بەشێوەیەکی سروشتی بابەتێک دێتە پێش و بەیەکەوە قسەی لەسەر دەکەن. لەوکات بەوردی باسی لێوەدەکەن، تا دیواری نێوانتان دەروخێ.

بۆئەوەی لەم جۆرە کاتانە رزگارت بێت، باشە پێشتر خۆت بۆ ئامادەبکەیت و بزانیت کەسەکە کێیە و چ زانیارییێکی لەلایە. دەتوانی پێشتر زانیاری لەسەر ژیانی ئەو کۆبکەیتەوە وەک:

ئایا کەسەکە خێزاندارە؟ چەند منداڵی هەیە؟ تەمەنی منداڵەکانی چەندە و کەی ئەم خانووەی دروست کردووە یان کڕیویەتی.

چونکە ئەگەر لەناکاو یەک پرسیاری رەقی لێبکەیت، لەوانەیە وەڵامت نەداتەوە و زانیاری بەنرخت پێنەدا... هەبوونی زانیاری باشترین دەرمانە، بۆئەوەی تۆ لەگەڵ کەسی بەرمبەر بتوانی متمانە دروست بکەیت. هەموو کار و پیشەیەک کۆد یان کلیلی تایبەتی خۆی بۆ دواندن هەیە. هەوڵبدە بچیتە ناو ژیانی ئەو و هەست بکەیت، کە کاری ئەو چۆنە... خۆئامادەکردن زۆر گرنگە، بۆ رۆژنامەنوس، بۆئەوەی بزانیت کە ئەو کەسەی بەرامبەرت چۆنە... ل. ١٦٠ – ١٦١.

**میتۆد زۆرن،** کە چۆن بتوانی کەسەکان بدوێنی، بەڵام هەر یەک لەوان تایبەتە و بۆ کەیسێکە لەوانەیە بۆ کەیسی دیکە بەکار نەیەن.

کارل بێرنستێین Carl Bernstein لە رۆژنامەی واشینگتۆن پۆست لە کاتی وۆتەگێیت دەچێتە لای ژنێک بۆئەوەی دەربارەی نیکسۆن هەندێک پرسیاری لێبکا. ئەو لەدەرگا دەدات و ژنە دەرگا دەکاتەوە و یەکسەر دەیناسێتەوە: ئۆی، ئەوە تۆی لە رۆژنامەی واشینگتۆن پۆست؟ برۆ نامەوێ قسەت لەگەل بکەم... کارل دوور بەدوور لەسەر مێزێک پاکەتێکی جگەرە دەبینی و داوادەکا، ئەگەر بتوانی جگەرەیەک وەربگری... ژنە رەزامەدنی لەسەر دەدا و ئەو جگەرەکە دەردێنێ و ئەمجارە دەپرسی ئەگەر بتوانی جگەرەکە لەوێندەر بکێشی... ئێستا ئەو سێ مەتر لەناو خانووەکەیە... تا جگەرەی کێشا، ژنە قاوەشی بۆهێنا و دەستیان بەقسەکردن کرد و هەموو ئەو زانیارییانەی وەرگرت، کە پێویستی بوو. ئەمەی سەرەوە لە کتێبی: (هەموو پیاوەکانی سەرۆک) باسکراوە. ژنەکە لە کۆمیتەی هەڵبژاردنەوەی جاری دووەمی نیکسۆن ژمێریار بوو. ل. ١٦٦.

### سەرچاوەکان هەڵبسەنگێنە

هەندێ کەس دەبی بە شێوەیەکی زۆر تایبەت پێشوازییان لێبکرێ و قسەیان لەگەڵ بکرێ، بەتایبەتیش ئەوانەی بەخراپە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و شارەزا نین، چۆن قسە لەگەڵ رۆژنامەنووس بکەن. بۆ ئەمجۆرە کەسانە، لەوانەیە گرانبی، بزانی ئەنجامی ئینتەرڤیووەکە چۆن دەبێ و کابرا دەبی چ زەربیەیەکی گەورە بدا. لەو حالەتانە، دەبی رۆژنامەنووس بتوانی حوکمی خۆی لەسەر بدات و باشە کەسەکە ئاگادار بکاتەوە، کە لە ئینتەرڤیووەکە دەرنەچێ و خەڵک نەیناسێتەوە. کەسەکە بە نهێنی و نادیار دەمینێتەوە. بەڵام رووددا، کە کەسەکە نایەوێ بەشداری لەمجۆرە رێپۆرتاژانە بکا، هەرچەندە خۆێ یەک لەبراوەکانە، ئەگەر قسە لەسەر کەیسەکە بکا.





ماریانا گیلگرێن Marianne Gillgren بۆ ماوەی چەندین ساڵە کار لەسەر رێپۆرتاژی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی سوید دەکاو ئەو دەنووسێ:

- ئەو کەسانە، زۆر کەم بەرێزەوە قسەیان لەگەل کراوە و مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، بۆیە زۆر گرنگە بەرێزەوە قسەیان لەگەڵ بکرێ و راوبۆچوونیان بەهەند وەربگیرێ. لەوکاتەی بەو شێوەیە رێزیان لێدەگیرێ، زۆر ئاسانە پرسیارە گرانەکانیان ئاراستە بکرێ.

ماریانا قسەی لەگەڵ ئەو کەسانە دەکرد، کە بەزۆر و بێویستی خۆیان پێش کاتی خۆی خانەنشین دەکران. ئەو کاری لەسەر کەیسی سستەرێک کرد، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەر دڵتوندی مۆڵەتی وەرگرتبوو ونەیدەتوانی کار بکا. ئەو سستەرە بەتەلەفۆن وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەوەی بەئاسانی و روونی دایەوە، بەڵام لەوکاتەی باس لە تەلەفزیۆن کرا، نەیوسیت بەشداری لە پرۆگرامەکە بکا. بۆیە ماریانا بڕیاریدا ئەو کەسە ببینێ و هەتا قاوەیەکیشی لەگەڵ خواردەوە و لەدواجاریش سستەرەکە هەرنەیویست بۆ تەلەفزیۆن قسە بکا. پاش ماوەیەکی دیکە، بڕیاریدا جارێکی دیکەش ئەو کەسە ببینێ، بەڵام ئەوجارەیان کامیرامانێکی لەگەڵ خۆی برد. تەلەفۆنی بۆدەکات و ئاگاداری دەکاتەوە، کە دەیەوێ جارێکی دیکەش ببینێ. ئەمجارەیان رۆژنامەنووس توانی رازیبکا و بۆ ئینتەرڤیووەکەی قسە بکا. ئەوەش پاش ئەوەی، زۆر بەڕوونی ئەو پرسیارانەی پێگوت، کە دەیەوێ لیی بکا. ئەو بەڵێنیشیدا، پێش دابەزاندنی، ئەو قسانەی دەخرێنە ناو رێپۆرتاژەکە پێی پیشان بدا. ئەوە بەڵێنێکە، کە من بەهەموو ئەو کەسانەی ئینتەرڤیوویان لێوەردەگرم پێیان دەدەم، ماریانا دەڵێ. لەوکاتەی ماریانا دوو هەفتە دوای بڵاوکردنەوەی رێپۆرتاژەکە جارێکی دیکە تەلەفۆنی بۆیکردەوە، ئەمجارە تەواو کەسێکی دیکەبوو و قسەکانی بەجۆری دیکەبوون. پاش ئەو بەرنامەیە، سستەرەکە زۆر قسەی جوان و باشی لەسەر کرابوو، توانیبووی بۆ سەرکار بەنیوە دەوام بیگەرێننەوە و لەژیان زۆر رازیبوو. ل. ١٦٦ – ١٦٧.

## بەشی دەیەم

### سەرجاوەی نهێنی بەکار بهێنە (وانەی بیست و دوو)

لە ڕێگای سەرچاوەی نهێنی، ئەو نهێنییانە ئاشکرا دەبن، کە ڕۆژنامەنووس ناتوانی خەونیشیان پێببینێ، بەڵام لەهەمان کات، دەبی کۆنترۆلی سەرچاوەکە بکەیت و کەسەکەش هەربەنهێنی بپارێزی.

سەرچاوەیەک نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، گومانی بڕواپێنەکردنیان هەیە، بەڵام لەهەموو کەیسەکان نا.

نموونەیەک: لەوکاتەی سوید دەیوسیت فرۆکەی جەنگی Jas Gripen بفرۆشێتە چیک و هەنگاریا، چەند سەرچاوەیەکی نهێنی زانیارییان دا. لەم کارە هەندێک کەس بە دەیان ملیۆن دۆلاریان وەک بەرتیل وەردەگرت، ئەگەر ئەم فرۆشتنە سەریگرتبا. کارەکان زۆر بەنهێنی بەڕیوە دەچوون و ئەمشێوە بەرتیلەش بێگومان بەردەوام لە بەرزترین ئاست نکۆڵی لێدەکرێ. نیلس هانسۆن وەک بەرپرسی بەرنامە، ناوەکانی بەدەست دەگات و تێدەگا هیچ هۆیەک نییە، تا بڕوا بە سەرچاوەکان نەکرێ، بەهۆی ئەو پۆست و دەستەڵاتەی ئەوان هەیانبوو... یەک لە شاهیدە سەرەکییەکان، زانیارییەکانی لە ڕێگای دەنگی کەسی دیکەوە گەیاند. ئەو سەرچاوەیە، دەنگ و ڕەنگی هیچ پیشان نەدرا. ل. ١٦٩

بێگومان ڕۆژنامەنووس هەن، بەژیانیان کاریان لەسەر یان لەگەڵ نهێنی گەیاندن نەکردووە، بەڵام ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کار لەسەر بەدواداچوون دەکەن، بەردەوام ئەمەیان دێتە ڕێگا. لەڕاستیدا، ئەگەر سەرچاوەی نهێنی نەبن، زۆر لەو کەیسانەی ئاشکرابوون وەک: ووتەر گەیت و زۆری دیکەش هیچ ئاشکرا نەدەبوون و هەر بەنهێنی دەمانەوە.

ئەگەر کەسێک بەئاشکرا ڕەخنە لە کۆمپانیای خۆی بگرێ، مەرگی کارلەدەستدانی بەدوادایە. یەک بەڵێن بەوەی ناوی ئاشکرا ناکا، بەسسە بۆئەوەی کەسەکە بە ئارەزووی خۆی نهێنییەکان بۆ ڕۆژنامەنووس باس بکا.





(لێرە بێگومان یاساش ڕۆلی خۆی هەیە و دەبی کەسی ڕۆژنامەنووسیش متمانەی پێبکرێ. ئەمجۆرەیان جارێ لە کوردستان گرانە، چونکە لێرە تەنیا لەسەر کارەکەی دەرناکرێ، بەڵکو هیچ بەدوور نازاندرێ ژیانیش لەدەست بدا.). لێرە دەبی هەردووکلا بڕوا بەیەکتری بکەن.

زۆر لەو سەرچاوانەی نایانەوێ ناویان ئاشکرا بکرێ، بەلایانەوە گرنگە ڕاستییەکان بۆ جەماوەر ئاشکرا بکرێن... لێرە ئەو زانیارییانەی بە ڕۆژنامەنووس دەدرێ، هیچ لەبەرامبەر پارە و دەستەڵات نییە و بەخۆڕایی بە ڕۆژنامەنووس دەدرێ. ل. ١٧٠

لە ئەمریکا جۆرە دەربڕینێک هەیە: off the record ئەوە دەگەینی، کە ڕۆژنامەنووس هەموو زانیارییەکان وەردەگری، بەڵام بۆی نییە هیچ لەو زانیارییانە بۆ بەرهەمەکەی بەکار بێنی. ئەو تەنیا وەک زانیاری سوودیان لێوەردەگری.

هەمان نووسین off the record لە وڵاتی سوید دەکاتە ئەوەی، کە زانیارییەکان دەکرێ بەکار بهێندرێن، بەڵام نابی قسەکان بەناوی سەرچاوەوە دابندرێن.

زۆرجار لەسەر وەرگرتنی زانیاری لە نێوان ڕۆژنامەنووس و کەسی زانیاری دەر، یان بە بەڵێنی دەوی یان بە نووسین پێکدێن، کە چۆن کار لەسەر زانیارییەکان بکەن و لەسەر پاراستنی زانیاریدەر بپارێزترێ. (لە هەموو سەرچاوەیەکە یان جارێک، کە دەڵێن سەرچاوەیەک نەیوسیت ناوی ئاشکر بکرێ، دەبی ڕۆژنامەنووس بزانی، گومان دەکرێتە سەر خۆی و زانیارییەکە.).ل. ١٧١

### زوو بەڵێن بە سەرچاوەکەت مەدە و کاتی پێویستی بۆ تەرخان بکە

دەبی بزانی، ئەو زانیارییانەی وەریدەگری، بۆ کۆمەڵ پێویستن و سوودی تایبەتی خۆتی تێدانییە. هەروەها دەبی بزانی، ئەوە دوا ڕێگا چارەیە، کە تۆ بتوانی بەرهەمێکی باش و بەسوود پێشکەش بکەیت، نابی فێڵ لەو کەسانە بکرێ، کە ئەو نهێنییەی ئاشکرای دەکەن، چونکە تووشی کێشەی زۆری دەکا و سەرئێشەی بۆ دروست دەکا. نابی سوود لەم کات و کەسە ناسکانە وەربگریت و بۆ بەرژەوەندی

خۆت بەکاریان بێنی. نابی ئەوەش لەبیر بکەین، ئەو سەرچاوەیەی زانیارییەکانت پێدەدا، دەبی زۆر بە وردی کۆنترۆلی بکەیت و نابی هیچ گومانێکت لەسەر قسە و زانیارییەکانی ئەو هەبی یان بمێنێ... ل. ١٧٢

**کۆنترۆلی سەرچاوەکە بکە:**

سەرچاوەی نهێنی، بێگومان هەندێک گومان دەکەوێتە سەر زانیارییەکان لەوەی کەسەکە بە ناوی خۆی زانیارییەکان بدا. دەزانین، خەڵک هەن بە ئاشکرا درۆ دەکەن، لەسەر تەلەفزیۆنەکان درۆ دەکەن، نەک تەنیا ئەوانەی نهێنی دەدەن و نایانەوێ ناویان بڵاوبکرێتەوە. بۆیە زۆر باشە، ئەو زانیارییانەی لە کەسێک وەردیدەگریت و نایەوێ ناوی خۆی ئاشکرا بکا، چاکە وەک زانیاری گشتی سوودیان لێوەربگریت.

لە کەیسی وۆتەر گەیت، لە ڕۆژنامەی Washington Post هەموو زانیارییەکان دەبوایە لەلایەن دوو کەسی جیا پشتڕاست بکرابایەوە، بۆئەوەی نووسینەکە بڵاوبکرابایەوە. لەگەل ئەوەشە ڕوودەدا، هەردووک سەرچاوەکە درۆ بکەن یان فێڵ لە ڕۆژنامەنووس بکەن. ل. ١٧٣ بۆئەوەی حوکم لەسەر سەرچاوەی زانیاریدەر بدەین، باشە قووڵتر بچینە ناو بابەت و لەخوارەوە چەند خاڵێک دەنووسین:

**پلە و کورسی**

ئایا ئەو سەرچاوەیە، ئەو کورسی و دەستەڵاتەی هەیە، کە زانیارییەکان بە وردی بزانی. لەوانەیە باجیێک گوێی لەهەندێک قسە لەناو فەرمانگەکەی خۆی بووبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی زانیاریەکان پەیوەدنییان بەوەوە نییە، لەوانەیە جێگای متمانە نەبن.





**باکگراوند**

ئایا سەرچاوەکە هیچی هەیە بیشارێتەوە؟ ئایا هیچ پەیوەندییەکی بەخۆیەوە هەیە؟ ئایا سەرچاوەکە زانیاری تەواو و دروستی پێشتر بەکەس داوە؟ لێرە هەوڵبدە لە ڕێگای کەسی زانیاریدەر هەموو ئەو زانیارییانەت دەستبکەوێ، کە بۆتۆ گرنگ و پێویستن. چونکە ئەگەر بەوشێوەیە کۆنترۆلی کەسەکە نەکەیت، لەوانەیە شتی زۆر چاوەڕێنەکراو بێتە پێش و سەرئێشەی زۆر بۆخۆت و کەسەکە بۆ دروست بکەن. کێشەکان وەک: کێشەی مودمینی و ئەلکحول، خیانەتی زەوجی، پەیوەندی خراپ لەنێوان خۆی و بەڕێوەبەرەکەی، ڕابردووی خراپی کەسی زانیاریدەر...هتد. دەبی بۆ سەرچاوەکە ڕوونبکرێتەوە، کە زانیارییەکان تەنیا لەنێوان خۆت و ئەو دەبن و نهێنییەکە باش دەپارێزترێن.

**شوێنی** (وانی بیست و سێ)

ئایا سەرچاوەکە خۆی تێی ژیاوە، گوێی لێبووە، بینیویەتی، بیستوویەتی یان لە کەسێک بینیویەتی یان بیستوویەتی یانیش زانیاری دەستی دوون؟ ئایا سەرچاوەکە ناو یان بەڵگەی لەلایە، کە قسەکانی ئەو پشڕاست بکەنەوە؟ ئەگەر نەتواندرێ زانیارییەکان پشتڕاست بکرێنەوە، ئایا زانیارییەکان جێگای باوەڕن؟ ئایا زانیارییەکان مەنتقی و جێگای باوەڕن؟ هەموو توانات بەکاربێنە، بۆئەوەی سەرچاوەکە نامە و بەڵگەت بۆ پەیدابکا یان بتداتێ. وەک: ئیمەیل، ڕاپۆرتی جیا، دەنگ، نامە، پرۆتۆکۆل، گوتار، بروشیر، نووسین و یادەوەری، یان بەڵگەی دیکە، کە زانیارییەکان پشتڕاست بکەنەوە. ئەگەر ئەوانەش نەکرێن، ئایا سەرچاوکە دەتوانی بۆ لای کەسێکی دیکەت ڕەوانە بکا و لەو کەس بەڵگە و شتی پیویست وەربگری؟ یان ئەگەر سەرچاوەکە بتوانی ناوی کەست بداتێ، کە ئاگاداری ئەو کەیسەن. ئەگەر سەرچاوەکە نەتواندێ لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە پشتڕاست بکرێنەوە، ئەوە دەبێتە کاری تۆ بڕیا بدەیت، کە چۆن کاریان لەسەر بکەیت.. دەکرێ بەدوای وردەکارییەکان و پارچە بچووکەکان بگەڕێیت...

**هۆ – بابەت**

ئایا سەرچاوەکە ئامادەیە و ژینگەی قسەکردنی لەبارە، کە دەیەوێ قسە بکا؟
پێشتر باسمان لەو هۆیانە کرد، کە دەبنە هۆی دانی زانیاری بە ڕۆژنامەنووسان. هۆی هەرە گرنگ، ئیهانە یان پشتگوێخستنی کەسەکەیە. لێرەش دەبی یارمەتی سەرچاوە بدرێ، کە ڕاشکاوانە باس لە کەیسەکە بکا... ئەگەر مەبەست لە ئینتیقام بێت دیسان نابێتە ڕێگر لەوەی، کە دەبی ڕۆژنامەنووس بەوردی گوێ لە قسەکانی ڕابگرێ. ئەم قسانە دەکرێ دواتر لەلایەن خەڵکی دیکە کۆنترۆل بکرێ، کە ئایا تەواوە یان تەواو نییە. سەرچاوەی یەکەم یان سەرەکی، دەبی زۆر بەباشی نهێنییەکانی بپارێزدرێ. ڕوودەادت، کە بەرتیل باس دەکرێ، گوایە بەرتیلی پێدرایە یان بەشی ئەو نەدرایە، بۆیە نهێنییەکان ئاشکرا دەکرێن...
هۆی هەرە گەورەی ئاشکراکردنی فرۆشتنی فرۆکەی سویدی بە هەنگاریا و چیک، ئەوەبوو، کە کەسی زانیاریدەر دەیویست ئەم نهێنییە بۆ جەماوەر ئاشکرا بکرێ. بێگومان مانەوەی سەرچاوەی زانیاری بە نهێنی، یاسا ڕێگای پێدراوە و بڕگەی بۆ نووسراوە. ل. ١٧٥-١٧٦

**هەبوونی مافی مانەوەی بە نهێنی**

هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بۆ ڕۆژنامەنووسێک یان دەستەی نووسەران، بە نهێنی و بێئەوەی ناوی بهێندرێ باس لەو نارێکییانە بکا، کە لە کۆمەڵ ڕوودەدەن. ل. ١٧٧

**ئەو زانیارییانەی کە ئەمنی قەومی دەخەنە مەترسییەوە**

ڕۆژنامەنووس و خاوەن ئیمتاز دەدرێنە دادگا، ئەگەر ئەو زانیارییەی بڵاوی دەکەنەوە، ئەمنی قەومی بخاتە مەترسییەوە. سەرچاوەکە مەترسی ڕاکێشانی بۆ بەردەم داداگا لێدەکرێ، کە یاسای بێدەنگی نەپاراستووە. ل. ١٧٩





**مافی ڕۆژنامەنووس بۆ پاراستنی نهێنی**

ڕۆژنامەنووس هیچ ناچارنییە، نهێنی بپارێزی، بەڵام پاراستنی نهێنی ڕۆژنامەنووس لەوەوە دەستپێدەکا، کە زانیارییەکان وەردەگری و کەسی زانیاریدەر داوای پاراستنی نهێنی ئاشکرا نەکردنی ئەو دەکا.
بۆ ئەوەی حوکم لەسەر ڕۆژنامەنووس بدرێ، دەبی ڕۆژنامەنووس بیزانیبا، کە ئاشکراکردنی ئەم زانیارییە مەترسی بۆ سەر ئەمنی قەومی وڵات هەیە. بێگومان نابی ناوی هێنەری زانیاری لە کارمەندانی دەزگای ڕاگەیاندن زیاتر کەس بیزانێ. ل. ١٨٣
بۆ ڕۆژنامەنووس لایەنی ئەخلاق زیاتر بەهەند وەردەگیرێ و مەرجی گرانترە تا لایەنی یاسا. ل. ١٨٣

**سەرچاوەکە بپارێزە**

زۆر لە ڕۆژنامەنووسان ئامادەن بچنە بەندیخانە و ناوی پەیامبەر ئاشکرا نەکەن. لەگەڵ ئەوەش تا ئێستا هیچ ڕۆژنامەنووسێکی سویدی نەکەوتۆتە بەر ئەم هەڕەشەیە. لێرە باشە لەگەڵ پەیامبەر، مەترسییەکان بە باشترین شیوە زۆر کەم بکەنەوە. ل. ١٨٤
لەگەڵ ئەوەش زۆر جار ڕوودەدا، کە زانیارییەکان لەسەر مێزی نووسین بە ئیهمالی بەجێدەهێڵدرێن. ئەو کەسانەی داوایان کردووە، ناوەکانیان بە نهێنی بپارێزترێن، دیسان لەسەر مێز جێهێڵدراون. لەخوارەوە بەخاڵ دەنووسین، کە چۆن کەس و زانیارییە نهێنییەکان بە باشترین شێوە بپارێزین...
- هەموو ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە کەسی پەیامبەر هەیە، لە سندوقێکی کلیلدراو دایانبنێ. با هیچ نووسینێک تایبەت بە کەسەکە لەسەر مێز نەمینێ. هەروەها پێش ئەوەی سەرکار جێبهێڵیت، کۆمپیوتەرەکەت بکوژێنەوە.
- قەت ناوی سەرچاوەکە زیاتر لەو بازنە بچووکەی کە ئاگادارن مەهێنە. لەناو ئەم بازنە بچووکەش باشە دیسان هەر ناوی سەرچاوەکە نەهێنیت. باشە نازناوێک بۆ

سەرچاوەکەت دابنێنیت و لەکاتی پێویست بەو ناوەوە بانگی بکەیت یان ناوی بهێنیت. دەشکرێ ناوی ئەلف، با...هتد بۆ سەرچاوەکان دابنێیت.

- قەت مەیل بۆ سەرچاوەکە مەنێرە، چونکە لەوانەیە کارمەندانی دەزگا هەمان مەیل بخوێننەوە، یانیش هاوکاران بەهەڵە پلیان بەو دوگمەیەک بکەوێت و ناوەکەیان بێتە بەرچاو. ل. ١٨٤
- ئەگەر سەرچاوەکە بە فاکس زانیارییەکانت بۆ بنێری، تا زووە دەبی ناو و ژمارەی فاکس و هەموو ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە کەسی زانیاریدەر هەیە، ببڕیت یان ڕەشی بکەیتەوە. یان ئەگەر زانیارییەکانت بە مەیل بەدەست بگات، دەبی ڕەشیان بکەیتەوە...
- ناوی سەرچاوەکە لە وەسلی چێشتخانەکان مەنووسە، چونکە میوانەکە بەگوێرەی یاسا دەبی بە نهێنی بمێنێتەوە.
- لەوکاتەی ناوی کەسی زانیاریدەر دێت، خۆت لێی گێل بکە و مەڵێ، منیش ئەو کەسەم بینیوە.
- قەت کەسی زانیاریدەر لە شوێنێک مەبینە، کە خەڵک بیناسێ، یان هاوپیشە و بەرپرسەکانت بیبینن.
- یارمەتی سەرچاوەکە بدە، کە چۆن ئەو خۆی بپارێزێ. چونکە ئەو نیوەی تۆ بۆخۆپاراستن زیرەک وریا نییە.

لەوانەیە سەرچاوەکە زانیاری زۆر زیاتر لەپێویست بدات، لەوکاتە دەبی ڕۆژنامەنووس ئاگای لەخۆبێت، کە بڵاوی نەکاتەوە، چونکە لەوکات بەگوێرەی یاسا سزادەدرێ. ڕۆژنامەنووس نابی بەدوای زانیاری وەزارەتی بەرگری بکەوێ، چونکە یاسا ڕێگای پێنادا. ئەگەر ئاشکرا بێت، هەردووکیان بۆ دادگا ڕادەکێشرێن. ل. ١٨٥

بۆئەوەی زانیارییەکان بڵاو نەکرێنەوە، دەبی لە کابرا بپرسی: چەند کەسی دیکە ئاگایان لەم کەیسە هەیە و ئەم زانیارییەیان لەلایە؟ چۆن دەتوانین دڵنیابین، کە





نەزاندرێ ئەو زانیارییانە لەلایەن تۆوە ئاشکرا کراون؟ چۆن من دەتوانم نووسینەکەم بەجۆرێک دابڕێژم، کە نەزاندرێ لەتۆ وەرگیراوە؟

**دەکومێنتکردنی سەرچاوە**

چۆن ڕۆژنامەنووس دەتوانی قسەی سەرچاوە تۆمار بکا؟

Bob Woodward لەگەڵ Carl Bernstein لەکاتی قسەکردن لەگەڵ سەرچاوەکان، قەت هیچیان نەدەنووسییەوە، یان زۆر بەدەگمەن لای خۆیان شتێکیان تۆمار دەکرد. ئەوان لەوە دەترسان، کەسەکان بترسێن. بۆیە هەموو گفتوگۆکەیان لە بیری خۆیان دەپاراست. هەر لای میوانەکە دەڕۆیشتن، بە پەلە خۆیان دەگەیاندە ناو ئۆتۆمبیلەکەیان و دەستیان بە نووسینەوەی زانیارییەکان دەکرد. هەر دەگەڕانەوە ناو ڕۆژنامە، یەکسەر تێبینی و قسەکانیان گەرماوگەرم تایپ دەکرد.

ئەگەر کەسەکە، بڕوای هەبێت و هەست بکا، ناوی بڵاوناکرێتەوە، دەکرێ تێبینی و قسەکان تۆمار بکرێن. بەڵام لەوکاتەی جاری یەکەمە، یان هەست دەکەیت، هێشتا زووە، باشە دەست بەنووسین یان تۆمارکردنی زانیارییەکان نەکەیت. لە پرۆژەیەکی بەدواداچوون، ڕۆژنامەنووس دەتوانێ کۆمەڵێک جار کەسی زانیاریدەر ببینێ. هەروەها زوو زووش بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە دەکا. ئەگەر سەرچاوەکە، لە تۆماری دەنگ قسەیەکی کردبێ، تۆ بتەوێ باشتر یان زیاتر زانیاری لەسەر وەربگریت، باشە دیسان پەیوەندی پێوە بکەیتەوە و جارێکی دیکەش دەنگی بۆ هەمان پرسیار تۆمار بکەیتەوە، لەوکات باشتر تێدەگەیت، کە سەرچاوەکە درۆ ناکات و قسەکانی تەواوە. ل. ١٩١

**ئاگات لەسەرچاوەکە بێت** (وانەی بیست و چوار)

پاش بڵاوکردنەوەی پرۆژەکەت، تۆ دەست بە پرۆژەیەکی دیکە دەکەیت. ئەو سەرچاوەیەی، کە بەلای تۆ تا ئەوکات یەکجار گرنگ بوو، ئێستا هیچ گرنگ نییە. وەک ئەوە وایە، تۆ پەیوەندییەکەت دەپچڕێنی و تەلەفۆنەکانی ڕەشدەکەیتەوە. تۆ

کەسێک پشتگوێ دەخەیت، کە بۆماوەیەکی زۆر متمانەی زۆری بەتۆ هەبوو، بۆیە هیچ شاراوە نییە، کە ئەو هەست دەکا فێڵی لێکراوە. هەموو هۆیەکی جوان هەیە، کە پەیوەندیت لەگەڵی بەجوانی ڕابگریت. بێگومان پێش بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکە، تۆ پەیوەندی پێوە دەکەیت، تا بۆ ئەو وەک شۆکی لێنەیێ و نەبێتە سورپرایز، دوای بڵاوکردنەوەش دیسان پەیوەندی پێوە دەکەیت و ڕای ئەو لەسەر بەدواداچوونەکە وەردەگریت. باشە سوپاسنامەیەکی بۆ بنێریت، بەڵام لەویش باشتر جارێک ببینت و بەیەکەوە دابنیشن. باشە پاش تەواوبوونی پرۆژەکە جار بەجار تەلەفۆنێکی بۆبکەیت و ئەگەر هیچی گرنگیشت نەبی، بۆ هێشتنەوەی پەیوەندی هەر گرنگە. بەمشێوەیە تۆ تۆڕێک لە پەیوەندی لەژیانی کارکردنت دروست دەکەیت، کە بەدرێژایی ژیانت دڵخۆشت دەکا و شانازی پێوە دەکەیت. ل. ١٩١





## بەشی دوازدە

### لەژێر ناوی دیکە (درۆ) قسە بکە

ئەگەر لەژێر ناوی کەسی دیکە قسە بکەیت و درۆ وەک مێتۆدێک لەکاتی کارکردن بەکار بێنی، دەبی تەنیا لەو حاڵەتانەی زۆر دەگمەن و تایبەتن، ئەگەرنا بەدوور نازانردێ خۆت بکەویتە خانەی موجریمەکان.

زۆر لەو کەیسانەی وەک: ڕەوانەکردنەوەی میسرییەکان، قیمەی خراپ لە دوکانەکانی ئیکا ماکسی و هەروەها فرۆشتنی فرۆکەی جاس گریپن، بە مێتۆدی زۆر خراپ و نارەوای کار ئاشکرا بوون.

کارکردن لەژێر ناونی تەزویر یان کەسی دیکە، وەک ئەوە وایە، کە تۆ دەتەوێ فێڵ لە خەڵک بکەیت. کارکردن لەگەڵ کامیرای شاراوە، دەکاتە ڕێزنەگرتن لە کەسی بەرامبەر و ئیهانەکردنی ئەو. لەگەڵ ئەوەش ئێمەی ڕۆژنامەنووسان هەندێکجار ناچارین هانا وەبەر ئەمجۆرە مێتۆدانە ببەین. بەکارهێنانی ئەم مێتۆدانە تەنیا دەبی لەوکاتانەبێ، کە ڕۆژنامەنووس ناتوانی و تەواوی ڕێگا ڕاستەکانی گرتۆتە بەر و هێچ ئەنجامێکی وەگیر نەکەتووە، بۆیە ئەم مێتۆدە توندە بەکار دێنی. ئەمجۆر مێتۆدانە بەناوی: (wallraffa) بەناوبانگن، کە ناوی ڕۆژنامەنووس و نووسەری ئەڵمانی Gunter Wallraff ەوە هاتووە. ئەم مێتۆدە زۆر ئێفێکتیڤە. لەوکاتەی نووسەری کتێبی: ڕۆژنامەگەری بەدواداچوون، لەگەڵ قوتابییێکی خۆی لە کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی یۆتۆبۆری، دەیویست بزانی ئایا شوقە بە ڕەش مامەڵەیان پێوە دەکرێ یان نا؟ لێرە قوتابییە کیژەکە گوایە دەیەوێ شوقە بە دانی بەرتیل بێسرە وەربگرێ و نیلس هانسۆنیش گوایە باوکییەتی و دەترسێ... بەیەک تەلەفۆن هەموو نهێنییەکانی بۆ ئاشکر بوو. دەربارەی چۆنێتی دانی بەرتیلەکەش، بە سێ قست دەیاندا. ل. ٢١٣

بێگومان ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە تەلەفۆنی بۆ نووسینەی عەقارات کردبا و ناوی خۆی بەتەواوی ئاشکرا کردبا بیگوتبا، کە ئەو ڕۆژنامەنووسە و دەیەوێ گوتارێک

لەسەر ئەم کەیسە بنووسێ، ئەم ئەنجامەی وەگیر نەدەکەوت و عەقاراتەکە نکۆڵی لەم ڕاستییە دەکرد.

ئەم شێوە مێتۆدە و ئاشکرا نەکردنی ناوی خۆت، زۆر جار پرسەکەت بۆ خێرا دەکات و تاکە مێتۆدیشە، کە ڕاستییەکانی پشت پەردەت بۆ ئاشکرا ببی.

**- تەلەفۆن بۆ شوێنی پێویست بکە و هیچ پێیان مەڵێ، کە تۆ ڕۆژنامەنووسی.**

زۆرجار هەندێک زانیاری و بەڵگەت دەستدەکەوێ، بە شێوە ئاشکراکەی قەت پێت نادەن یان بۆت ڕەوان ناکەن.

**- با کەسێکی دیکە لەجیاتی تۆ تەلەفۆن بکا.**

شێویەکی دیکەی فێڵ، بێ ئەوەی پێویست بکا بە درۆ بکا، ئەوەیە، کە تۆ داوا لە کەسێک بکەیت و لە جیاتی تۆ تەلەفۆنت بۆبکا. ل. ٢١٥

**کامیرای شاراوە بەکار بێنە**

فرۆشتنی قیمەی خراپ لە زنجیرە دوکانەکانی Ica Maxi ڕێگای کامیرای شاراوە ئاشکرا بوو. ئەگەر ڕۆژنامەنووسان ئەم مێتۆدانەیان بەکار نەهێنابا، بێگومان خاوە دوکانەکان نکۆڵییان لێیدەکرد. تیمی ڕۆژنامەنووسان وەک کڕیاری ئاسایی سەردانی دوکانیان کرد. ئەوان هەموو ئەو قیمانەی لەناو تەلاجە ئەو ڕۆژ داندرابوون، وێنەیان گرت، بۆ ڕۆژی دووەم جارێکی دیکە هاتنەوە و دیسان وێنەیان گرتەوە و ڕۆژنامەنووسان بۆیان دەرکەوت، چۆن هەمان قیمە بە مێژووی تازە و لەناو هەمان قاپ جارێکی دیکە، کلیستەرێکی تازەیان (پارچە کاغەزی نرخ) لەسەر نووسراوە و ڕۆژنامەنووسەکان ئەوەیان بۆ ئاشکرا بوو. لێرە وێنەکان ئاشکرایان کرد، کە فێڵ لە داتۆمەکە دەکەن، بەڵام ئەم وێنانەی ڕۆژنامەنووسان بەشی نەدەکرد و پێویستیان بە کەسێک بوو، لە پشتەوە کار بکات و لەکاتی گۆڕینی نایلۆنەکانی سەر قاپی گۆشت وێنە بگرێ. ئەمەیان لە ڕێگەی کەسێکی ناو دوکانەکە بە کامیرای شاراوە ئەنجام دا. لێرە بینەران دەیانتوانی بەچاوی خۆیان ببینن، چۆن کاغەزەکان تەزویر دەکەن. ئاشکربوونێکی زۆر گەورەبوو، بەڵام کەس باسی بەکارهێنانی مێتۆدی نهێنی بەکارهێنانی کامیرای نەکرد. ل. ٢١٧





بێگومان لە هەموو حالەتێک ڕۆژنامەنووس بۆی نییە، کامیرای نهێنی بەکار بێنی... بۆنموونە لە تەلەفزیۆنی نیشتمانی سویدی، دەبی ئەم هۆیانەی خوارەوە هەبن، تا ڕێگای بەکارهێنانی ئەم مێتۆدە هەبی...

- ئاشکراکردنێکە، کە جەماوەرێکی یەکجار زۆر دەیانەوێ بیزانن.
- تاکە ڕێگایە، کە نهێنییەکان ئاشکرا بکرێن.
- خاوەن کەیسەکان، دەبی ڕێگایان پێبدرێ لە دوای پەخشی بەرنامەکە بێن و بەرگری لە خۆیان بکەن.
- گرتە شاراوەکان لەگەڵ گرتە ئاشکراکان دەبی تەواوکەری یەکتر بن.
- دەبی ئەو مەتریالەی بە کامیرای نهێنی دەگیرێ، ڕەچاوی بایەخی جەماوەری بۆبکرێ و بە کەمترین شێوە زیان بە کەسەکەی لەناو فیلمەکە هەیە بگەینی. دەبی ئەو کەسەی بەنهێنی فیلمی گیراوە، ئاگادار بکرێتەوە و بەشێک لە گرتە نهێنییەکانی پیشان بدرێ. ل. ٢١٨-٢١٩

**تەکنیک**

زۆر لەوکامیرانەی بۆ گرتەی نهێنی بەکار دێن، کوالیتێی دەنگ و فیلمیان باش نییە، ڕوشدەدا، لەکاتی فیلمگرتن، کامیراکە دەوەستێ... لەکاتی گرتنی قیمە لەدوکانەکانی ئیکا ماکسی، لە گرتەیەک قیمە بەردەبێتەوە سەر زەوی و کارمەندەکان هەڵیدەگرنەوە، بەڵام ئەم گرتەیە باش دەرنەچووبوو... کامیرا لەوکات تێکچووبوو... بەڵام لەگەڵ کات، کۆمپانیاکان کامیرای بچووکتر دروست دەکەن، کوالیتێی دەنگ و فیلمیان باشترە... ل. ٢٢٤.

**تەئمین**

گرانترین و ناخۆشترین کات ئەوەیە، ئەگەر ڕۆژنامەنووس بە کامیرای نهێنییەوە بگیرێ... دەبی بەڕێوەبەرەکان پێشتر خۆ بۆ ئەم ئاشکرابوونانە ئامادە بکەن و بتوانن بەرگری لە کارمەندی خۆیان بکەن. نابی کەسی پەیامنێر بەتەنها بۆ

ئەمجۆرە کارانە بچێت و دەبی بەردەوام کارمەندێک لە نزیک ئەو هەبێت، بۆئەوەی لەکاتی پێویست بەهانایەوە بچێت. هەندێک جار ئەم گرتە ڤیدیۆیانە لەو شوێنەی دەگیرێن، دەنگیان هەندێک لە دوورەوەش دەبیسترێ و ئەگەر پێویست بکا، لەناکاو بۆ شوێنەکە دەچن و یارمەتی هاوپیشەکەیان دەدەن. دەکرێ کۆدێک لەنێویان خۆیان بەکار بێنن و ئەگەر ژیانی رۆژنامەنووس لەمەترسیدابێ، زوو تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەن...  یان دەکرێ بە کامیرای نهێنی کاتژمێر پیشانبدا و لەوکات تێدەگەن، کە ژیانی رۆژنامەنووس لەمەترسیدایە... ئەگەر ئاشکرابوویت، هیچ پێویست ناکا موناقەشە لەسەر کارە بکەیت و دەبی پێیان بڵێیت، کە پەیوەندی بە دەزگاکەتەوە بکەن. بۆیە قەت پیویست ناکا، بەتەنها و بەخۆت خەریکی ئەنجامدانی ئەمجۆرە کارانەبیت...

ل. ٢٢٦ – ٢٢٧.

**تێبینی**:

یەک وانە تاقیکردنەوەی دووەمان هەبوو

یەک وانە فیلمی دەکومێنتیم پیشاندان

یەک وانە رۆژنامەنووس (سەرتیپ جەوهەر) باسی لە ئەزموونی خۆیکرد

- ئەم کارەی من هیوادارم سوودی بۆ ئێوە هەبێت و لە داهاتوو بتوانن وەک کەتەلۆگێک بۆ کارکردنتان سوودی لێوەربگرن.

- بۆ بڵاوکردنەوەی چاپکردن نییە.

**پ.ی.د. مەغدید سەپان**

مامۆستا لە بەشی ڕاگەیاندن

کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین

هەولێر ٩ی مایسی ٢٠١٦